کۆمەڵەی
ئیخوان ئەلسەفا

فەلسەفە
مێژوو
ئەدەب

ئەبوبەکر شوان

هەولێر - ٢٠١٠

کۆمەڵەی
ئیخوان ئەلسەفا

فەلسەفە

مێژوو

ئەدەب

ئەبوبەکر شوان

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: ئیخوان سەفا

نووسەر: ئەبوبەکر شوان

پیتچنین: نووسەر

نەخشەسازی ناوەرۆك :ئەژین عبداللە

نەخشەسازی بەرگ: بەرزین قاسم

چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٩٠٤) ساڵی (٢٠١٠)ی پێی دراوە.

*** مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەن کتێبەکە**
*** ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە**
www.kurdchap.com

پێشکەشە بە:

- مامۆستایانی قوتابخانەی مرۆڤایەتی

- جەنابی باوکم

- عەزیز شوان–ی برام

- عەبدولسەلام–ی براو هاوڕێم

هەرگیز لە یادتان ناکەین

پێشەکی

لەیادمە ئەو ڕۆژانەی کە لە خزمەت جەنابی باوکم لە حوجرەی مزگەوتدا دادەبووم بەردەستی کاروبارەکانیم دەکرد، زۆر جار گوێم لە بزووتنەوەکانی ئیسلامی دەبوو، هەر خۆم بە خۆم دەگووت ئایا دەبێ لە نێو موسلماناندا بزووتنەوە بەرپابێ باشە یانی چی و لەبەرچی، لێ پاشان بۆم دەرکەوت ئەوەی کە من بۆی بە پەرۆشم و زۆر مەبەستمە ئەو کۆمەڵەیە کە بە (ئیخوان ئەلسەفا) ناوزەد دەکرا ، بۆیە زۆر حەزم دەکرد سەربووردەی ئەم کۆمەڵەیە یان ئەو بزووتنەوەیە بزانم، لەبەر چی لەسەر چی و لەکوێ سەری هەڵداوە.

بەهەر حال نەگەیشتمە ئەو بڕوایە ئەو کات بتوانم هەندێ لەو کانیاوە زاخاوی مێشکمی پێ ئاوبدەم، بۆیە لێرەو لەوێ هەوڵمدا بەهەر بارێك بێت خۆزگەی خۆم بگەینمە کەنارێك بە ئاسوودەیی تیادا بحەوێمەوە، ئەویش تەنها بۆ ئەوەی لەو ڕاستیانە نزیك ببمەوە کە جۆش و خرۆشی داوەتە هزری بە پەرۆشم.

گەڕان بە دوای ژێدەرو سەرچاوەکان هەر لە زووێکەوە دەستم پێکردووە بۆ ئەوەی بتوانم هەندێ کتێب کۆبکەمەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو ژانرەوەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو سەرچاوانەی کە بەرچەڤە کراونەتە سەر زمانی عەرەبی.

هەرچەندە ئەو کۆمەڵەیە یان ئەو بزووتنەوەیە لە نێو جەرگەی ئیسلامدا سەری هەڵداوە، بەلاّم نووسەران ئەو گرنگییەیان بەو جۆرە پێنە دابوو، کە خوێنەر بۆی بەپەرۆش بێت بەو پێیەی ئەم کۆمەڵەیە واتە (ئیخوان ئەلسەفا) بزووتنەوەیەکی فەلسەفی و ئایینی و ڕۆشنبیریە.. ئیدی تا ئەم ساڵانەی دوماهی نەبێتن کە چەندین نووسەری مێژووناس بەتایبەتی ئەوانەی ئیسماعیلی مەزهەبن واتە

دەگەڕێنەوە بۆ مەزهەبی (ئاینزای شیعە) لایان لێکردۆتەوە، چونکە ئەوانیش ئەو کۆمەڵەیەیان بە کۆمەڵەی خۆیان لە قەڵەم داوەودەدەن، کە گوایە ئەمانە واتە ئەوانەی بەم کارە هەڵساوون شیعە مەزهەبن، چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و نووسینیان بە وتاری دوورو درێژ لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیوە.هەربۆیەش بەش بەحاڵی خۆم پاش ماندووبونێکی زۆر توانیم چەندین سەرچاوەو ژێدەر لەسەر ئەم کۆمەڵەیە ئامادە بکەم کە باس لە ڕێبازو ئامانج و فەلسەفەی ئەو کۆمەڵەیە دەکات، ئەوەی راستی بێت خۆم پتر حەزم لەلایەنی ئەدەبیەکەی بوو، چونکە بەرچەڤەکانی ئەو کۆمەڵەیە گرنگی و بایەخی تەواویان بەو کتێبانە داوە کە عەقڵ دەفرۆشنە مرۆڤ و بە زمانحاڵی ئاژەڵانەوە دێنە گۆ، لێ بۆ ئەوەی کتێبەکەمان زێتر بە پێزو تێرو تەسەلتر بێت پەلمان بۆ زۆر لایەن هاویشتووە ، کە هێشتا خوێنەری کورد بە زمانی کوردی شیرین لەسەر ئەم بابەتەی بەرچاو نەکەوتووە، جێی ئاماژە پێکردنە زۆر سوودم لە کتێبەکەی د. فوئاد مەعسووم لەژێر نێوی اخوان الصفاء فلسفتهم وغاياتهم) وەرگرتووە، ئەمەش یەکەمین جارە بە زمانی کوردی دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەری ئازیز.

ئەبوبەکر شوان

هەولێر – حوزەیرانی – ٢٠٠٩

بەشی یەکەم

لە بەراییدا..

تێڕوانین لەسەر فەلسەفەدا، وا نەبێت هێندە سووک و ئاسان بێت و خەڵکی سڤیل و سادە بتوانن بەئاسانی چەمکی گشتی هەرس بکەن، بەڵکو قورسایی خۆی لەسەر بیرو هەستونەست و هزرمەندەکانیشدا هەیە، هەندێ لە ژانرەکان لە رووی ناوو ناوڕۆکەکەیدا لەوانەیە لەگەڵ عەقلیەتی مرۆڤ نەگونجێن، یاخود باشترە بڵێین مانا گشتیەکەی روون نییە، چارانەکانیش دێنێتە ئاستێك لە بەرامبەریدا دۆش دابمێنین، فەلسەفە بەگشتی بابەتێکە بۆ کەسی نارۆشنبیر ناشێت، تەنها بۆ ئەو فێرخوازانەیە کە خولیایەکی ئەوتۆ یان لەلا چەکەرە بووە بۆ خۆخزاندنە نێو ئەم بازنەیە، ئەم بازنەیەش بە بازنەیەکی داخراو لە قەلەم دەدرێت، دەربازبونیش لێ ی سووك و ئاسان نیە ، هەر بۆیەش فەلسەفە عەقڵیەتێکی مەزنی دەوێ بۆئەوەی لە چەمکەکانی بگەیت.

بیرمەندی ئینگلیزی (ریجاد هنز) لە دەستپێکی کتێبەکەیدا لە نێوان ئەدەب و فەلسەفە دەخاتە روو، کە دەڵێ : فەلسەفە پتر بیر لە ئەزموونەکان دەکاتەوە و راڤەیان دەکات، بەڵام ئەدەب ئەزموونەکان پراکتیزە و پێشکەش دەکات.

واتە: ئەوەی فەلسەفە بیری لێدەکاتەوە و شرۆڤەی دەکات ، ئەدەب دایدەهێنێ یاخود بنیادی دەکات، بۆیە فەلسەفە خۆی پرسیار دەکات و دەپرسێت : چی وا دەکات ئەزموونەکانی مرۆڤ بێنەدی؟.

کەچی ئەدەب بەبێ پرسیار کردن راستییەکان دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی فەلسەفە شرۆڤەیان بکات، وێڕای ئەوەی فەلسەفە و ئەدەب هەمیشە هاوکار بوونە لە پرۆسەی گوزارشتکردن لە ئەزموونی مرۆڤدا، بەڵام لێکنەگەیشتن و بەدحاڵیبوون، وای کرد لە یەکتری دابڕێن، ئەو هزرمەندە هۆی لێکنەگەیشتنە کە بۆ ئەوە دەگەڕێنیتەوە، کە فەلسەفە زێتر خۆی بۆ دیالیکتیك و گەڕان بە دوای ڕاستییەکان

تەرخان دەکات، بەلام ئەدەب پتر بە دوای داهێنان و دەستەواژەی ئیدیۆم و فۆرمەکان دادەگەرێ.

هەر کتێبێکی فەلسەفی بگری ئامانجەکەی داهێنانی ئەدەبێکی فەلسەفییە، واتە بەشێوەیەکی ئەدەبی نووسراون، لە هەمانکاتدا ماناو کرۆکیان بریتین لە گەران بە دوای راستیدا.

هەڵبەتە ئەدەب و فەلسەفە وەك دوو شێواز دەردەبرێن لە هەست و نەست و بیر و ئەزموونی مرۆڤ هەمیشە کاریان لە یەکتری کردووە، واتە هەردووکیان کاریگەریان لەسەر یەکدی هەیە، چونکە پرس و دۆزی هزرو ئستێکی هاوبەشیان هەیە، هەر بۆیەش لەم روانگەدا ئەو کۆمەڵەیە واتە (ئیخوان ئەلسەفا) بەهۆی ئەدەبە کەیانەوە خۆیان لە قەدو بالای فەلسەفە سواندووە.

دەروازە

پێش ئەوەی بچینە ناواخنی و کرۆکی مەبەستمان، با لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەم بزووتنەوەیە(کۆمەڵەیە) بکەین.

بەپێی هەندێ بیروڕاو هزری (ئیخوان ئەلسەفا) لە رووی رامیاری و کۆمەلآیەتی و پەروەردەیی و مێژوویی و ئەدەبی.... هتد، بخەینە ڕوو، هەروەها ئەو کات و ساتەی کە ئەم کۆمەڵەیە لێی هاتە کایەوە، ئەگەر بە دوورو درێژی باسی لێوەنەکەین، با بە چاوخشاندنێك چەندین زانیاری و بەڵگە ئاراستە بکەین، بۆئەوەی خوێنەری کورد زانیاریەکی تەواوی بەسەر ئەو کۆمەڵەوە هەبێت.

١- ژیانی رامیاری

پێش ئەوەی تورکەکان دەسەلآتی رەهایان لە سەردەمی عەباسیەکان هەبێت شانزە (١٦) جێنیش (خەلیفە) حوکمرانی دەوڵەتی عەباسیان کردووە، دەنگ و رەنگ و سامی خۆیان هەبووە، پاش کوژرانی خەلیفە (متەوەکل) لە ساڵی ٢٤٥ کۆچی بەرامبەر ساڵی ٨٦٩ ی زاینی زەنگێکی ترسناك بوو، بۆ هاتنە پێشەوەی سەرکردەکانی سوپای تورك، تا ئەو کاتەی (بویهییەکان) جڵەوی دەسەلآتیان گرتە دەست.

ئەو شانزە خەلیفەیەی عەباسی تەنها چواریان به مردنی خۆیان کۆچی دواییان کردووە، ئەوانی تر یان لابران یان کوژران هەندێکیشی تەنها بۆ ماوەی یەك (١) رۆژ حوکمڕانیان کرد و کوژران لەوانەش (ئیبن ئەلموعتەز) دەوڵەتی عەباسی تا دەهات بێهێزو لاواز دەبوو، دەسەلآت بەزۆری لە دەست سەرکردەکانی تورك بوو، دەستیان کرد بە کوشتن و بڕین و وەرگرتنی بەرتیل و خواردنی سامان و دابەشکردنی زەوی و زاری بیناکردن و کرینی کۆشك و تەلار و دەست بەسەر داگرتنی خەزینەی دەوڵەت و خەلیفەکانیش بە خواردن و خواردنەوەی مەی و سەفاکاریی بەزم و شەوانی سوور خۆیان خەریك کردبوو، بەهیچ شێوەیەك

ئاگاداری کاروباری دەوڵەت نەبوون ئەمەش بووە هۆی ئەوی بارودۆخەکە زیاتر نائارام بێت، کەشێکی گونجاویش بوو بۆ سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی (ئیخوان ئەلسەفا).

پارچەپارچە بوونی دەوڵەتی ئیسلامی

گرژو ئاڵۆزی و نائارامی دەوڵەتی عەباسی بووە هۆیەك بۆ دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی تر لەوانە:

١- دەوڵەتی (ئەمەوی) لە ئەندەلووس لەلایەن سەقەر ئەلقوریەش (عەبدلرەحمان ئەلداخل) لە ساڵی ١٣٨ كۆچی تا ٤٩٧ كۆچی بەرامبەر ٧٠٥ زاینی تا ١٠٠٥ زاینی.

٢- دەوڵەتی (ئەلحەمدانیە) لە حەلەبی شام (سوریا)ی ئێستا.

٣- دەوڵەتی (فاتیحی) لە مەغریب لەلایەن (عەبدوڵلا ئەلمەهدی) لەساڵی ٣٥٨ی كۆچی.

٤- دەوڵەتی (ئەلئەخشیدیبە) لەمیسر لە ساڵی ٣٢٣ كۆچی دا.

٥- قرامیتیەكان (عومان و بەحرین و یەمامە و بەسرایان) داگیر كرد.

٦- ئالبویە (حوكمی فارس و ئەهواز و چیاكانیان) دەكرد.

٧- ئالسبەكبیتكن (هیندستان و ئەفغانستان) یان كەوتە دەست.

٨- ئیمارەتی (حەسنەوی كوردی) لە كوردستان دا دروست بوو.

جێی ئاماژە پێكردنە دەوڵەتی عەباسی پێنج سەدو بیست و چوار ساڵی خایاند، واتە شەش سەدو پەنجاوشەش (٦٥٦)ی كۆچی بەرامبەر هەزارو دووسەدو پەنجاو هەشت (١٢٥٨) زاینی دوایین خەلیفەی عەباسیەكانیش (ئەلموستەعسیم) بوو.

٢- ژیانی كۆمەڵایەتی

لەم رووەوە باس لە هەندێ لایەن و دیاردەی نوێ دەكەین كە هەندێكیان لە ناو ئیسلامدا نامۆ بوون، لەوانە:ركابەری رێباز و ئایینزا (مەزهەب) و نەتەوەیی و ئاكارو رەفتاری تازە دەتوانین بڵێین ركابەری مەزهەبی هەر لە سەردەمی حوكمی ئیمامی عەلی (رەزای خوای لێبێت) سەری هەڵدا بەوەی خەواریجەكان رازی نەبوون بە ناوبژیوانی كردنی ئەو شەڕوشۆڕانەی كە لە نێوان ئیمامی عەلی و ئیمامی معاویە (رەزای خوایان لەسەر بێت) روویدا، لایەنگرانی ئیمامی عەلی (ر.خ)

پێیان دەگوترا (شیعە) هەر لەو سەردەمەدا دەوڵەتی ئیسلامی تا دەهات فراوانتر دەبوو گەشەی دەسەند، ئەو گەل و نەتەوانەی کە دەهاتنە ژێر چەترو سێبەری ئیسلام بێگومان خاوەن بیرو هۆش و ژینگەو رۆشنبیری خۆیان بوون و تێکەڵ بە تیم و مەزهەبەکانی ئەو سەردەمە دەبوون، وەنەبێ تەنها رەگەزی عەرەبی و فارسی بەڵکو رەگەزی تورکیش هاتنە ژێر ئەو ئاڵایە، تێکەڵبوونی هێندە نەتەوە بە کوردوعەرەب و فارس و تورك لەیەك ئایندا، بووە هۆی شڵەژانی دەوڵەتی عەباسی.

رکابەری مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە زۆر جار شەڕو شۆڕو ئاژاوەی لێ دەوکەتەوە، کە دەبووە هۆی کوژرانی خەڵكو و سووتانی سەروەتو سامانێکی لە رادەبەدەر، هەرچەندە ئەو سەردەمە نەزعەی نەتەوایەتی و نەتەوە پەرستی زۆر باو نەبوو، لێ لەگەڵ هەندێش دا لە ملاو ئەولادا شەڕوپێکدادان بەرپادەبوو لەسەر کوردبوون، فارسە یان تورکەو شتی تریش.

ئەمەیان بووە هۆکارێك بۆ تێکچوون و سەقامگیرنەبوونی ئاسایش و رەفتارو کاری نابەجێ لەلایەن موسڵمانەکانەوە بەدی دەکران و بەدزی لەیەکتری کردن و خواردنی سامان و هەڵکوتانە سەر ماڵ و موڵکی یەکتری.

تورکەکان هێندە رۆشنبیر نەبوون هیچ زانستێکیان نەدەزانی، شارستانیەت لە فەرهەنگی ئەواندا هەر بەدی نەدەکرا هەربۆیەش (ئەلجاحز) ناوینان : ئەعراب ئەلعەجەم، عەرەبەکان شانازیان بە زمان و مێژووی خۆیان دەکرد بەوەی پێغەمبەر محەمەد (د. خ) لەوانەو ئیسلامیش لەلای ئەوانەوە دروست بووە و کتێبی پیرۆزی (قورئان) بە زمانی ئەوانەوە بە عەرەبی هاتۆتە خوارەوە.

تورك شانازیان بە دلرەقی و پتەوی جەستەی خۆیان دەکرد، خۆیان بە پاسەوانی (سوننەکان) لە رووی هەر پیلانێکی شیعەو فورس دادەنا.

ئاژاوەیەکی بەرچاوو روون لە ئاکامی پەیمان شکاندنی یەکتریدا بەرپابوو، ئیدی ئەوەبوو بەرتیلیان وەردەگرت و ڕاورووت و دزی و فزیو دزیکاری بە رۆژی رووناك

دەکران، ئەوسا (دادگا) هیچ.رۆڵێکی نەبوو تەنهاو تەنها پارە وەرگرتن و مشەخۆری نەبێت.

یانی لەم میانەدا دەسەڵات تەنها بەدەست تورکەوە بوو، هیچ یاساو رێساو پێوەرێك نەبوون، دامەزراندن و لادانی فەرمانبەرو کارمەندانی حکومەت هەر تەنیا خۆیان بوون و بە پارە وەرگرتن و رەشوەت خواردن دەتوانرا باشترین وەزیفە وەدەستبهێنن، پیاوی شیاو لە شوێنی شیاو لە فەرهەنگدا جێگای نەبوو، یانی گەندەڵیەکی ئەوتۆ هەبوو منداڵانیش هەستیان پێکردبوو.

٣- ژیانی رۆشنبیری

هەرچەندە باری رامیاری و کۆمەڵایەتی لەم سەردەمەدا بەرەو خراپی و ناهەمواری هەنگاوی دەنا، بەلاّم لەگەڵ هەندێش دا زانستەکان بە هەموو جۆرێکیانەوە پێشکەوتنیان بەخۆوە دەبینی دەتوانین بڵێین هەروەکو مێژووناسان باسی لێوە دەکەن بە (چەرخی زێڕین) ناوبانگی دەرکردبوو، تێکەڵاوبوونی رۆشنبیری یۆنانی و هیندی و فارسی و سریانی بە رۆشنبیری ئیسلامی بووە هۆی داگیرسان و بەرپابوونی مەشخەڵی رۆشنفکری گشتی بەهزرو بیروڕایەکی سەردەمیانە گەلێ زاناو روونـاکبیری بەناوبانگی لێ هاتەکایەوە، کە راستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ئەدەب و فەلسەفەو لایەنەکانی ژیانەوە هەبوو، بۆ نموونە:

زانستی زمانی عەرەبی: زجاج، ئیبن جنی، ئەلسەعالبی، ئەلخوارزمی، ئەبو عەلی فارسي، ئیبن هلال ئەلسابی، ئەلهەمەدانی،..تد.

شیعرو هۆنراوە: ئەلموتەنەبی، ئەلمعەری، ئەلوەزی، ئەلسنوبەری.

لەرەوانبێژیدا: ئیمام ئەلئەشعەری.

مێژووی ئەدەب: ئەبوفەرەج ئەلئەسفەهانی.

رەخنەی ئەدەب: قودامە، ئیبن تەباتەبائی.

سۆفیگەرێتی: ئەلحەلاج.

لەفەلسەفەدا: ئەلفارابی کە بە باوکی راستەقینەی فەلسەفەی ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێت و کۆمەڵەی (ئیخوان ئەلسەفا)ش خۆی خزاندە نێو ئەو بازنەیە.

هەردەم لەم سەردەمەدا بەرچەڤەکردن (ترجمة) گەشەی سەندو بووە هۆی گۆڕینی زۆر لە زانستەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی (خوێندەوار و فەقێ و مەلاکان ((عەرەب)) زۆر سوودیان لەم کتێبانەوە وەرگرت، کە بەرچەڤەکرابوون بۆ سەر زمانی عەرەبی، چونکە زۆربەی زۆری عەرەبەکان نەخوێندەوار بوون، بەوەش بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری بەرچاو سەری هەڵدا، زانستەکان بە شێوەیەکی عیلمی و تۆکمە پۆلین کران و کەوتنە سەر رێچکەیەکی نوێ.

سیستەمی کۆمەڵەکە

پلەوپایە: لە نێو کۆمەڵەی (ئیخوان ئەلسەفا)دا تەمەن رۆڵێکی بالای دەگێڕا، هەر بارودۆخێك لە ژیانی تەمەنی مرۆڤدا، توانا و خاسییەتەکانی تایبەت بە خۆی هەبوو، بۆیە پێویست بوو، هەر کەسێك بۆناو (ئیخوان) لە بەراییدا لە پرۆگرامەکاندا هەنگاوەکانی (کلاس) ببڕێت.

پلەی یەکەم: تایبەت بوو بەو ئەندامانەی کەتازە دەهاتنە نێو ئەم کۆمەڵەیە ، کە تەمەنیان لە نێوان ١٦ شانزە تا ٣٠ سی ساڵی بوون پێیان دەوترا (برایانی میهرەبان) فێری زانیاریە بەراییەکان دەکران، چونکە لەو تەمەنەدا دەروونپاکن، بیرتیژو سادەو ساکارن، زۆربەی پەیامەکانیش ئاراستەی ئەو ئەندامانە دەکران.

پلەی دووەم: تایبەت بوو بەو ئەندامانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٣٠ تا ٤٠ ساڵی دا بوون پێیان دەوترا (برایانی هەڵبژاردەو خێرمەند) ئەو ئەندامانەی دەگرتە خۆ کەلە سیاسەتدا نزیك بوون ، فێری فەلسەفەش دەکران، ئەو پایەیە سەرپەرشتی پایەی یەکەمی (برایانی میهرەبان) دەکرد، یان ئەو کەسانەی کە خۆیان بە لایەنگرانی ئەم کۆمەڵە دەزانی.

پلەی سێیەم: ئەو ئەندامانەی دەگرتە خۆوە، کە تەمەنیان لە ٤٠ تا ٥٠ ساڵی دا بوون پێیان دەگووترا (برایانی بەڕێزو پیاو ماقوڵ) ئەم پایەیە خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆیان بوون‌و گیروگرفت و کێشەکانیان چارەسەر دەکرد بەتایبەتی ئەو کێشەو گیروگرفتانەی لە میانەی (برایانی کۆمەڵ) سەری هەڵداباو یان بەهۆیانەوە روویدابایە، چارەسەرکردنەکەش تەنها بە گوفتاری خۆش و بەقسەی نەرم ونیان و لەسەرخۆ و مەشرەبخۆشانە دەکرا و دوور لەهەموو توندو تیژیەك .هەر ئەم پایەیەکیش دەسەلاتی لادان و دانانی لێپرسراوانی ئوستان و لق و دەڤەرەکانی هەبوو.

پلەی چوارەم: تایبەت بوو بەو ئەندامانەی لە ٥٠ ساڵیدا تێپەڕیان نەدابوو، پێیان دەگوترا حوکەما (چازان) (حەق) خواز بوون، ئەم پایەیە بە بەرزترین پایە لەناو ئیخوان ئەلسەفادا لەقەڵەم دەدرا، هەر ئەندامێك بگەیشتایە ئەو پایەیە دەبوو بە – گەیشتوو (ئەلواسلین) بەپێی سیستەمی (سۆفیگەرییانە)و بە ترۆپکی کۆمەڵەکە دا دەناسرا.

(ماکدۆنالد) کە مێژوونووسێکی رۆژئاواییەو لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەلی لەسەر ئەم کۆمەڵەیە ئەنجام داوە ئەم چوار پایەیەی کە لە سەرەوە دا باسمان لێوە کردن بەم جۆرە پۆلینی کردوون:

١– موریدیان فێرخواز.

٢– مامۆستایان.

٣– سەرکردەو رابەر.

٤– گەیشتووان (ئەلواسیلین) یانی ئەوانەی کە لەخواوەندی میهرەبانەوە نزیکن.

ئەو کۆمەڵەیە زۆر بە گرنگی بایەخی بە لاو و گەنج دەدا، هەربۆیەش بەزۆری بانگەوازو بانگهێشتی جحێڵانیان دەکرد بۆ ئەوەی بێنە ناو کۆمەڵەکەو سوود لە تواناو کارامەییان وەربگرن، پێیان وابوو ئەم توێژە لاپەڕەیەکی سپی و بێگەردەو هیچی لەسەر تۆمار نەکراوە، هەموو شتێ قبوڵ دەکەن واتە وەرگرتنی ئەو توێژە

لەلایەن ئەو کۆمەڵەیەوە سەرکەوتنێکی گەورەیەو ئەو کۆمەڵە بەهۆی ئەوانەوە پێشدەکەوێت:

لەهەمان کاتیشدا پیرەکانیان پەراوێزکردبوون، لە یەکێك لە پەیامەکاندا هاتووە:

ئەی برا، خۆت بە پیرانەوە خەریك مەکە، چونکە ئەمانە هەر لە منداڵیەوە بیری خراپ و رەفتاری بۆگەنیویان وەرگرتووە، بە دواتادەکەون، بەلآم رێك نابن، گەر رێکیش بن ئەوا هەرگیز دەرناکەون گەنجەکان بانگێشت بکە ئەوانەی تەندروستن و دەروونیان پاکەو ئەوانەی ئارەزوو و خوازیاری ئاداب و نەرێتی بە جێ دەکەن، ئەوانەی هێشتا بەراییین لە زانستدا .ئەو کۆمەڵەیە (داتا) یەکیان هەبوو پەیڕەویان دەکرد ئەویش (خوای گەورە هیچ پەیامبەرێکی نەناردووە گەر گەنج نەبێت) خوای دلۆڤان ستایشی گەنجانی کردووە بەوەی کە دەفەرمووێ ﴿إنهم فتية آمنوا بربهم وزدناهم هدى﴾ یان دەفەرمووێ ﴿قالوا سمعنا فتى يذكرهم يقال له ابراهيم﴾ یان کە باس لە حەزرەتی موسا (د.خ) دەکا دەفەرمووێ ﴿وإذ قال موسى لفتاه﴾.

ئەو کۆمەڵەیە دەیانگووت ئێمە گروپێکین هەمیشە لە هەموو چین و توێژێك ئەندامان هەیە لە هیچ شتێ باکمان نییە، هەروەها شانەی تایبەتیان هەبوو، لە سات و کاتی دیاریکراودا کۆڕو کۆبەندییان دەبەست و باسی زانستەکانی خۆیان دەکرد لە نهێنییەکانی خۆیان دەدوان هەر (شانەیەك):

١- دوانزە رۆژ جارێك کۆبونەوەی خۆی ساز دەدا.

٢- لە شوێنێکی هێمن و ئارام دادەنیشتن.

٣- دانیشتنەکان دوور لە چاوی چاودێرو سیخورەکان دەبەستران.

٤- ئامادەبوون پێویستە و نابێ لە کۆبوونەوەکاندا دوابکەون، تەنها ئەگەر بارودۆخ نالەبار بێ.

سەرۆکی شانە لە کۆبوونەوەکاندا دەقی پەیامەکانی بۆ ئەندامانی دەخوێندەوە ڕاڤەو شرۆڤەی دەکردن پابەندبوون بە ناوەڕۆکی مەرجی سەرەکی بوو، لە

ئەنجامی ئەزموون و چالاکی و تاقیکردنەوەکان ئەندامێك هەڵدەبژێردرا بۆئەوەی بەرپرسیاریەتی وەربگرێ و کاروباری کۆمەڵەکە هەڵسورێنێ:

مەرجەکانی بوون بە بەرپرس:

١- رەفتاری باش.

٢- کرداری باش.

٣- نەرم و نیان.

٤- مەشرەبخۆش.

٥- خواردن وخواردنەوەی سادەو ساکار بێت.

٦- هاورێیەتی خەڵکی بەدەگمەن بێت.

٧-ماڵی لە چاوی پیاوانی حوکومەتەوە دووربێت.

بەشی دووەم

ئیخوان ئەلسەفا چییە و چۆن سەری هەڵدا؟

بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارە دوو ئامانجمان لە پێشە:

یەکەم: زانین و ناسینی ئەندامانی ئەم بزوتنەوەیە.

دووەم: زانینی ناوی دانەرانی نامە (پەیام)ەکان لە ناو ئەم کۆمەڵەیە یان ئەم بزووتنەوەیە.

دەربارەی خاڵی یەکەم خۆمان لە پێش دەروازەیەکی داخراو دەبینین، چونکە ئەم کۆمەڵەیە (بزووتنەوەیە) کۆمەڵێکی نهێنی، نهێنی پارێزە بە تایبەتیش چەندین چەرخ بەر لە ئێستادا بووە، وادیارە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە هەروەکو لە نامەو پەیامەکانیاندا هاتووەو بەرچاو دەکەون زۆرن و کەسانێکن لە هەموو چین و توێژێکدا هەن: شازادە، بەگزادە، گزیر، وەزیر، سوپاسالار، شالیار، بازرگان، سوختەو و فەقێ، پالە، جوتیار، فەرمانبەری حکومی پایە بەرز،..تد.

بۆیە ژمارەی ئەندامانی دیار نییە، بەلآم مێژوونووسی (هیندی) خودا بەخشی دەڵێ : کۆمەڵەکە لە چل.

(٤٠) ئەندام پێکهاتووە، ئەو رایەش هاوشانە لەگەڵ رای ئەکادیمیای فەرەنسی کە ژمارەی ئەندامانی چل بێت، بەڵام روونکراوەتەوە ئایا ئەم ئەندامانە ژمارەی دەستەی دامەزرێنەرن یان دەستەی لێژنەی باڵان.

نووسەرانی پەیامەکان

بەم دواییەدا چەندین لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ سەبارەت بەو بابەتە کراوە لەلایەن مێژوونووس و نووسەرو ئەدەبیانەوە جا چ بیانی بێت، یان فارس یان هیندی، یان عەرەب، لەوانەش دکتۆر فوئاد مەعسووم لە کتێبی (ئیخوان ئەلسەفا، فەلسەفە و

مەبەستیان) دا کەبە چاپی گەیاندووە دەڵێ : هەندێك بە بێشبینی خۆیان وای بۆ دەچن کە لەلایەن ئیمامەکانی ئەوانەوە نووسرابنەوە، کە بە رەچەڵەك دەگەنەوە بە ئیمامی عەلی (ر. خ)، هەندێکیش دەڵێن: ئەو پەیامانە ئی سەردەمی (موعتەزیلەکان)ە، بەلام ئیسماعیلییەکان دەڵێن : نووسراوەکان مەبەستیان (پەیامەکان) لەلایەن ئیمامەکانی ئەوانەوە نووسراوەتەوە هەر بۆیەش عارف تامر کە نووسەرێکی ئیسماعیلییە لە میسر کۆمەڵە پەیامێکی کۆکردۆتەوە بە نێوی (هەقیقەتی ئیخوان ئەلسەفا) بۆئەوەی بیسەلمێنی، کە ئەو نوسراوانە نووسراوی ئیسماعیلییەکانە، نووسەرێکی تر بە نێوی مستەفا غالب، کە ئەمەشیان هەر ئیسماعیلییە ئاماژەی بەوە داوە کە پەیامەکان لەلایەن ئیمامەکانی ئەوانەوە نووسرابنەوە.

هەندێکیش دەڵێن: لەوانەیە ئەو پەیامانە لەلایەن (زەید بن رەفاعە) نووسرابنەوە.

عارف تامر: لە کتێبی (هەقیقەتی ئیخوان ئەلسەفا) دا دەڵێ چوار (٤) ئیمام ئەم نامەیان نووسیوەتەوە، کە ئەمانەن:

١- عەبدوڵلا بن سەعید.

٢- عەبدوڵلا بن حەمەدان.

٣- عەبدوڵلا بن میموون.

٤- عەبدوڵلا بن ئەلمبارەك.

شەهرەزووری لە کتێبی (نزهة الارواح) دا: ناوی زۆرلەو نووسەرانەی هێناون کە پەیامەکانیان نووسیوەتەوە، هەر بۆیەش (ئەبو حەیان ئەلتەوحیدی) هەندێ لەو زانایانەی راسپاردووە بۆ نووسینەوە، دەڵێ: ئەبوعەبدوڵڵا ئەلسەعدان، کە ئەو کات وەزیر بووە هەندێ لە زاناکانی راسپاردووە بۆ نووسینەوەی پەیامەکانە کە بریتی بوون لە:

١- ئیبن زەرعە کە لە ساڵی ٣٣١کۆچی بەرامبەر ساڵی ٩٤٢زایینی تاساڵی ٣٩٢ کۆچی / ساڵی ١٠٠٣ زایینی ژیاوە.

٢- مەسکەوی ئەلرازی لەساڵی ٤٢١کۆچی/١٠٢٩زایینی مردووە.

٣- ئەبوئەلوەفا ئەلبوزجانی.

٤- ئەبی ئەلقاسم ئەلئەهوازی.

٥- ئەبی سەعید بەهرام.

٦- شاهۆیی.

٧- ئیبن حەجاجی شاعیر.

٨- ئیبن بەکر.

٩- شوەخ ئەلشیعی کە لە ساڵی ٣٩٢ دواکۆچی کردووە.

١٠- ئیبن عەبید ئەلکاتب.

گۆتەو نووسینەکانیان کۆکراونەتەوە پاشان بەگوێرەی پسپۆری و زانستییانە پۆلێن کراون، کە ئیخوان ئەلسەفا ئاماژەیان پێدەدات.

ئامانج لە نووسینەوەی پەیامەکان

جەلال ئەلهەمەدانی دەڵێ: ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە خۆی لە دوو (٢) رووەوە دەنوێنی.

یەکەمیان: پاککردنەوەی ئایین لەرێگای بەستنەوەی بە فەلسەفەدا.

دووەمیان: پێدانی راستیەکانی فەلسەفەی بنەڕەتە، بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانە دێتەدی.

مەحموودئیسماعیل لەکتێبی (نهایة اسطورة) دا دەڵێ : ئەو کۆمەڵەیە بۆخۆ دەربازکردنە لە ئایینزایی (مەزهەبی) سوننەگەری ئەشعەری ، بیریان لە شێوازێکی رۆشنفکری تازەکردەوە بۆئەوەی بتوانن بەو جۆرە رووبەڕووی ببنەوە و ئەویش بەهۆی کۆمەڵێك لە زانایانی هەڵبژاردەی دانسقە بەرێگای بانگەوازی

نهێنی بۆ نێو ئەو کۆمەڵەیە، بەڵام (ئیخوان ئەلسەفا) لە پەیامی چوارەمدا هەروەکودکتۆر فوئاد مەعسوومیش ئامـاژەی پێـداون دەڵـێن: ئامـانج لـە نووسینەوەی پەیامەکان ئەمانەن:
١- لادانی خەلیفەکانی عەباسی لە ڕێچکەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەتایبەتی خەلیفە (مەئموون).
٢- دەستیشانکردنی گرفت و کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەری و چاکسازی لە فەرمانگەو بیرو هزری فەلەکدا.
٣- وەلآمدانەوەی ئەو کەسانە بوو، کە بانگەشەی فەلسەفەی یۆنانیان دەکرد لە بری (فەلسەفەی ئیسلامدا) تایبەت بە میتۆدو پرۆگرامی ئەوسا.
٤- جێگرتنەوەی دەسەلآت لە کەسانی گەندەڵ.

پەیامەکان بانگەوازێك بوون بۆیەکسانی و هەڵوەشاندنەوەی پردی نێوان فەلسەفەی ئیسلامی و یۆنانی، لە یەکێك لە پەیامەکاندا هاتووە کە پێغەمبەر (د.خ) بە شانازییەوە دەفەرمووی (من ئەرستۆتالیسی ئەم میللەتەم).

لەپەیامەکانی ئیخواندا زۆردەق هەن باس لەڕووداوەکانی چەرخی چوارەمی کۆچی دەکەن، بەتایبەتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە رووی زانستییەوە بەخۆوەی بینیوە وەك: ئەستێرەناسی، بیرکاریی، فەلەك، هەسارەکان و گەردوون، کە بە عەقڵییەتی عەرەب نامۆبوون، هەروەها تەرجەمە کردنی چەندین کتێبی (فارسی و هیندی) بەتایبەت نووسراوەکانی (تاغوور ، بەیدەبا)و کتێبە کۆنەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە بە زمانی ئاژەڵان دەدوان، زۆربەیان بەسەرهات و سەربردەو چیرۆك و حیکایەتی بە پێزو بەهێز و بەزمانێکی ئەدەبی رەوان دەنووسرانەوە، عەقڵیان (مەبەست لێرەدا ئامانجە) ئاراستەی عەقڵی تاکی عەرەبی و ئیسلامی بوو.

ئەمە لەلایەك و لە لایەکی دیکەدا ئەبی ئەلحیان تەوحیدی لە کتێبی (ئەلئەمتاع و ئەلموئانەسە) دا دەڵێ: دەستەی باڵای ئەم کۆمەڵەیە هەرچەندە نهێنی بوون، بەڵام لە چەند ئەندامێك پێکهاتبوون وەك : زەید بن رەفاعە، ئەلزەنجانی،

عـەوەقی، ئەبوئەحمـەد ئـەلمیهرەجانی، ئەبوسلێمان ئەلبەستی (ئەلمەقدەسی) ئیبن ئەلمقەفەع لە کتێبی (کلیلە و دمنە)دا باس لەچیرۆکی کۆترێك دەکاو دەڵـێ: کۆترەکە داوای لە مشکەکە کرد تۆڕی (تەڵەی) هاوڕێکانی پـێش داوی تەڵـەی ئـەو بقرتێنی، بۆئـەوەی ئـەوان زووتـر رزگاریـان ببێـت، رزگـابوونی ئـەوان رزگـاربوونی ئـەوە، یـانی خۆبـەخت کردنــە لــەپێناو بەرژەونـدی گـشتی لەهــەره سـیفەتە بەرزەکەکانی مرۆڤە، هەروەها کە بزانرێت تواناو هێز بە گەورەو بچووکی نییە.

تەها حوسەین، کە نووسەرێکی میسری بەناوبانگە دەڵـێ، زۆبـەی لێکۆڵـەرەوان ئەوانەی لەمەڕ ئەم بابەتە نووسیویانە دەڵـێن: رۆژگـاری ئـەم کۆمەڵەیـە یـان ئـەم بزووتنەوەیە ئەدەبییە بۆ چەرخی چوارەمی کۆچی دەگەڕێتـەوە هـەروەکو پێشتر ئاماژەم پێدا.

لەپەیامی (مرۆڤ و ئاژەڵدا)دا بە شێوەیەك رەخنە ئامێزی بە پێز ئەمە ئاراستەی مـرۆڤ دەکـا، دەڵـێ: ئـەوا خەلیفـەکانتان ئەگـەر دەسـەڵاتی دابەیـەکێ ئـەوا ئـەو دەسەڵاتدارە دەست دەکات بە (بگرەو بکوژە) لە براکانی، مامەکان، خزمەکانی، ئەوانەی لێوەی نزیکن، لەوانەشە چاویان دەربینێ و کوێریان بکات (یەکەم خەلیفە لە خەلیفە عەباسی کە چاویان دەرهێناو کوێریان کرد (القاهر) بوو.

ژیری وەنەبێ تەنها بە رووخسارو پۆشاك و جل و بەرگ بێت، بەڵکو بە توانایی و کارامـەیی و هۆشمەندییـەوە دەبێـت، هـەر بـۆ نموونـە لـە پـەیامی (٢٢)ی ئـەو کۆمەڵەیـەدا (ئیخـوان ئەلـسەفا)دا هـاتووە کـە دەڵـێ: رۆژێکیـان فەرمانبـەرێکی پایەبـەرزی حکـومی چـەند کەسـێك داوەت دەکـات لـە نێوانیانـدا کابرایـەکی رەشـوڕووت و نـابوت و هـەژاری تیـابوو، دەسـەڵاتدارەکە رێـزو حورمـەتێکی زۆری لێنـاو ئامـادەبووان بـەم هەڵوێـستەی نیگـەران و قـەرس بـوون ئـەویش (دەسەڵاتدارە)کە، وتی: دەزانم ئێستا هەمووتان دڵتان تەنگە، بـەڵام بـاوەڕ بکـەن ئـەو پیـاوە پیـاوێکی بـەهرەدارەو داهێنـانێکی ئـەوتۆی داهێنـاوە، نەیبیستومەونەبینیومە، هەر لەو کاتەدا کابرای بەهرەدار و بەهرەمەند دەهۆڵەکەی

دەردێنیّ و بە نزمی دەیکوتیّ، ئامادەبووان هەر هەموویان دەکەنە قاقای پێکەنین، بە نزمێکی تر دەیکوتیّ ئەمجارەیان هەر هەموویان دەگرییێنیّ، دیسانەکە بە نزمێکی تر دەهۆڵەکە دەکوتیّ، بەڵام ئەوجارە هەرهەموویان دەکەونە پەرخەی خەوەوە، ئیدی کە لە خەو رادەبن کابرای دەهۆڵ ژەن لەویّ نەماوە(ئەبشیهی لە کتێبی ((المستطرف في كل فن المستظرف)) دا دەڵیّ: ئەو هونەرمەندە فارابی بووە).

لەم راڤە کردنەدا بۆمان دەردەکەویّ: لەم چەرخەدا خەڵکانی بەهرەمەند، هەمیشە خەریکی ئەفراندن و داهێنان بوون بەهەر جۆرێك بوایە خۆیان دەخزاندە نێو ئەو لێشاوەیە جا بۆ ناو دەرهێنان و دەرکردن بوایە یان وەرگرتنی پارەو سامان بۆ باشکردنی گوزەرانیان یا ئەوەتا بۆ مەدح و ستایش‌و پیا هەڵدان بووایە.

پەیامەکان

پەیامەکان فەرهەنگێکی یەکجار گەورەو بەرفراوانن‌و هەموو زانستێك لەخۆوە دەگرن و لە هەموو هونەرێکدا دەدوێن و پڕن لە شتی سەیرو سەمەرە (لەشی مرۆڤ، ئاژەڵ، سرووشت، فەلسەفە، دەروونی، ئایینی، ئەدەبی، پەروەردە،..تد).

پەیامەکان یان (نامەکان) لەسەر چوار کۆمەڵەدا دابەشکراون، کە ئەمانەن:

کۆمەڵەی یەکەم:

١- ژمێرە (چەندییەتی، چییەتی).

٢- ئەندازە(چەندییَتی جۆرەکانی، چیەتی بابەتەکان).

٣- ئەستێرەو هەسارەکان.

٤- رێژەی ژمێرەو ئەندازە.

٥- کارەکانی زانستی و پیشەیی.

٦- موزیك (ئاوازو ریتم و ئیقاع).

٧- کارەکانی زانستی تیۆریی.

٨- جوگرافیا (وێنەی زەوی، نەخشەی هەرێمەکان).

٩- جیاوازی لە ئاکامەکاندا.

١٠- فەلسەفە و لۆژیك (ئیساکۆچی).

١١- رەگەزی بێژەر (کاتی گۆریاسی).

١٢- قسەو دەستەواژەو دەرخستنیان(یاریمایناس).

١٣- پێوەر(ئەنالۆتیکا).

١٤- بەلگەو سەلماندن (ئەنالۆتیکا)ی دووەم.

کۆمەڵەی دووەم:

سرووشتیەکان، کە ژمارەیان ١٧ حەقدە پەیامە:

١- کات و شوێن- بوون (وجود) لە (بەستنی قەوارە).

٢- ئاسمان و جیهان و بۆشایی ئاسمان (جووڵەی گەردوون و هەسارەکان).

٣- گەردوون (ئاگر، ئاو، هەوا، خاك).

٤- پاشماوەی بەرزایی و پێکهاتەکانی باو هەوا، گەرم و سارد، رووبار، دەریا، زەریا، رووناك و تاریك، هەور، ئاورینگ، باران،...تد.).

٥- چۆنیەتی دروستبوونی کانزاکان.

٦- سرووشت و رەفتارەکان و چۆنیەتی کارەکانیان.

٧- رەگەزی دارودرەخت (شێوە، تام، بۆن، ڕەنگ).

٨- جۆرەکانی ئاژەڵ (بەرهەم و زۆربوون و پەروەردەکردن).

٩- بەشەکانی جەستەی مرۆڤ(لەش بەگشتی).

١٠- هەستیارەکان(هەست، هەستپێکراو، هێزە هەست).

١١- ماناو وتەی چازانان (حکما): مرۆڤ جیهانێکی بچووکە

١٢- ئاو (نطفة) و بەستنەوەی بە دەروون.

١٣- جەستەی مرۆڤ و جەستەی سرووشتی.

١٤- توانا و هێزی مرۆڤ لە زانستدا.

١٥- ژیان و مردن.

١٦- خۆشی و ئازارەکانی جەستە(گەشبینی و رەشبینی).

١٧- جیاوازی لە زمانەکاندا، دیارە خوای گەورەش دەفەرمووێ ((وجعلناكم شعوبا و قبائل لتعارفوا إن اكرمكم عند الله اتقاكم))

کۆمەڵەی سێیەم:

ئەم کۆمەڵەیە دەروونی و عەقڵییە ژمارەیان (نۆ) پەیامە:

١- عەقڵ لەسەر رای فیساگۆرس.

٢- عەقڵ لەسەر رای ئیخوان ئەلسەفا.

٣- مانای وتەی چازانان: جیهانی مرۆڤ، جیهانێکی مەزنە.

٤- عەقڵ و مەعقول.

٥- ئەڤینداری (مەیل و ئارەزوو).

٦- ژیانەوەو قیامەت و حیساب لەگەڵ کردن.

٧- چەندییەتی رەگەزی جووڵە.

٨- زانست و زانیاری لەسەر زانستەکان.

٩- سنووردانان (سادەو ئاوێتە).

کۆمەڵەی چوارەم:

خوداناسی و شەریعەتی ئایینی لە یانزە نامە پێکهاتووە، کە ئەمانەن:

١- بیروڕای مەزهەبەکان (ڕێباوەر) شەریعەت و فەلسەفەکان.

٢- ڕێبازی خودایی لە(چۆنیەتی نزیکبوونەوە لە یەزدانی مەزن).

٣- بڕوایەکانی ئیخوان ئەلسەفا و خەلان ئەلوەفا.

٤- هەڵسوکەوت لەگەڵ برایانی (سەفا) ڕێزو خۆشەویستی و هاوکاریکردن.

٥- براو خەسڵەتەکانی باوەڕدار((سیفاتی خوداناسی)).

٦- خوداناسی و شەرع (مەرجەکانی خوداناسی)

٧- کردارو رەفتاری رۆحییەت.

٨- چەندییەتی جۆری سیاسەت.

٩- بانگەواز بۆ خودا (خوداناسی).

١٠- چەندییەتی لەسەر سیستەمی جیهان (سیستەمی بوونەوەرەکان).

١١- جادووکەری و نوشتەو دوعاو نزاکردن.

ژمارەی پەیامەکان

ئەو پەیامانەی کە لە وڵاتی میسرو وڵاتی هیندستان لە چاپدراون ژمارەیان پەنجاودوو پەیامە کە لەگەڵ نوێژی فەرزو سوونەتەکان یەکسانن.

هەندێکیش وای بۆ دەچن، کە ژمارەی پەیامەکان تەنها پەنجا پەیام بێت، لەوانە ئەبو ئەلحەیان ئەلتەوحیدی، هەندێکیش دەڵێن ژمارەی پەیامەکان پەنجاویەك پەیامن.

پەیامی دوایی مەبەست لێرەدا دواین پەیامەو کۆکراوەی هەموو پەیامەکانە و باس لە هەمو شتێ دەکات، یانی وەکو کاکڵەو پوختەیە کە خراوەتە بەر دیدی خوێنەران.

حنا فاخوری و خەلیل ئەلجەر بە هاوبەشی کتێبێکیان بە نێوی (مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی) داناوە، باس لە زمان و دارشتنی نووسینەوەی پەیامەکان دەکەن، بە زمانێکی ئاڵۆز نووسروان هاوشانە لەگەڵ رایەکانی (ئولبری) کە دەڵێ: زمانی پەیامەکان زمانێکی ئاڵۆزو نادیارە.

بەڵام تەها حوسێن کە ئەدەبێکی گەورەی عەرەبە دەڵێ: پەیامەکان بەهایەکی هونەری بێگەردیان هەیە، هەندێك لەو زمانە ناگەن، چونکە بە شێوازێکی ئەوتۆ دارێژراون، کە تژییە لە حیکایەت و بەسەرهات و چیرۆك و سەربووردەو زۆربەی

زۆری پەیامەکان بەزمانێکی ئەدەبی ڕەوان نووسراون، هەندێکیان لەسەر زارو هێمای ئاژەڵ و بوونەوەرەکان نووسیویانە، هەندێ لە پەیامەکان کە ئاماژەم پێدان، چیرۆکی پڕ ماناو سەفای لە خۆوە دەگرن، ڕەخنەی بە پێزو بەهێز ئاراستەی عەقڵی تاکی مرۆڤی عەرەب و موسڵمانان دەکەن هەر بۆ نموونە:

حەفتا مرۆڤی رەگەز پیاو لە جیاوازی ئایین و نەتەوەو نیشتمان و پیشە بەکەشتێك بۆ شوێنێك دەڕۆن، بەلاّم شەپۆلی دەریاکە، دوور لە ویستی خۆیان بەرەو دوورگەیەکی پڕ لە درەخت و دەوەن و مێوەو ئاوی سازگار و خاکێکی بە پیتی بردن سەیریان کرد، دوورگەکە پڕە لە ئاژەڵی هۆگرو متووی مرۆڤ، ئەوانیش بەم دیمەنە رەنگینە دڵیان خۆش بوو، بۆیە بڕیاری مانەوەیان لەم دوورگەیەدا، ڕۆژانە بە ئیش و کارەکانی خۆیان هەڵدەستان و ئاژەڵەکانیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی هەڵدەسووراندو کارە قورس و گران و ناخۆشەکانیان پێدەکردن، ئاژەڵەکان لە ناو خۆیاندا کۆبوونەوەیەکیان سازدا بۆ باس کردن لە ڕەوشی خراپی و باری نالەباری خۆیان: لەو کۆبوونەوەیەدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاریاندا دوورگەکە جێبهێڵن و رابکەن.

کە مرۆڤەکان بەمەیان زانی، بە دوایان کەوتن و ئاژەڵەکان پەنایان بردە بەر شاهی جنۆکان کە نێوی (بیرراست) بوو بە (شاە مەردان) ناوبانگی دەرکرد بوو سکالاّیان دژی ستەمکاری مرۆڤەکان پێشکەش بە مەقامی پاشا کرد، ئەو ئاژەلاّنەی کە سکالاّنامەکەیان ئاراستە کردبوو پێکهاتبوون لە(هێستر، کەر، گا، بەران، حوشتر، فیل، ئەسپ، بەراز، کەروێشك) پاشان گفتوگۆ و وتووێژی لە گەڵ راوێژکارەکانی کرد، وابەچاك زانرا دادگاییەکی بە ئاشکرا ئەنجام بدرێت و خودی پاشاش لەم دادگاییەکردنە دا ئاگادار بێت ئامادەبێت بۆئەوەی گوێبیستی وتەکانی هەردوولابێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە پاشا نێرداوی تایبەتی بۆ گشت ئاژەلاّن بەرێکرد، بۆ ئەوەی نوێنەری خۆیان بنێرن و لە کێشەکان ئاگاداربن:

١- شێر (پاشای دڕەندەکان): تورگی کردە نوێنەری خۆی.

٢- پاشای باڵندەکان: بولبولی کردە نوێنەری خۆی.

٣- مێش هەنگین (پاشای زیندەوەرەکان) بەخۆی ئامادەبوو.

٤- پاشای دەنووکتیژەکان: تووتی کردە نوێنەری خۆی.

٥- ئەژدیها (پاشای دەریا): نوێنەرەکەی بۆق بوو.

٦- مار (خشۆکەکان) سیسرکەی کردە نوێنەر.

ئەو حەفتا (پیاوانەش) شەش (٦) کەسیان لە نێو خۆیاندا هەڵبژارد تا بە ناوی ئەوانەوە قسەبکەن و بەرگری لە مرۆڤ بکەن، کە لەمانەی خوارەوە پێکهاتبوون:

١- عێراقی: لایەنی عەباس، سەرۆکی دەستە.

٢- هیندی: لە دوورگەی سەرەندیب.

٣- سریانی: مەسیحی (فەلە).

٤- قورەیشی: لە وڵاتی حیجاز.

٥- رۆمی: لە وڵاتی یۆنان.

٦- خۆرەسانی: لە وڵاتی شاهجان.

دادگاریکردنەکە بەپێی داب و نەرێتی یاسا دەستی پێکرد.

دادوەر پرسیار ئاراستەی تاوانبار دەکا:

ناوت، پیشەت

داواکار: سکاڵای خۆیان دەخەنە ڕوو.

لایەنی دی (پیاوەکان): سکاڵانامەکەیان بە درۆو دوور لە راستیدا وەسف دەکرد.

هۆڵی دادگا: زۆر هێمن و ئارامە و هیچ پێبرینێک لە قسەکانی هەردوولا لە ئارادانییە.

ئەگەر(پیاو)ەکان بەڵگەیان بە قورئانی پیرۆز بهێنابا وە بۆ دەسترۆیی مرۆڤ لەسەر ئاژەڵان، ئەوا بە نوێنەری ئاژەڵانیش ئایەتی دەهێنایەوە کە داکۆکی و

بەرگری لە پاراستنی و پاسەوانی ئاژەڵاندا دەکرد (ئاژەڵەکان بە لۆژیکێکی جوان و ڕێکتر بەرسڤی (مرۆڤ)ەکانیان دەدایەوە).

هەردوولا (مرۆڤ) و (ئاژەڵ) متمانەیان بە دادیی دادگایەکە کرد لەبەر ئەوەی (دادوەرەکە) نە ڕەگەزی (مرۆڤە) نە (ئاژەڵ) دەستەی دادگا، پاش هێنان و بردن و گفتوگۆ و وتوێژ بە ئامادەبوونی شاه (بیرراست) بڕیاری داو وتی: هەموو ئاژەڵێك بە هەموو جۆرو بەشیانەوە لەژێر ڕکێف و دەسەلاّت و فەرمانی مرۆڤدا دەبن، تا گۆڕانکاری لە سیستەمی ئێستا دەکرێت و خولێکی تر دەستپێدەکاتەوە بڕیاری دادگا پێویستە جێ بە جێ بکرێت..... تەواو...... بۆمان دەرکەوت:

"ئەو کێشەیە لەسەرو بنیدا کێشەی (چەوسانەوەو سەربەستییە) مرۆڤ هەمیشە حەزی لە چەوساندنەوەو دەسەلاّتە بۆ ئەوی تر ئاژەڵیش هەمیشە حەزی لە بەرەلاّییە واتە (سەربەستی)یە" هەندێکیش دەڵێن:

هەر وتارو پەیامێك لەلایەن پسپۆڕێك نووسراوەتەوە، پاشان کۆیان کردۆتەوە ئەم پەیامانەیان لێ بەرهەم هێناوە.

خوارزمی و شەهرەزووری دەڵێن: ئەو پەیامانە لە لایەن (مەقدەسی)ییەوە بە زمانێکی ئەدەبی پاراو داڕێژراونەتەوە پەیامەکان یەکەمین جار لەشاری (کلکەتا)ی هیندستان لە ساڵی ١٨١٢ی زایینی چاپکراون، پێداچوونەوەو سەرپەرشتیکردنەکەش لەلایەن شێخ ئەحمەدی کوری شێخ محەمەدی شێروان ئەلیەمەنی کراوە.

جارێکی دی هەر لەهیندستان لەشاری (بۆمبی) لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی لە چاپخانەی (نخبة الاخبار) چاپکراون، دانان و نووسراوی پەیامەکان خراوەتە پاڵ (ئیمام مەولانا ئەحمەدی کوڕی عەبدوللاّ) ئەو ئیمامەیە کە ئیسماعیلەکان بە ئیمامی ڕاستەقینەی خۆیانی دەزانن، دووجاریش لە ولاّتی میسر ساڵانی ١٣٠٦ی کۆچی بەرامبەر ١٩٢٧ی زاینی لە چایخانەی (الاداب) و (المكتبة التجارية الكبرى) لە چاپدراون، هەروەها لە ولاّتی لوبنان لە پایتەختەکەیدا (بەیروت) لە چاپخانەی

(دار بـیروت و دار جـادر) بـه سه‌رپه‌رشـتی (پـترس ئه‌لبوسـتانی) لـه چـاپدراون، کۆکراوه‌ی په‌یامـه‌کان، لـه پـه‌یامێکی دوورودرێـژ بـه زمـانێکی وێـژه‌یی و به‌ره‌چاو کردنی زانسته‌کانی زمان دارێژراون، که به تێروته‌سه‌لی باس لـه هـه‌موو بابه‌تـه‌کان به شێوه‌یه‌کی فه‌لسه‌فی ره‌وانبێژی روون ده‌کا، کـه ئاراسـته‌ی عـه‌قڵی خوێنـه‌ری ده‌کا، به به‌ڵگه‌و رێساو یاسایه‌کی ئـه‌وتۆ کـه بتـوانرێ چێژی لێوه‌ربگیرێـت، ئـه‌و ده‌قانه (نص) بێگومان یـان بـه زمـانی (فارسـی)یـان بـه زمـانی (هینـدی ئـۆردی) نووسراونه‌ته‌وه و به‌رچه‌فه‌یان بۆ کراوه‌و زمانی عه‌ره‌بییه‌که‌شـی هـه‌روه‌کو ئامـاژه‌م پێدا که ده‌ڵێن: له‌لایه‌ن (ئه‌لمه‌قده‌سی)وه نووسراوته‌وه.

ده‌رباره‌ی کرۆکی په‌یامه‌کان

بۆئه‌وه‌ی باسه‌که مانای خۆی زیاتر بپێکی هه‌ندێ له‌و په‌یامانه‌ی ئه‌و کۆمه‌ڵه‌یه راڤـه ده‌کـه‌ین و ده‌یخه‌ینـه ڕوو، بۆئـه‌وه‌ی خوێنـه‌ر بزانـێ ئـه‌م په‌یامانـه چـۆن دارێـژراون و باسـه‌کان له‌چییه‌وه خـوول ده‌خۆنـه‌وه، چـونکه هه‌رپـه‌یامێك لـه‌و په‌یامانـه زانایـانی پـسپۆر لـه‌بواری پـسپۆرایه‌تی خۆیـان لـه‌م بـواره‌دا ئـه‌رکی نووسینه‌وه‌و دارشتنیان پـێ سـپێردراوه، جگـه لـه‌وه ئـه‌و په‌یامانـه به‌شـێوه‌یه‌کی (ئه‌ده‌بی) ئه‌وتۆ نووسراونه‌ته‌وه هه‌م مایه‌ی سه‌رسـامی خوێنه‌رانـه و هـه‌میش بـۆ خوێنه‌ر روون ببێته‌وه‌و بزانـێ، کـه ئـه‌م کۆمه‌ڵه‌یـه، کۆمه‌ڵه‌یـه‌کی دانـسقه‌و پـڕ لـه زانسته و توانیویه‌تی جێ په‌نجه‌ی خۆی له‌بازنه‌ی ئه‌ده‌بی ئه‌وسـای (عـه‌ره‌بی)ش بکاته‌وه و خوێنه‌ری عه‌ره‌بیش بۆباوه‌شـی خـۆی پـه‌لکێش بکـا لـه هه‌مانکاتیـشدا پـسپۆری خۆیـان به‌خـه‌ڵك بناسـێنن و هـه‌ڵزنانیش بـێ بـه‌ره‌و ئـه‌و ئامانجـه‌ی کـه (ئیخوان) خۆیان بۆ تـه‌رخانکردووه، خۆیان‌وهزروبیروبۆچوونه‌کانیـشیان بـه دونیـا ئاشنابکه‌ن‌وبناسێنن.

سه‌باره‌ت به ژماره‌ی نامه یان په‌یامه‌کان رای جۆراوجۆر هه‌یـه، هه‌نـدێ ده‌ڵـێن: پـه‌نجاودوو (٥٢) په‌یامـه، بـه‌ڵام هه‌رچـه‌نده بێـت، گـرینگتر لـه‌وه ئه‌وه‌یـه کـۆی

ناوەڕۆکی گشت پەیامەکان لەیەك پەیام کۆکراونەتەوە لەمەڕ پەروەردەکردنی دەروون وچاککردنی ئاکارو ڕەوشت، کە بەکۆبەندی پەیامەکان ناسراوەو ناوەڕۆکی ئەوان بەخۆوە دەگرێتو ڕاستییەکانی تێدا ئاشکرا دەکرێت بەمەبەستی دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕوونکردنەوەیان، کە پێشتر لە پەیامەکان ئاماژەیان پێدراوە.

ئەو پەیامانە واتاکانی بەکورتی و بژارکاری لەخۆگرتووە و سەلماندنێکی دوور لە گومانی لێ چنراوە بەبەڵگەی ڕاستەقینەی فەلسەفی و دەرخستنی زانستی و بەڵگەی ئەقڵی کاروباری ژیربێژی و گەواهی پێوانەیی و ڕێگاکانی هێنانە سەربار و لە کرۆکی ئەو ڕاستییانە کەس ناوەستێ و دەوری نادات و هیچی لێ بەدەست نایەت تەنها ئەوکەسە نەبێت کەئەوەی خستومانەتە ڕوو و قبوڵی بێت و لێی وردببێتەوە و بەچاپوکی و کارامەییەوە بناسێ و مەشق و ڕاهێنانی لەسەر ئەو هاوشێوەکانی بکات.

ئەوپەیامانە وەکو دەستپێك چوونە ناوەوەی بابەتەکەیەو بەڵگەن بەسەرییەوە و نموونەی ئەون، دەرگای داخراوی خەمۆکی و خەمباری بۆکەس ناکرێتەوە تەنها ئەوانە نەبن کە بەم پەیامانە پەروەردەکراون، یا پەروەردەکراون بەوپەڕتووکانەی کە هاوشێوەن لەگەڵ ئەم نامانەدا، کۆبەندی نامەکانمان کە ئەوپەری مەبەستمانە و پێشکەشمان کردووە کە دوورترین قۆناغ دوا مەبەستە.

پێرستی نامەکان (پەیامەکان)

هۆگرانی ڕاستی و ڕۆڵەکانی ستایشکار:

براکەم: ڕۆحی پەروەردگار پشت و پەنای تۆ و ئێمە بێت، بزانە:

خاوەنی ئەم نامانە لەگەڵ زانست خوازان و ئەوانەی ژیرن کۆکن و بەموریدی خۆیان دەزانێ، ئەو کەسەی کە دەیەوێت ڕزگاری بێت وەکو پیاوێکی چاوتێرو جوامێرو بەخشندە وایە.

وەکو: باغێکی سەوزو گەشاوەو شەنگ و دڵڕفێنودڵخۆشکەری هەبێت و پێوەی بنازێت کە بەروبووم و داهاتەکەی بەتام و بۆن و بەرام بێت، جێگای وێردی سەرزاربێت، گوڵ وگوڵزاری شکۆفە بێت، دیمەنی جوان و دڵبژوێنو قەشەنگ بێت، ویست و خوازی دڵ بێت، شێوەی جیاوازبێت، رەنگی جوان و بەلەزەت و بۆنوبەرامە خۆش بێت، لەنێوان تەڕو وشك بێت، مزر وشیرین بێت، جۆرەها مەل و باڵندەی لێ بەدی بکرێت، دلگرو دڵڕفێن بێت، ئاوازەکانی (ریتم و ئیقاع) مرۆڤ بێنەتە جۆش و خرۆش، لەسایەی دەوەن و درەختەکانی رووبارەکانی لێژببنەوە و وشك نەکەن، لەمیانەی گوڵ و گوڵزارەکانی جۆگەو جۆبارەکان شەپۆل بهاوێژن شۆخ و شەنگی ئەو گوڵ و گوڵزارانە لەرۆخ رووبارەکان بەرچاوبکەون سەدەف و شیلانەکان بە رەنگەکانیان شوێنەکە رەوشەن بکەنەوە و جوانی پێ ببەخشن.

گەوهەرەکانیش وێنەیان سەرسوڕهێنەرو سەیر بن خەمڕەوێن بن، هاودەمی هەموو کەسێك بن خۆرەوشت و میهرەبانی، ویستی هەموو ئەوکەسانە بهێننە دی کە خوازیارن بچنە نێوی و خاوەنی ئەقڵ و شکۆمەندینەو تام و چێژی لێ وەردەگرن.

بانگەواز بۆ خەڵك بکەن و بڵێن: وەرن بچنە ناو ئەو باغەو لە بەروبوومەکەی بخۆن و هاریکاری یەکتربن.

لێرەدا مایەی سەرنجە ئەوانە "ئەو (باغە) بەزاراوەی مێ یا رەگەزی (مێ) ناودەبەن لەبەر ئەوەی لە زمانی عەرەبی (البستان) بەمانای بەهەشت (الجنة) دێ" بەئارەزووی خۆتان لێی بخۆن و خۆتان رەباس بکەن، شادبن، بەبۆن و بەرامی ئەوشتانەی، کە خۆتان هەلتان بژاردووە بەویستی خۆتان سەیرانی ئەو شتانە بکەن کە ئارەزووتانە ببینن، دڵخۆش بن، بخۆن و بخۆنەوە، تام و چێژی لێ وەرگرن، لەسایەی بۆن و بەرامەکەی بحەسێنەوە، بەشنەوشەماڵ و سروەی بۆنخۆشی هەناسە وەربگرن.

کەس وەڵامی ئەو وتانە ناداتەوە، هیچ بوونەوەرێك باوەڕی پێ ناکات، هیچ کەس تامی لێ وەرنەگرتووە هیچ کەس ئاوڕی لێناداتەوە..بۆ بەرز راگرتنی ئەم وەسفە سەرسوڕهێنە.. بۆ وەسفی و ناوهێنانی ئەوباغە، ئەو دانایە بەباشی زانی ئەوەی بەنرخ و بەهادارە ئەوەی سۆزو دڵنەرمی هەیە، هەرچی نایاب و نادیدەیە هەموو بەروبوومێکی باش، هەموو مێوەجاتێکی بەتام، هەرچی رەیحانێکی بەبۆن و بۆندارە، هەرچی گوڵی چنراوە، هەرچی رووناکی سپی و بێ خەوش هەیە، هەرچی گەوهەری بەهایە، هەرچی باڵندەیەکی خۆش ئاوازە، هەرچی شەراب و خۆشاوی بەلەزەتە: کۆی بکاتەوەو لەپێش دەروازەی باغەکەی دابنێ بەو دیارییەوە بوەستێت.

ئەوجا ئەوەی بەلایدا تێپەڕدەبوو بانگهێشتی بۆ دەکردو ئارەزووی بۆ کێشی دەکردو بۆی بەتام دەکرد و چێژی دەدایێ و بۆن و بەرامی رێحانەکانی بەلووتیدا دەسووی، خۆشترین ئاوەزەکانی بە گوێیدا دەچڕی، تا تامی کردو و چێژی لێوەرگرت و بەبۆنەکەی خۆشحاڵ بوو مەستی کردو سەمای بۆکرد و لێی دڵنیابوو، گیانی بۆ لەرزی.

هەربۆیەش هەستی بەوە کرد وا لەبەردەم هەموو ئەو شتانەیە، کە لە باغەکەدایەو بەرامبەری وەستاوە، دڵی بۆچوو، سۆزی داگیرسا، ئاواتەخوازی بوو، کەوتە دڵەڕاوکێ و ئۆقرەو ئارامی نەما.

لەوکاتە پێی گووت: بڕۆ ناو باغەکە بەئارەزووی خۆت لێی بخۆ و بخۆرەوە، بە ئارەزووی خۆت بۆنی بکە بەهەوەسی خۆت هەڵبژێرە، بەهەوەسی خۆت لێی بنوارەو سەیری بکە، بە هەوەسی خۆت لەناویدا بگوزەرە، ئەو شوێنەی حەزی لێدەکەیت لێی بحەوێوە و لێی پاڵدەوە و تام و چێژ وەرگرە و باش گوزەران بکە.. خۆت بۆن خۆش بکە و باش هەناسە بدە.

ئەو کەسانەی تاکە نامەیەکیان یان کۆبەندی نامەکانیان دەکەوێتە دەستی نابێ بزری بکەن.. لەناو بچن نەهێڵن بکەوێتە دەستی ئەو کەسانەی کەشایەنی نین نەکەوێتە دەست ئەوانەی کە حەزی لێناکەن و ئارەزوو و هەوەسیان بۆ نییە.

ئەوانەی کە زانست خوازو ئەدەب دۆستن بەربەست نەبن بۆ ئەوەی بکەوێتە دەستیان ئەوانەی حەز لە دانایی و زانایی دەکەن رێگرنەبن لەپێشیان، راستی و نهێنییەکانی بپارێزێت و رووە گەشەکانی بخاتە ڕوو، رووەدیارەکانی نەشارێتەوەو زۆر بە چاکی پاسەوانی بێت و ئاگاداری بێت و چاودێری بکات.

زۆر بەباشی ئەم راسپاردانە بپارێزێت و چاودێری بکات و ئەو شوێنەی کە شیاوی نییە بۆی دانەنێت و ئەو کەسانەی کە شیاون بۆی لێیان قەدەغە نەکات، لەبەر ئەوەی ئەم نامەیە روون و ئاشکرایەو چارەسەرو رۆشنایی و رۆناکییە.

وەك دەردوبەلایە ئەگەر وەك دەرمان نەبێت وەك گەندەڵییە ئەگەر چاکسازی پێنەکرێت وەك لە ناوچوونە ئەگەر بۆ رزگاری نەبێت، دەرمانی دەردو نەساغییە، دەشێت پێی نەخۆش کەویت، مردن و ژیانەوە دەبەخشێت وەکو تریاکێکی گەورەیە لە خودی خۆیەتی حاڵەتەکانیش دەیگۆڕن ، هەمان کاردانەوەو دژەکەی دەکات بەگوێرەی بەخۆگرتن و هەڵچوون و کارلێکردنەکەی ئەنجامەکەی لێ دێتە کایەوە، بەڵکو خۆراك و رۆشناییە.

خۆراکە هێزو گەشە دەبەخشێت.. رۆشنە دیدەنی رێگای راست دەگرێتەبەر، هەروەکو زارۆکێکی بچووك و کۆرپەیەکی شیرەخۆرە کەلەشی ساغ و دروستە و دوورە لە نەخۆشی، جەستەی ئامادەیە بۆ زیادبوون و گەشەکردن، پێویستی بە خۆراکی باش و پەروەردەی باش هەیە، بۆیە پێویستە ئەو خۆراکەی پێ بدرێت کەبۆی دەگونجێت و خاوێن و لەبارەوبۆی دەبێتو دەشێت.

زۆربەشارەزایی بڕی گونجاوی ئەوخۆراکەی پێ بدرێت، دواتر دەبێت قۆناغ بە قۆناغ جۆری خۆراکەکەی بۆ بگۆڕدرێت تا هێزو توانای تەواو جێگیردەبێت و جەستەی لەباردەبێت، نابێت ئەوجۆرە خۆراکەی پێ بدرێت کەبۆی ناشێتو

نەخۆشی دەخات، بەڵکو لە ناوی دەبات و دەیکوژێت، ئەگەر ئەوە پێڕەو نەکرێت، وەکو بڵێین: ئەو بەرنامەی بۆ لەشساغی بۆدانراوە ببێتە هۆی نەخۆشی و لەناوچوونی یا وەکو ئەو نەخۆشیەی، کە دەردەکەی باوەشی لێدراوە ئومێدی چاکبوونەوەی لێ بەدی ناکرێت، بەڵکو دەردەکەی تەشەنە دەکات دەشێت ببێتە هۆی لەناوچوونی و تەمەنی بەسەر بچێت، لێ رۆشنی تەنها بۆئەو کەسانە دەبێت و دەشێت، کە چاو دەکەنەوە..چاوساغن و دیدیان بەهێزەو رۆناکی چاویان بەهێزتر دەبێت.

ئەوانەی کە چاو ناکەنەوە یا ماوەیەکی کورتە لەناو تاریکی هاتۆنەتە دەرەوە..هەرچەندە رووبەڕووی رووناکی دەبنەوە، ئەو رووناکیە (رۆشناییە) تاریکیان پێ دەبەخشێت و دیدیان بێ هێز دەبێت وایان لێدێت گومڕاو کوێردەبن، هەروەها ئەوانەی چاو ئێشەیان هەیە یان چاویان کولە یا خێلە یا چاویان کەم بین و خراپە و ریپۆقی تێدایە چاویان ناکەنەوە و نابینن، کە سەیری وێنەکان دەکەن بە لێڵی بەرچاویان دەکەوێت و لێکیان جیاناکەنەوە، ئەو جۆرە دیدانە هەردەم لە تاریکی دەحەسێنەوە و لەبەر رۆشنایی رادەکەن و هەڵدێن و هەرچەندە رۆشنایی زیاتربێت، چاویان لاواز دەبێت و هەستیان کوێردەبێتەوە و ئەگەر لەسەریان بەردەوام بن ئەوە بەرەو کوێرەوەری و دەردەسەریان دەبات، وەکو پەڵە هەورێکی رەش و تاریک باڵی بەسەریان دا دەکێشێتن ئیدی دیدەیان لە دەست دەدەن و چاویان ون دەبێت.

ئەو کەسەی کە نامەکان و کۆبەندی نامەکانی دەست دەکەوێت ئەرکی سەرشانیەتی:

- کە لە خوا بترسێت.

- بایەخی زۆر بەو نامانە بدات.

- ئەو وەسیەتنامەیە پێشێل نەکات.

- بەنەرم و نیانیی نامەکان بەکاربهێنێت.

- بانگەشە بۆ گەیاندنی بکات.

نەرم و نیان بێت وەکو نەرم ونیانی برای لەیەك دایك و باوك یاوەك باوکێکی میهرەبان بەسۆزو بەزەیی و دۆستێکی دڵسۆز و یاوەرێکی باش کاری بۆبکات، دەبێت کۆشش و ماندووبوون زۆری بۆ بکات، دەبێت بۆ گەیشتن بەراستییەکانی و پێکهاتی زۆری بۆ بکات، مەبەستەکان هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێش بڕوات، بیدات بەوەی کە زۆر پەرۆشیەتی پێویستی پێ هەیە و بەتەنگیەوە دێت و گرنگی پێ دەدات، ئەمە لەو کاتە دەبێت کە ئەوانە تاقیکردنەوەکان دەبڕن و دڵنیایی لە گەردن پاکیان دێتە ئاراوە و خۆیان لە گوناهەکان داماڵیوە و دوودڵیان پێوە دیار نییە و کاروباریان لە شوێنێك جێگیر دەبێت و چاکەیان لێ بەدی دەکرێت.

ئەوانەی ئەوپەڕی ئاواتیان دەبێتە گەڕان بەدوای خودی خۆیان و هۆکاری بوونیان لە شتە رازاوەکانی دونیا پارێز دەگرن و حەزیان دەچێتە ئەوشتانەی کە خێرو خۆشی هەمیشەیی دەبەخشن و درۆ لەگەڵ دڵ و دەروونی خۆیان ناکەن، باس و خواس و کۆشش و هەوڵدانیان بۆ شتە دوورەکانە و دەستی لێ هەڵناگرن و لێی خۆش نابن.

بەڵکو راستگۆیی بەجەرگ و خۆراگری هەوڵەکانی مرۆڤ دەهێڵێ، ئەو هەوڵ و کۆششانە دەخرێنە بەرچاو، پاداشتی چاکیان دەدرێتەوە، ئەمیش ئەو کاتە دەبێت، کە دەگەنە دوا قۆناغ لەبەردەمی پەروەردگار، ئەوجا نامەکان، یەك بەدوای یەك پێی دەبەخشرێت و دەبنە پشت و پەنای و خۆراك و پەروەردە، هەروەها گەشەسەندنە بۆی وەکو داودەرمانە بۆ چاکبوونەوەی، کل و چاوساغییە یا کلێکی تایبەتییە بۆ بەهێزکردنی رۆشنایی چاوی، لەتێگەیشتن نزیکی دەکاتەوە و پایەی شیاوی دەبێت و لە نەخۆشی چارەسەری دەکاتو دیدی روون دەکاتەوەو بەرەو رێگای راست ئاراستەی دەکات و هەنگاو بە هەنگاو توندوتۆڵی دەکات بەگوێرەی ئەو رێزبەندییەی کە لە پێرستەکە دیاری کراوە، تا ئەو کاتەی دانایی لە دڵ و دەروونیدا جێگیردەبێت و دەبێتە هاودەمی شێوەکەی هەموو کاتێك

دەکەوێتە بەر دیدی و دەچەسپێت و بەهێز دەبێت و ماناکانی لەبیروهۆشی دا دێتەدی.

ئەو کاتەی بەوپەڕی دڵفراوانی و نییەت پاکی و چاوساغییەوە هێزوتوانا و زێدە زانیاری بەدەست دەهێنێ، بەدووربینی سەیری دەکات و بیر لەواتاکانی دەکاتەوەو لە سەری دەوەستێت و تەماشای کۆبەندی نامەکان دەکات و بانگەشەی بۆدەکات و داوا لەهەموو کەس دەکات پەیرەوی بکەن.

ئەو نامەیەی کەدوا قۆناغەکانی ویستەکانە و ئەوەی پەروەردگار پێی بەخشی و بۆی ساناکردو رێگای راستی نیشان داو لە دڵەراوکێ رزگاری کردو لەدوای مردنی زیندووی کردەوە و لە ترسان دڵنیای کردەوەو بۆی رازاندەوەو چاکەی خواوەندی پێ بەخشی بەجۆرێك هەتاهەتایێ بەجاوایدانی دەمینێتەوەو لەخۆشییەکی بەردەوام دەبێت لەبەهەشتێکی هەمیشەیی ژیان و گوزەران دەباتەسەر، پەروەردگار رێگای راست و دروست بەویست و خواستی خۆی دەبەخشێت.

پەیامی جادوگەری

چاوپیسی و فاڵگرتنەوەو نوشتەوفریشتە و جنۆکەو ئەهریمەن، شەیتان و دوعاکردن و چۆنیەتی کردەکانی قورقوشم وبنیاتنانی زەوی کاریگەریان لەسەر یەکتریدا، مەبەست لە بەیانکردنی ئەمانە گشتیان.

تەنها بۆئەوە بووە بزانرێ کە لەو جیهانەدا هەندێ شتی کاریگەر هەن، کە بەچاو نابینرێن و هەستیش پێناکرێن.

هەر بۆیەش پێیان دەگوترێ: رۆحانییەت (رۆحانی) کاروکردەوەکانیان لەناوەرۆکدا سەرهەڵدەداو بەخودی ناوەوە دیاروئاشکرایە، هەندێکیان کاروکردەوەکانیان بەهۆی سروشەوەیەو هەندێکیان بەهۆی دەروون و هەندێکیشیان بەهۆی ئەقڵەوە(ئەوانەش مەزنترین پایەی روحانیەتن) چونکە خوای گەورە وایکردووە ئەقڵ سەرقافلەو دەروون لە دووایی و سروش/ یش وەکو لێخورەکە بێت.

ئەقڵ لەپێشەوەو یەکەمینیانە، هەر ئەو ئەقڵەشە هێزێکی پارێزراوی دراوەتێ، هەر بەهۆی ئەمیشەوە داهێنانی لەبوون (وجود) دەکات و باشترین باریش بەهۆی دەروونە کە توانیەتی: باشترین و جوانترین تەنەکان لەبوونەوە دیاربخات.

پەیامی دەروونی - ئەقڵی

پەیامی یەکەم:(بنچینەکانی ئەقڵ) ئەو کۆمەڵە لەسەر رای فیساغۆرسەکان بوون بەرامبەر (ئەقڵ) مەبەستیش ئەوەبوو کە خوای پەروەردگار، کە داهێنانی لەسەر شتەکان کرد، یەکەم داهێنان، کە خولقێنەر کردی (ئەقڵ – مێشك) بوو، زۆرشت هەر بەهۆی ئەقڵەوە دۆزرانەوە: دەروون و سروشتەکانی، لەدایك بوون و دایکایەتی بەجوانی رێکی خستن یانی وەکو ژمارەیەك پێش دوو دێت و دووش پێش سێ دێت،..تد.

بۆهەر رەگەزێك تایبەتمەندییەکانی بۆدانـاو کۆتاکەشی روون و ئاشکرا دەقاودەق لەگەڵ یەکتریدان.

پەیامی ئەڤینداری

خۆشەویستی و پەریشانی دەروون بۆیەك بوون، حەقیقەتی نەخۆشی عیشق و سەرچاوە هەڵقوڵاوەکەی، مەبەستیش لەبەیانکردنی ئەڤین و ئەڤینداریو پەریشان بوونی خەڵك و کۆمەڵەی جیهان بۆکامیل بوون راستیەکی بەڵگە نەویستە، چونکە لە خواوەندەوەیەو هەربۆ زاتی ئەویش دەگەڕێتەوە.

پەیامی زیندووبوونەوە

ڕۆژی دوایی و حیساب دەگەڵ کردن و چۆنیەتی روودانی (میعراج) کە لەو شەوەدا خوای گەورە پێغەمبەرمانی (د.خ) بۆ ئاسمان بەرزکردەوە مەلەکوتی نیشان دا.

که خوای خوای گەورە لە قورئانی دا دەفەرمووێ (سبحان الذی أسری بعبده لیلا) بەڵام مەبەستی هەرەگەورەی (ئیخوان ئەلسەفا) ئاماژەپێکردنی بەم ئایەتە پیرۆزەیەکە دەفەرمووێ (تعرج الملائکة والروح إلیه فی یوم کان مقداره خمسین الف سنه).

پەیامەکانی بیرکاری

ژمارە خۆشەوییەکان: هەر ژمارەیەك لەلای دییەوە کە دابەش یەکتری دەکرێن بە یەکێکیان دەوترێ ژمارەی خۆشەوی هەردوو ژمارەکە یەکیان (کۆیە) کە هێماکەی بەم جۆرەیە (+) ئەویتریان لێدەرکردنە کە هێماکەی (−) ئەگەر هاتوو ژمارەی کۆیەکانت کۆکردەوە ئەوا یەکسان دەبن بە ژمارە کەمەکە (−)یان ئەگەر بەشە ژمارە کەمکراوەکان کۆکرانەوە ئەوا هەمدیس یەکسانە بەژمارەی کۆیەکان، بۆ نموونە: دووسەدوبیست ئەوا ژمارەی کۆیە یانی (+)ە ژمارەی دووسەدو هەشتاوچوار ژمارەیەکی کەمە، بەڵام ئەگەر هاتوو بەشە هەردوو ژمارەکان لە (کۆوکەم)دا کۆکرانەوە ئەوا پێی دەوترێت ژمارەی (خۆشەوی) هەموو ژمارەیەك (کۆ و جارانی)ی بێ کۆتایی هەیە، کە دەبێتە پێنج جۆر.

١- جۆری یەکەم: سرووشتییە، وەکو ئەو ژمارانە:
١ / ٢ / ٣ / ٤ / ٥ / ٦ / ٧ / ٨ / ٩ / ١٠/..تد.

٢- جۆری دووەم: جووتە وەکو ژمارەکانی:
٢ / ٤ / ٦ / ٨ / ١٠/..تد.

٣- جۆری سێیەم: تاکە وەکو ژمارەکانی:
١ / ٣ / ٥ / ٧ / ٩/..تد.

٤- جۆری چوارەم: کەمکردنەوەیە یانی لێدەرکردنە وەکو ژمارەکان، بۆ نموونە (٨-٤).

٥- جۆری پێنجەم: یانی جارانی هەر ژمارەیەك بکرێ، بۆ نموونە (٢جاران٢).

پەیامی زەوی ناسی

دکتۆر محەمەد یوسف لە توێژینەوەیەکیدا کە ئاراستەی کۆڕی زانیاری کردبوو دەربارەی (ئیخوان ئەلسەفا) لە بوارەکانی زەوی ناسیدا، تیایدا ئاماژەی بە (دوو) پەیام دەکات، یەکێکیان بەناوی بەرزەشوێنەوار، کە ئێستا پێی دەگوترێت: ئەلمیتورولوجیا (meteorology) ئەوەی دیان بەناوی چۆنیەتی پێکهاتەی کانزاکان: کە ئیخوان ئەلسەفا زۆر بە رێك و پێکی ئاماژەیان بە پێکهاتەی گۆی زەوی داوە کە کردویانە بە (سێ) بەش:

یەکەم: گۆی سروە یان شنە کە دەوری توێژاڵی زەوی داوە لە زانستی ئێستا دا پێی دەووترێت (the troposphere).

دووەم: گۆی سەهۆڵبەندان، لە زانستی ئێستا پێی دەووترێت (thestratosphere).

سێیەم: گۆی باوهەوا، لە زانستی ئێستادا پێی دەووترێت (the ionosphere).

کە لەو بەشانە دا وەسفێکی وردی خوو و هەڵسووڕێنەرو پەیوەندی یەکتری بەزەوی و بارستی هەریەکێکیان و گەرمی و ساردی و باوهەوا و باران و شەپۆلەکان، هەروەها کاریگەری کێوو چیاکان لەسەر دابەشبوونی باوهەواو باران و خوڵی سرووشتی ئاو چۆنیەتی بوونی بە هەڵم و گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی،

هەروەها چۆنیەتی پەیدابوونی گشت کانزاکان و کاریگەری ئاوهەوا لەسەر دروستبونی کانزاکان بەشێوەیەکی زانستیانە.

بەشی سێیەم

ئیخوان ئەلسەفاو ئایین

ئیخوان ئەلسەفا، خۆیان بە کۆمەڵێکی چاکسازی کۆمەڵایەتی ناودەبرد، هەر بۆیەش ئایین لە گۆڕەپانی بیرۆکەیاندا پانتاییەکی فرەوانی وەدەستهێنابوو، گرنگی و بایەخی رادەبەدریان بە پێغەمبەران و کتێبە پیرۆزەکانی ئاسمانی و فەرمایشتەکان داوە.

هەموو شتێکیان بۆ خوداوەند دەگەڕاندەوە، هاتنەکایەوەو سەرهەڵدانی زانایان، هەر بۆ زاتی گەورەیی پەروەدەگار، هەروەکو چۆن - گوتن بۆ بگۆ، رەوزەنیش بۆ خۆر دەگەڕێتەوە، هەڵقوولانی یەکتایی خودا بە پایە دەناسرێ، یانی هەر لە عەقڵەوە بۆ دەروون دوایی بۆ یەکەمیی ماددەکی و هەمدیسی بۆ جیهانی سرووشت و دوایی بۆ جەستەکان و جیهانی هەسارەکان و پاشان بۆ توخمەکانی دووایینجار بۆ پێکهاتەکانی وەکو کانزاکانو رووەك و ئاژەڵ.

مادەکی بۆ بنچینەی مرۆڤە، تاکی دەروون بەشێکە لە دەروونی گشتی کە بە پاکی دوای مردن دەگەڕێتەوە بۆ جەستە، هەروەکو چۆن دەروون بە گشتی بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە، لێرەدا مردن لای ئیخوان پێدەگوترێ: ژیانەوەی بچووك، بەڵام گەڕاوەنەوەی دەروون بە گشتی بۆ خوای گەورە پێیدەگوترێ: ژیانەوەی گەورە.

ئەو کۆمەڵەیە دەیانگوت: ئێمە زانیاری و زانستیمان لەم چوار سەرچاوەیە هەڵدەقووڵێن:

١- کتێبەکانی فەیلەسوف و چازانەکان.

٢- کتێبەکانی پێغەمبەران (د . خ).

٣- کتێبی سرووشت.

٤- گەوهەری دەروون، ئیلاهیات.

بەڵام دەشیانگووت: کتێبەکان پێغەمبەران (د.خ) گرنگترین سەرچاوەی ئیمەن، ئەو کاتەی مرۆڤ دەگاتە مەنزلگای سرووش، ئەو کاتەی کە کامیل دەبێ.

سرووش باسێکە لە هزرەوە بزرە، یانی بارێکە لە رێی مەبەستەوە لای مرۆڤ دەردەکەوێ، سرووشیش لەلای پێغەمبەران بە دەروون پاکی لێکنزیکبوونەوەی رۆحی ئەوان و رۆحی فریشتەکان دەهاتە کایەوە، نەک پێوەری لۆژێکی یان بە بیروهزری حەکیمانە.

پێغەمبەرەکان (د . خ) بەسێ رێگاوە سرووشیان بۆ هاتووە:

<u>یەکەم</u>: کاتی خەوتن، ئەو کاتەی دەروون هیچ پێویستی بە بەکارهێنانی هەستەکانەوە نییە, سرووشی زۆربەی پێەمبەرەکان بەم رێگایە بووە.

<u>دووەم</u>: کات، هەستیاری، ئەو کاتەی گوێبیستی دەنگێ دەبوون، بەڵام کەسەکە نادیاربوو، واتە: دەنگەکان دەبیستران بە وێنەو هێمای هەمیشەیی.

<u>سێیەم</u>: کاتی هەستیاربوون، بەگوێبیستنی کەسی نادیار.

دەتوانین لێرەدا ئامانجی ئایین لەلای ئیخوان ئەلسەفا بەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەروو:

١- فێربوونێکی راست و دروست لەسەر (مرۆڤ و جیهان).

٢- بەیانکردنی کامیل بوونی (مرۆڤ).

٣- فێربوونی ئاکارو رەفتاری گونجاو و بەجێ بۆ گەیاندنی مرۆڤ بە پلەی (کامیل بوون).

٤- خولقاندنی بارودۆخێکی رۆحانی بۆئەوەی مرۆڤ لەسەر رێڕەوێکی راست رەوبکات.

توخمەکانی ئایین

ئەو کۆمەڵەیە زۆر پابەندبوون بە ئایین، بەتایبەتی مەزهەبی شیعیی، کە ئاینزای سەرەکی ئەو کۆمەڵەیە بوو، دەیانگووت لە توخمە هەرە باشەکانی ئایین ئەمانەن:

١- بیروباوەڕ.

٢- ئاکار.

٣- رەوشت.

٤- نەریتی ئایینی.

پەیوەندی نێوان ئایین و فەلسەفە

ناکۆکی نێوان ئایین و فەلسەفە کێشەیەکی کۆنە، زۆرجار ئەو کێشە بەهێزدەبوو، توندوتیژی بەخۆوە دەبینی ، جارجاریش نەرم و هێور دەبوو، ئایینیش هەمیشە گرەوی سەرکەوتنی وەدەست دەهێنا.

لێرەدا چەند پرسیارێك سەرهەڵدەدا، ئایا بەڕاستی ناکۆکی لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا هەیە؟

یان ئایا ئامانجی ئایین لەگەڵ ئامانجی فەلسەفەدا جیاوازە؟

ئایا جیاوازیان لە رێبازدا هەیە؟

ئایا هەریەکەو سەرچاوەیەکی تری هەیە؟

ناکۆکیان مەبەست (ئایین و فەلسەفە)یە لەسەر چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەمانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد ئاشنابکەین بە ئایینەکان لەرووی رێبازو رێباوەرە بیرمەندانی فەلسەفە، بۆیە دەڵێن: هیچ ناکۆکییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت، تەنها ئەو ناکۆکییانە نەبێت، کە لە نێوان زانایانی ئایینی و بیرمەندانی فەلسەفە دا هەیە.

له ئایینی جووله‌که‌دا

رۆژهه‌لاتی ناوه‌ڕاست سه‌نته‌رو مه‌لبه‌ندی هه‌موو ئایینه ئاسمانییه‌کانه، یۆنانیش ولاتی فه‌لسه‌فه‌یه ئه‌و هه‌لمه‌ته‌ی که (ئه‌سکه‌نده‌ر) کردیه سه‌ر ولاتی رۆژهه‌لات له سالی ٣٣٤ پێش زایین واته پیش له دایك بوونی حه‌زره‌تی عیسا (د.خ) وای له یۆنانییه‌کان کرد که به که‌لتورو رۆشنبیری ئاشنا بن و زۆر شتی نوێ وه‌ربگرن و تێکه‌ل به که‌لتووری خۆیانی بکه‌ن، یۆنانییه‌کان به فه‌لسه‌فه‌و رۆژهه‌لاتییه‌کانیش به ئایین یه‌که‌م شت، که ئه‌نجامیان دا به‌رچه‌ڤه کردنی کتێبی پیرۆز (ته‌ورات) بوو له عیبریه‌وه گۆڕدرا بۆ سه‌ر زمانی ئه‌غریقی ئه‌و ته‌رجومه‌یه‌ش به ته‌رجومه‌ی (حه‌فتایه‌مین) ناسرا.

هه‌مدیس (فیلون ئه‌سکه‌نده‌ر) که بیرمه‌ندێکی جووله‌که بوو، زۆریش پارێزگاری له فه‌لسه‌فه‌ی یۆنانی ده‌کرد، وای بۆ بۆ ده‌چوو که (ته‌ورات و فه‌لسه‌فه‌ی یۆنانی) هه‌ردووکیان ده‌ربڕینی راسته‌قینه‌ن، به‌لام واتاو ده‌سته‌واژه‌کانی ئایین ته‌واوترو راستگۆترن، فه‌لسه‌فه‌ش که‌م گشتگر درێژدارتره.

له ئایینی فه‌له‌دا (مه‌سیحیه‌ت)

که ئایینی مه‌سیحیه‌ت هات و بلاوبۆوه، چه‌ند که‌سانێك باوه‌ڕیان به‌و ئایینه نوێیه هێنا، که پێشتر بڕوایان به فه‌لسه‌فه هه‌بوو.

مه‌سیحییه‌کان بوون به دوو تیپ یان تیم، یان باشتره بلێم: تایفه‌ی پارێزه‌ران له ئایین بوون به دوو به‌ش (ئه‌وانه چه‌ندنووسه‌رێك بوون، هه‌لسان به ئاراسته کردنی په‌یام بۆ زۆربه‌ی زۆری ولاتان، بۆ ئه‌باتیره کان

"(پاشا)کان به‌رگری و داکۆکیان له ئایین ده‌کرد).

تیمی یه‌که‌م: هه‌لیان کوتایه سه‌ر رێباوه‌ری یۆنانی به‌بیانووی ئه‌وه‌ی، که سه‌رچاوه‌ی (بدعه)یه له ناو کلێسه‌دا و ده‌یانووت: هیچ په‌یوه‌ندییه‌ك له نێوان

(ئۆرشیلیم و ئەسینا) دا نییە، یان لە میانەی (کلێسەو کتێبی پیرۆزی (ئینجیل) پێویستمان بە هیچ شتێك نییە.

تیمی دووەم: شانازیان بە فەلسەفەی یۆنانییەوە دەکرد، چونکە فەلسەفە لێکۆڵینەوەی راستییەکانە.

دەیان وت مەسیحیەت جەختی لەسەر ئەم لایەنە کردۆتەوە، هیچ رێگریەکی ئەوتۆ بەدیناکرێ لە میانەی ئایینی مەسیحیەت و فەلسەفەدا شایەنی باسکردن بێت، پێگەیەك بۆ هەردوولا هەیە، هەروەها دەیانگووت: فەلسەفە رێگە خۆشکەرێکە بۆ چوونە ناو ئایینەوە.

بەناوبانگترین کەسی ئەم تیمە: قەشە جوستین Justin بوو، جوستین لای وابوو: عەقڵی راستگۆ لە بازنەی سرووشتی دایە، پاشان کلیمان clement هات کە فەیلەسوفێکی بە توانابوو لە ساڵی ١٥٠ تا ساڵی ٢١٧ زایینی ژیاوە، فەلسەفەی خۆشەویست کردو داوای لە فەلەکان کرد خۆ بە فەلسە ببەستنەوە بۆ ئەوەی بگەنە راستییەکان، چونکە (خودا) سەرچاوەی راستییەکانە، پاش ئەوانیش قەشە (ئۆگستین ٣٥٤ — ٤٣٠ زایینی) هات جێ پەنجەی لە فەلسەفەی مەسیحیدا دیارەو هەر بۆیەش دەڵێن: لەسەر دەستی ئەو فەیلەسوفە شورای فەلسەفەی مەسیحی بە ئاکام گەیشت. دوا ئەوەی دەستکرا بە گواستنەوەی فەلسەفەی یونانی بۆ سەر زمانی عەرەبی پەرەی سەند و بڵاوبۆوە، ئیدی رووبەڕووی ناڕەزایی و رەخنە بۆوە، لێ نەبووە هۆی رێلێگرتنی چونکە دەوڵەت هاندەرێك بوو بۆ ئەو بزووتنەوە رۆشنبیری و فەلسەفییەی لە ئارادابوو.

لێرەدا خەڵك بوون بە دوو کۆمەڵ، چونکە پێش ئەوەی فەلسەفەی یۆنانی لە دەوڵەتی ئیسلامدا بلاوببێتەوە، هەندێ کەس لێکۆڵینەوەی ئایینیان لە بارەی قورئانەوە ئەنجام دەدا تاوەکو لەگەڵ عەقڵدا بگونجێ، هەر لەو پێگەیەدا باس لە لێکدانەوەی (ئەلکندی) دەکەین ، بۆ ئایەتی "والنجم والشجر یسجدان" ئەلکەندی دەڵێ: وانەبێ کرنۆش، ئەو کرنۆشە کە ئێمە دەیزانین، بەڵکو ئەو کرنۆشە

گەڕانەوەیە بۆ فەرمانی خولقێنەر، چونکە وشەی (سجود) بۆ کوردیەکەی واتە: کرنۆش، بەو کاتە دەگوترێت کە لەکاتی نوێژکردن نێوچەوان لەسەر ئەرزبیّ، ئەمە لایەك ، لە لایەکی دیکەوە (السجود) لە زمانی عەرەبی مانای (مَلکەچی) هەروەها بە مانای کامیل بونیش دیّ، بەلاّم (ئەلفارابی) پێی باشترە کە شرۆڤەی ڕاستییەکانی ئایین بە بیروبۆچوونی ئایینی- فەلسەفی بێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە کە شرۆڤەی یان راڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی دەکرد، کە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمویّ (والظاهر والباطن) دەلّیّ هیچ بوونێك کامیلترنییە لە بوونی زاتی ئەو، چ شتێکی شاراوە بەدی ناکریّ لە کەم و کوڕی زاتی ئەو، هەر بەهۆی زاتی ئەوەوە هەموو شتەکات دیارورونن، وەکو چۆن خۆر هەموو شاراوەێك دیاردەدات.

جا بۆئەوەی باسەکەمان زێتر مانای خۆی بپێکی باس لەو دوو کۆمەڵەیە دەکەین:

کۆمەڵەی یەکەم: دەیان گووت، ڕاستییەکان سرووشە کە بۆ پێغەمبەر (محەمەد) (د.خ) هاتووە، ئەمەمان بەسە بۆ ئەوەی بڕوای تەواومان هەبێت چ لەرووی رووخسار یا ناوەڕۆکدا، هەروەها تێڕوانین و رامان لە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان، کە بۆ خەق و کاروکردەوەی باش و بەجیّ هاتوون، دەیانگووت: ئەوا ئێمە وا لە فەلسەفە دەڕوانین کە(بدعە) بێت بۆ ئەوەی لە شەوکەتو کەمالی ئیسلام کەم بکاتەوە: ئەو ڕێبازە، ڕێرەوی پیاوە مەزنەکان و زانایانی ئایین بوون کە پێیان دەوترا (سۆفیگەرییّتی).

کۆمەڵەی دووەم: وای بۆ دەچن کە فەلسەفە لە توانای مرۆڤە، بۆیە هەوڵیاندەدا ئایین و فەلسەفە لێك نزیك بکەنەوە چ لەرووی شەرع یا لەرووی حیکمەتەوە بێت، تەنها لە جیاوازی دەربڕیندا نەبێت، لەوانە هەردوو بیرمەندو هزرڤانی ئیسلامی (ئەلکەندی) و ئەوتریان (ئەلفارابی) بوو.

(ئەلکەندی) پێناسەی فەلسەفەی دەکرد، بەوەی فەلسەفە زانینی شتەکانە، بەڕاستیەکانییەوە بەقەد توانای مرۆڤە، کەندی فەلسەفەو ئایینی لە یەك پایەو پلە

دادەنا، لەگەڵ ئەوەشدا دەیگووت: ئایین گەورەترین پلەوپایەی هەیە و زانستەکانی زۆرترو گشتگرترە. (فارابی)ش، پێیوایە، کە فەلسەفە و ئایین بۆ بەرژەوندی مرۆڤ هاتوون و یەك سەرچاوەیان هەیە، فارابی چەند مەرجێکی بۆ ئەوکەسانە دانابوو، کە فێرخوازی فەلسەفەن لەوانە:

١- زانینی قورئان.

٢- زانینی زمان.

٣- زانینی زانستە شەرعییەکان.

٤- داوێن پاکی.

٥- راستگۆیی.

دوالیزمی ئایین و فەلسەفە لای (ئیخوان ئەلسەفا)

ئیخوان ئەلسەفا پێناسەی ئایین دەکەن و دەڵێن: ملکەچی کۆمەڵ بۆیەك سەرۆك، ملکەچیش دوو توخمی هەیە:

توخمی یەکەم: دان پیانان و باوەڕی دڵە.

توخمی دووەم: بەرچەڤە کردنی ئەو دان پیانانەیە بە کردەوە.

پێناسەی فەلسەفەش: بەوەی لێکچوونە بە پێی توانای مرۆڤە.

پێناسەی باوەڕیش دەکەن بەوەی: ڕەگەزی یەکەمە کەلەلایەن ئەو کەسەیەوە پێگەیشتووە و دان بەراستیەکان بنێت، بەزاراوەش: بڕوا بە خودا، بەفریشتەکان، بەکتێبەکان، بە پەیامبەرەکان، رۆژی یەکەم و دوایی (ئاخیرەت)کە لێرەدا بەراوردکاری لە میانەی ئایین و فەلسەفەدا دێتەڕوو.

ئەوان مەبەستیان پتر لایەنی بڕوایە، زۆر گەواهی بەو ئایەتە پیرۆزە دەدەن کە دەڵێ ﴿الَّذينَ أوتُوا الْعلمَ والأيمانَ﴾ لێرەدا بڕوا دەستپێشخەری عەقڵە، هەروەها هیچ جیاوازییەك نابینی لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا، واتە ئایین و فەلسەفە دوو

مەبەستیان هەیە، یەکیان سەرەتاییە ئەویتریان کۆتاییە، یانی پێغەمبەرەکان (د.خ) لەدانی شەرع و ئاکارو رەفتار نزیکبوونەوەی لە خودای گەورە.

بیرمەندەکانیش دانانی سیاسەتێك بۆ چاکسازی و رزگاربوونی دەروون لە تەنگ و چەڵەمەکانی جیهان و گۆڕینیان بۆ خۆشیو شادی و کامەرانیش لە دونیای ئاخیرەت، واتە پێغەمبەرەکان (د.خ) ((شەرع + ئاکارو رەفتار + نزیکبوونەوە لە خودای گەورە)) بیرمەندەکان ((چاکسازی + رزگاربونی دەروون + کامەرانی))

ئیخوان ئەلسەفا لە یەکێك لە پەیامەکاندا هاتووە دەڵێن: ئێمە بە هیچ شێوەیەك دوژمنکاری هیچ زانستێك ناکەین، مەزهەبێك لە مەزهەبەکانی تر باڵاتر ناکەین، پشت لە هیچ کتێبێك لە کتێبەکانی ناکەین، بەڵام ئێمە پشت ئەستورین بە کتێبە پیرۆزەکانی خودا بۆ پێغەمبەران (د.خ) رەوانە کردووە.

هەربۆیەش ئیخوان دەڵێن: ئەو کەسانەی کە هێرش دەکەنە سەر فەلسەفە، ئەو کەسانە دژی ئایین رادەوستن و ئەوانە خەڵکانێکی کاڵفام و نەزانن.

بەم جۆرە بۆمان دەرکەوت هیچ دژایەتییەك وناکۆکییەك لە نێوان ئاین و فەلسەفەدا نییە، گەر وابێ بۆ هەندێ جار هەست بەو ناکۆکییە دەکرێ، بۆوەڵامدانەوەی ئەم هەستکردنە، ئیخوان ئەلسەفا دەڵێ: ئەم ناکۆکییە لە نێوان پیاوانی ئایین و فەلسەفەدا هەیەو هەست پێ دەکرێ، نەك لەنێوان خودی ئایین و فەلسەفەدا، چونکە هەندێك لە زانایانی ئایینی فەلسەفەیان پشتگوێ خستووە، تەنها خۆیان بە زانستەکانی شەرع و حکومەکانی خەریك کردووە، لەمبارەوەیە لاملی نیشان دەدەن، بیرمەندەکانیش بەهەمان شێوە ئایینیان پشتگوێ خستووە خۆیان بە فەلسەفەوە خەریك کردووە.

کۆمەڵەی ئیخوان هێرشێکی توند دەکەنە سەر ئەو بیرمەندانەی کە تەنها خەریکی فەلسەفەنو بێ ئاگان لە روگەشی شەرع ئەمانە وەکو ئەوەن:

﴿شياطين الجن والانس يوحي بَعضهمُ لبعض زخرف القول غرورا﴾ يان هەروەکو خوای گەورەدەفەرموێ (واذا مروا بهم يتغامزون) يان دەفەرمووی(صمٌ بكمٌ عميٌ فهم لا يعقلون).

هاوکوفیی لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا

ئیخوان ئەلسەفا پێیان وایە: فەلسەفە میتۆدی عەقڵە بۆ چەمکی ئایین، دان پیانانە بەبەهای راستییەکانی زانست لە رێگەی سرووشدا.

پێغەمبەر (د.خ) فەیلەسوفە، پێش ئەوەی ببێتە پێغەمبەر و سرووشی بۆ بێت و یان بێتە خوارێ، یانی بە واتای رووخسارو ناوەڕۆك، روخسار: بە تێگەیشتن بە چەمکەکان، ناوەڕۆکیش: زیاتر بۆ خزمەتکردنی زانست،

(ئیخوان) زۆر لەو فەرموودانە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی (لو عاش ارسطوطاليس لآمن بی) واتە ئەگەر ئەرستۆتالیس لە ژیان بمایە بڕوای بە من دەهێنا، بەڵام دکتۆر فوئاد مەعصووم دەڵێ: ئەم فەرموودەیە هیچ بنەماییەکی نییە، لەوانەیە دانراوبووبێت، چونکە ئەو فەرموودەیە لە هیچ شوێنێك بەرچاو نەکەوتووە، تەنها ئاماژەی پێدەدەن بۆیە وا بە باشی دەزانم راو بۆچوونەکانی (ئیخوان) لەسەر پێغەمبەرایەتی (د.خ) بە دوورو درێژی باسی لێوە بکەین و بیخەینەڕوو.

پێغەمبەرایەتیی

روانینی (ئیخوان ئەلسەفا) بۆ پێغەمبەرایەتی بەندبوو بە دوو فاقی مرۆڤەوە لە دەروون و جەستەدا کە بەرزترینیان دەروونە مەبەستی مرۆڤ خۆ رزگارکردنە لە جەستەو گەڕانەوەیە کە بۆ جیهانی رۆح، خوای گەورە بە جوانترین شێوەی خولقاندووە هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ:

﴿لقد خلقنا الانسان فی احسن تقويم﴾ بۆ ئەوەی مرۆڤ دەسەلآتی بەسەر هەموو شتێکدا هەبێ، هەروەها کردییە جێنیشینی خۆی و دەستڕۆییانە مرۆڤی سەر زەوی خستەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەو کاتەی پەیامبەرایەتی دەست پێ

دەکات ئەو کاتەی کە فەلسەفە بە کۆتا هاتییەو سرووشیش دەست پیێ دەکات و عەقڵ لە کامیلبوونیدا راوەدەستیێ.

رای ئیخوان ئەوەیە: کە پێغەمبەرایەتی زۆر شەرفمەندترە لە فەلسەفە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەر لەم روانگەوە (پێغەمبەرایەتی) لەلای ئەو توێژە یان ئەو کۆمەڵەیە لەسەر سیێ بنچینەدایە:

١- وەرگر ←——— پێغەمبەر

٢- ئەوەی لیێ ی وەردەگری ←——— دەروون

٣- شتی وەرگیراو ←——— سرووش

پێغەمبەرایەتی وانەبیێ کارێك بێت و هەوڵی بۆ بدرێت، بەڵکو دیارییە کە لەلایەن خوای گەورەوە پێشکەش بە هەڵبژێرە دەکریێ و هەر خواش بەندەکانی خۆی دەناسیێ و هەڵیان دەبژێریێ.

مرۆڤی باش هۆشمەندە، باشترین مرۆڤیش زانایەکانن، بەرزترینیان پێغەمبەرەکانن، پاش پێغەمبەریش: بیرمەند(فەیلەسوف) و چازان و (حەکیم)ەکانن.

پێغەمبەریش (د.خ) دەبیێ چەند خەسڵەتێکی تیادابێت وەکو:

١- کەم ئەندام نەبێت.

٢- زوو شت وەرگرێت.

٣- شتەکان بە زوویی هەرسی بکات.

٤- شت لەبیرنەکات.

٥- شتەکان بەزوویی لە ئەزبەر بکات.

٦- سوود لە زانستەکان وەربگرێت.

٧- دەربڕینی باش بێت.

٨- حەزی لە زانست بێت.

٩- زۆر خۆر نەبێت.

١٠- مەشرەب خۆش بێت.

١١- دەروونی بەرز بێت.

١٢- ورە بەرز بێت.

١٣- زانایانی خۆش بووێت.

١٤- دونیا بەلاوە بنێت.

هەر لەبەر ئەم خەسڵەتانەشە کە پێغەمبەرەکان (د.خ) بە پایەترین و بەرزتری کەس لەقەڵەم دەدرێن و پسپۆرن لە زانستەکانی عەقڵ و خوداناسی و دەروونیدا.

ئەلفارابی لە کتێبی (آراء اهل المدينة الفاضلة) باسی ئەو خەسڵەتانەی کردووە ئیخوان دەقاو دەق هێناویانەتەوە، بەڵام ئاماژەیان بە نێوی نەکردووە.

کە باسی پێغەمبەرایەتی دەکرێت، هیچ کاتێك ئاماژە بە موعجیزەکان ناکەن، ئەمەیش بۆ بیروڕای (موعتەزیلەکان) دەگەڕێتەوە، فێربوونی ئاکارو رەفتارو رەوشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) بە پلەی یەکەم دادەنرێت کتێبی (مێژووی فەلسەفەی عەرەبی) لەدانانی حنا فاخوری و خەلیل ئەلجەر دەڵێن: ئەو کۆمەڵەیە (ئیخوان) دان بە موعجیزە دانانێن، بەڵام لە راستیدا لە زۆر شوێندا باس لە موعجیزەی قورئانی پیرۆز دەکەن بەوەی ئاراستەی هەموو کەسێك کراوە بە هەموو ئاستێکەوە، دەستگرتنیشە بۆ پایەی بەرز.

رای ئیخوان کۆکە لەگەڵ ڕای بیرمەندی عەرەبی (ئەلفارابی) کە دەڵێ: پێغەمبەر پەیوەندی بە عەقڵی کاریگەرەوە هەیە کە پێی دەوترێ: روح القدس یان روح الامين.

کەباس لە پێغەمبەر دەکەین وەنەبێ باسی کەسانێکی سادەو ساکار بکەین، چونکە پێغەمبەر (د.خ) هەرچەندەمرۆڤ بوو، بە مامۆستای مرۆڤایەتی دادەنرێت، بەڵام لێدوان لەسەر ئەم بابەتە ئاسان نییە، نەخواستە لەسەر پێغەمبەری ئیسلام کە خودای گەورە خۆی فەرموویەتی ﴿وَما أرسلناك إلا رحمةً للعالمين﴾.

کەوا بێ گەورەترین پایە و مەزنترین مەنزلگای هەر بۆ زاتی ئەو دەگەڕێتەوە، لێرەدا ئیخوان دەڵێن: ئاخاوتنەکانی مرۆڤ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاخاوتنەکانی فریشتە: واتەهی مرۆڤ بە پەیڤ و دەستەواژە و قسەکردن، بەڵام فریشتەکان ئاخاوتنیان بە هێمایە، لەگەڵ هەندێشدا ئەم دوو جۆرە فەرمانیکی هابەشیان هەیە لە کاتی قسە کردندا. پێغەمبەر بە هۆی هێماوە سرووشەکان وەردەگرێت، چونکە پێغەمبەر گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە بتوانێ و توانای هەیە بۆ تێگەیشتن لە زمانی ئاسماندا، هەر ئەویش ئاخاوتنە، کە بە شێوەی زمانی سەر زەوی دەیگەیەنێتە ئەو میللەتەی کە بەو زمانە دەئاخفن.

هەر بۆیەش ئیخوان وای بۆ دەچن: کە سرووش لە کاتی بە ئاگا بووندا دەبێتە دوو جۆر:

١- گوێبستن بە بێ هێمای کەسێك.

٢- گوێبستن بە ئاخاوتن بە بێ بینینی کەسێك.

یانی زۆر بە دووری دەزانن فریشتە بە وێنەی هەستیار هاتبێت، کە فریشتە هێزێکی سروشتییە، بینینی خەون لەلای ئەو کۆمەڵەیە دەبێتە شەش جۆر:

یەکەم: ئەوانەی زیندە خەون، واتە ڕەنگدانەوەی ماندووبوونی رۆژانەی کاری ئادەمیزادە.

دووەم: لایەنی دەروونی و تەندروستی مرۆڤە.

سێیەم: لایەنی ئەستێرەکان.

چوارەم: لایەنی وەسوەسەی شەیتان.

پێنجەم: لەلای فریشتەوە.

شەشەم: سرووش لە لایەن خوای مەزنەوە.

بێگومان لەو کاتەدا جۆری پێنجەم و شەشەم کە خستمانە ڕوو (فریشتە و سرووش لەلای خوا) شایانی ئەو کەسانەیە کە خوای دڵۆڤان دەسنیشانی کردوون واتە: ئەوانە کێن: هەمیشە پێغەمبەرەکانن(د.خ).

بەشی چوارەم

ئایینزاوفەلسەفەی ئیخوان ئەلسەفا

زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لە سەر ئەوە کۆکن، کە بیروبۆچوونو مەزهەبی (ئایینزای) ئەو کۆمەڵەیە (شیعەن) هەرچەندە رای جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی، کە ئایا بۆ کام تیم دەگەڕێنەوە، هەندێ وای بۆ دەچن کە (شیعە) رەسەنن، هەندێکیش دەڵێن: ئەوانە ئیسماعیلینە، هەندێکیش بە شیعەی (دوازدە مەزهەبی)ی لە قەڵەمیان دەدەن.

دەیبور دەڵێ: ئاینزاییان کۆکراوەوەی چەندین مەزهەبە، دەڵێ ئیخوان خۆشیان دانیان بەو راستیە داوە، مێژوونوسەکانی فەلسەفە، بەم جۆرە ئایینزایە دەڵێن: مەزهەبی هەڵبژاردە زۆر دەق هەن لە نێو پەیامەکاندا، ئەم راستیە دەسەلمێنێ.

بۆ نموونە: لە پەیامی چل و نۆیەمیندا باس لە رۆژی غەدیر دەکەن (ئەو رۆژە بوو کە پێغەمبەر (د.خ) پاش کۆتایی حەج هەموو هاوەڵەکانی کۆکردەو فەرمووی (من كنت مولاه.... فعلي مولاه اللهم وال من والاه.... وعاد من عاداه..الخ) ئەو رۆژە بەرۆژێکی ئایینی دادەنرێ، ئەوان وای بۆ دەچن کە خوای گەورە تایبەتمەندی داوەتە حەزرەتی ئیمامی (عەلی) (ر.خ) وەکو شرۆڤەکاری لێکدەرەوە زۆر بەبەرزو پیرۆزی رێزی لێدەگرن، هەندێ لەو فەرمایشتەپیرۆزەکانی پێغەمبەر دێننەوە بۆ ئەم مەسەلەیە کە دەفەرمووێ

(انا وانت يا علي ابوا هذه الامة) واتە ئەی عەلی من و تۆ باوکی ئەم میللەتەین، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئیخوان سنووردارییی باوکایەتی بۆ روحانیەت دەگەڕێنتەوە، نەك بۆ جەستەیی کە باس لە (ئەهل ئەلبەیت) دەکەن دەڵێن: ئەوانە عەمباری زانستی خواو میراتگرانی زانستی پێەمبەرن زۆرجاریش هەیە(ئیخوان) ئاماژە بە رۆڵ و کردەوە باشەکان (سنەکان) دەکەن.

هەر بۆ نموونە: لە پەیامی (٤٨) دا ئاماژە بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەکەن کە (ئەبو هورەیرە) هاوەڵی پێغەمبەر دەیگێڕێتەوە کە دەفەرمووێ (علیك یا ابا هريرة بطريق اقوام اذا فزع الناس لم يفزعوا، واذا طلب الناس الامان لم يخافوا، قال من هم يا رسول الله عدهم لي، وحضهم حتى اعرفهم قال ، قوم فی امتي فی اخر الزمان يحشرون محشر الانبياء).

واتە رێگای ئەو کەسانە بگرە بەر، ئەگەر خەڵك ترسان ئەوان ناترسن، گووتی: ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا؟ بیانژمێرە، وەسفیان بکە تا بیانناسم، فەرمووی، گەلێك لە ئومەتی من لە ئاخیری زەمان وەکو پێغەمبەرەکان حەشر دەکرێن:

نموونەیەکی تر: دەڵێن حەزرەتی عوسمان (ر.خ) بە قەزای خوا رازی بوو، دەیزانی دەکوژرێ، هەربۆیەش بە بەندەکانی خۆی گووت: هەرکەسێ شمشێرەکەی فرێدا: ئەوا ئازادە لەرێی خودا و پاشان قورئانی خستە هامێزیو ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە (وسيكفيكم الله) ئەمەش دانپیانانە بۆ گەورەیی ئەم زاتە.

هەروەها لە زۆر مەسەلە لەگەڵ سونەکان دا کۆك و هاودودەنگن وەك: ریزبەندی چوار جێنیشە (خلیفە)ی پێغەمبەر (د.خ) (ئەبو بەکرو عومەرو و عوسمان و عەلی) (ر.خ) ئیمامەو خەلافەت بابەتێکە رای جیاواز هەیە، جیاوازی شیعەکانیش لە نێو خۆیاندا لەسەر ئەم بابەتە ناکۆکن.

بۆ نموونە: سونەکان دەڵێن: خەلیفەکان (ئەبوبەکر و عومەرو عوسمان) بە گوێرەی هەڵبژاردەی شەرع بوونەتە جێنیشن، پاشان عەلی کوری ئەبی تالیب ئەو پایەی وەرگرت و جێنشینەکەی ئەمیش هەر شەرعی بوو، هەروەکو خەلیفەکانی پێشە خۆی، هەر لەبەر ئەوە یە کە سونەکان دەڵێن: هەرچەندە ئێمە بڕوای تەواومان بە حەزرەتی عەلی هەیە و زۆر بەرزو دەسترۆ بووەو خزمی پێغەمبەریشە

(د.خ) بەلاّم وەنەبیّ خەلیفایەتی هەر پشتاوپشت بۆ حەزرەتی عەلی بێت ئاماژەش بە هەندیّ فەرموودە دەکەن.

١- پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێ (انا مدينة العلم وعلى بابها)

واتە: من شاری زانستم عەلیش دەرگاکەیەتی.

٢- یان کە حەزرەتی عومەری کوری خەتاب کە دەفەرمووێ (لولا على لهلك عمر)

واتە ئەگەر عەلی نەبوایە عومەر دەفەوتا.

٣- حەسەن ئەلبەسری کە ناوی ئیمامی عەلی دیّ دەفەرمووێ(ربانی هذهِ الامة)

واتە: مەزنی ئەو میللەتەیە.

ئایینزای (ئیخوان) هەروەکو خۆیان دەڵێن:

کۆکراوەی هەموو مەزهەبێکە، هەموو زانستێك دەگرێتە خۆی باس لە هەموو هەبووەکان دەکات، هەستی و عەقڵی، لە یەکەمجارەوە تا کۆییەکەی، رووخسارو ناوەڕۆك، روون و ونەکەی، بە دیدگای راستییەکانەوە، بەوەی یەك باوەڕ، یەك نەخۆشی یەك جیهان.

سەرچاوەی بیروهزریان بەمانەی خوارەوە سنووردار کردبوو:

١- کتێبەکانی فەلسەفە لەسەر بیرکاریی و سروشت.

٢- کتێبی پێغەمبەرەکان (د.خ) وەك تەورات، ئینجیل، قورئان،...تد.

٣- سروشت: بە وێنەو جۆرو جوولانەوەی

٤- دەروونی گشتی و پاژەکیی یا لاوەکیی.

بەلاّم ئەوانە پتر کاریگەربوون بە قوتابخانەی فەلسەفی ئە فلاتونی هەروەکو لە پەیامەکانیاندا بەرچاو دەکەوێت و لە زۆر دەقدا هەستی پێدەکرێت.

بۆ ئەوەی بابەتەکەمان لەسەر ئایینزای ئەوانە تێرو تەسەل بێت کە دەڵێن: میراتگری بە رۆحانییەتە نەك بە جەستەیی ئەوا گەواهی بە فەرموودەی پێغەمبەران دەدەن وەك پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرمووی (المؤمِن أخو المؤمن من أبيهِ وأمهِ).

حەزرەتی نوح کە دەفەمووێ (إن ابنی من أهلی) قال انه (لَیس مِن أهلك انُه عمل غیر صالح).
یان کە دەفەرمووێ (فاذا نفخ فی الصور فلا انساب بینهم ولا یتسألون).
یان کە دەفەرمووێ (ملة ابیکم ابراهیم).
یان کە پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرمووێ (العلماء ورثة الانبیاء) واتە زانایان میراتگری پێغەمبەرەکانن.

بۆ یەکەم جار نازناوی شکۆمەندی لە ئیسلام لە کاتی خەلیفە (ئەبوبەکر) (ر.خ) هاتەکایەوە، وەکو زاراوەیەك لەسەر کەسی فەرمانڕەوا یەکەمین کەسیش لە ئیسلامدا ئەبوبەکر بوو کە بە (خەلیفە)ناونرا، سونەکان جیاوازی ناکەن لە بەینی خەلیفەو ئیمامدا هەردووکیان ئاماژەن بۆ یەك کەس، بەلاّم لای شیعەکان جیاوازی هەیە، ئیمام وەکو مافێکی شەرعی بۆ جیّ بە جیّ کردنی کاروباری موسولمانەکان و (خەلیفەش) خاوەنی دەسەلاتی دەسترۆی راستەوخۆیە، ئەمەشیان دوو جۆری هەیە:

جێنیشینی پێغەمبەر و جێنیشینی پاشایەتی، کە شرۆڤەی جێنیشینی پێغەمبەر دەکەن دەڵێن: وەکو سرووش وایە بانگەوازی ئیسلامی بکات، ئامۆژگاری و رێنمایی خەڵك بکات، میتۆدەکان روون بکاتەوە یان بە کورتی: هەر شتێك پەیوەندی بە ئایینەوە هەبێت لە رووی رێنمایی‌و ئامۆژگاری و روونکردنەوە.
بۆ جێنیشینی پاشایەتی دەڵێن: دەستەلاّتی رامیاری و کارگێڕیی دەگرێتەوە، خۆی پێویستە هەرکەسێ ئەو پایەیەی وەرگرت ئەوا دەبێ ئەوەی پێغەمبەر هێناویەتی جێ بەجێی بکات هەربۆیەش (ئیخوان) دەڵێن پاشاو ئایین دوو جمکن و بەهێزبوونیان بەیەکترە، ئایین بناغەی پاشایە و پاشاش زێرەڤانیە، هەرشتێ بناغەی نەبێ دەڕمێ و بێ پاراستن واتە بزربوونە.
هەروەها دەڵێن لەوانەیە فەلسەفەکان پێغەمبەرایەتی و پاشایەتی لەیەك کەسدا و لەیەك کاتدا هەبن وەك: محەمەد (د.خ) داودو سلێمان (د. خ) بۆمان دەرکەوت

چۆنیەتی راوبووچوونیان سەبارەت بە ئایینزای خۆیان، بەڵام دووچاری چەندین ئاستەنگ دەبنەوە لەوانە:

١- ئیخوان ئەلسەفا دەیانەوێ هەموو مەزهەبێك رازی بکەن، هەتا ئەگەر هاتوو بە پێچەوانەی راوبیروبۆچوونەکانیشیان بێت.

٢- ئیخوان ئەلسەفا لە نێو خۆشیاندا رای جیاوازیان هەیە بۆ ئیمام و چۆنیەتی سەرۆکایەتی میللەت.

٣- لەوانەشە هەندێ (دەق) ی ناخۆ خۆی خزاندبێتە نێو پەیامەکانیان.

شیعەکان پێنج بنەماکانی ئیسلامیان کردووە بە شەش بنەما و ئیمامەتیان بۆ زیادکردووە، لەم بارەوە پاش مردنی ئیمام جەعفەری ئەلسادق بوونەتە دوو تیم:

یەکەم: دوانزدە مەزهەبی: ئەوانە دەڵێن پاش مردنی جەعفەری ئەلسادق، موسای کازمی کوڕی دێت کە کوڕە گەورەکەیەتی بە ئیمامی حەوتەمی دادەنێن، کە باوکی لە ژیان بووە ئەو مردووە، هەندێکیش دەڵێن لەبەر رەفتارە خراپەکانی بۆ ئیمامەتی ناگونجێت.

دووەم: ئەلئیسماعیلیە: ئەوانە دەڵێن ئیمامەتی ئیسماعیل ئەوجا بۆ کوڕی، یانی موسای کازم بەلاوە دەنێن، دەڵێن نەمردبوو، بەڵکو باوکی لە ترسی عەباسیەکان وای راگەیاندبوو.

ئاكارو رەوشت ﴿Morale﴾

گەر بێت و ئاکارەکان لە توێژینەکانی گشتی دا دابەش بکەین بۆ فەلسەفەی ئاکار، زانستی ئاکار، رێنمایی و ئامۆژکاریەکانی ئاکار ئەوا بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی پشك لەلای (ئیخوان) بە بەر رێنمایی و ئامۆژگارییەکان دەکەوێ، کەمتریان فەلسەفەی ئاکارە لەلای مرۆڤدا دەبێتە دوو جۆر:

جۆری یەکەم: سروشتی.

جۆری دووەم: غەریزەیی (مەگێزی).

هەندێ لەو ئاکارانە لەلای مرۆڤدا لایەنی خراپی هەیە و هەندێکیان مایەی پێزانینە بەوەی کە عەقڵ دەیبینێ و بە حوکمی شەرع باشن.

وای بۆ دەچن کە حەزو ئارەزوو ، دوو شتی خوڕسکی مرۆڤن و حیکمەتن دەڵێن: گرنکی ئاکار لە پێکهاتەی ئەو حەزو ئارەزووەوەیە حیکمەتیەکەش وا لە مرۆڤدا دەکەن ئەو حەزو ئارەزووە کە پیادەبێ ئەوەی سوودبەخشە بۆخۆی پەلکێش بکاو زیانبەخشەکانیش لە خۆی دووربخاتەوە:

ئەو کاتەی ئەو حەزو ئارەزووە هاوشان دەبێت لەگەڵ کردەی گونجاو لەکاتی گونجاودا بە ئاراستەی ئامانجی سەرەکی ئەوا بەرەو خێروخۆشی دەبێ، ئەگەرنا ئەوا بەرەو شەڕ دەڕواو کردەوەی باش شایانی سوپاسە و کردەوەی خراپیش مایەی شەرمەزارییە، ئەگەر هاتوو کردەوەکە ڕەواو شەرعی بوو، ئەوا ئەو کەسەی بەو کارە هەڵساوە مافی پیاهەڵدان و پاداشتی هەیە، گەر بە پێچەوانەی ئەمەبوو ئەوا مایەی سزادانە کەواتە ئاکارەکانی مرۆڤ وەکو سروشتی تێکەڵاوییەکەی خۆی لەم چوار جۆرەدا دەنوێنێ:

١- ئاکارەکانی سروشتی.

٢- ئاکارەکانی دەروونی ئەزموونی.

٣- ئاکارەکانی هزری و عەقڵی.

٤- ئاکارەکانی ناموسی (نهێنی راگر)ی رامیاری.

هەریەکێك لەم پایانە لە خزمەتی پایە بەرزەکانی ترە، ئەو کردەوە باش و خراپانەی کە بۆ خودی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بریتین لە:

زانست و زانیاری، ئاکارەکان، بیروباوەڕ، گۆتەو کردەوەکان، جوانی و ناشیرینی، هەندێ جار ئەو کارانە بە ڕێگای شەرعەوە هەستی پێ دەکەن، هەندێ جاریش لە ڕووی عەقڵەوە بۆیە پێغەمبەرەکان (د.خ) بەمامۆستای مرۆڤایەتی دەناسرێن هەرچی کردەوەی باش هەیە فێری مرۆڤ دەکەن و شرۆڤەو راڤەکردنیان بۆ دەکەن و جۆری ئاکاری سرووشتی لە دابەشکردن کە بۆ پایەی یەکەمین

دەگەڕێتەوە، پایەی سێیەم هەڵدەستێ بە هەڵبـژاردنیان، چـونکە کـردەوە بـاش و خراپەکان لە سێ جۆرەکەی دوایین دێن و بە هەڵبژاردەی مرۆڤەوە بەندن.

جیاوازییەکانی ئاکار بە بۆ چوونی ئیخوان ئەلسەفا

هۆکارەکانی بۆ ئەو چوارخاڵە دەگەڕێتەوە:

١- تێکەڵاوی پێکهاتەی جەستە.

٢- ئاخ / ی شوێن و شارو باو هەواکەی.

٣- کاریگەری و خەسڵەتەکانی باوان و مامۆستایان و پەروەردەکاران.

٤- کاریگـەری ئەسـتێرەکان لەسـەر رەسـەنی لـەدایك بـوون، ئـەو کاریگەرییـە بەهۆی بنەڕەتی و سەرەکی دەژمێردرێ و هۆیەکانی تر وەکو لك و پەلن.

کەواتـە بۆمـان دەرکـەوت هۆکارەکـانی ئـەم چـوار گۆتانـە تـەنها ئـەوە ئیخـوان دەڵـێن: دروسـت بـوونی مـرۆڤ و خووەکـانی دەکەونـە بـەر گوشـارو کاریگـەری هۆکارەکـانی خۆنەویـستی (لاارادی) مرۆڤـەوە، بـەلام دەکـرێ بلـێین ئـەو جـۆرە هۆکارانە خوورتی نین، چونکە زۆر جار ئاماژە بە هەڵبژاردەو ئازادی خۆشەویستی مرۆڤەوە دەکـەن دان بـە بـوونی پاداشـت و سـزاوە دەنـێن ، چـونکە هـەر ئـەوانن کەمتەرخـەمن لـە پێـدانی رێنمـایی و ئامۆژگـاری بـۆ خـودی بەرانبـەر لـە بـشنەو (مخاطب) درك بەهاتنە سەر رێگای راست ناکەن.

هەروەها ئەو جیاوازییانەی کە لە ئاکاردا هەیە کۆمەڵەی (ئیخوان) باسیان لێوە کردووە، هەمدیسی ئاماژە یان بەشێوەیەکی بەرفراوان بە هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤەوە کردووە، لە رووانگەی رووخساری کەسایەتی تاکەکان پەیوەست بوون وەکو ئەڵقەیەکی زنجیرکراوە.

هەر ئەم زنجیرەیە چوار ئەڵقەی هەیە، کە بە یەکیان دەبەستێتەوە، بیروبـاوەڕ، داب و نەریت، ئاکارو کردەوەکان، هەروەکو باسمـان لـە جیـاوازی ئاکارەکـان کـرد ئەوانە بۆ ئەو ئەڵقانە دەگەڕێنەوە بەتایبـەتی ئەوانـەی پەیوەنـدییان بـە جیـاوازی دەروون و کەسایەتییەوە هەیە، چونکە گەوهەری دەروون، گەوهەری یەك رەگەز و

ئـەو جیاوازیانـەش بـۆ زانـست و ئاکـاررو بیروبۆچـونی و بیروباوەڕکارەکـان دەگەڕێتەوە.

هەربۆیەش بۆ وەرگرتنی ئەندام و بە ئەندام بوونیان لە نێو (ئیخوان)دا لە بارەی کەسـەکە بـە وردی و بـە دیقـەت لێـی دەکۆڵدرایـەوە بـۆ زانـین و ئاگاداربوونیـان دەربارەی ئاینیزاوراو بیروباوەڕ تا بۆیان دەردەکەوت کە:

نەرم ونیان و سوپاس گوزارو گران و مەشرەب خـۆش و هـێمن و ئـارام و لەسـەر خۆیـە، ئـەو هـەوەڵجار رێـی پێـدەدرا لـە دانیـشتن و کۆڕبەنـدو کۆبوونـەوەکانیان (ئیخوان) بەشداری بکات بـەو پێیـەی شـایانی هاوڕێیـەتی و برایەتییـە، یـانی ئـەو وێنانـەی کـە ئیخـوان ئەلـسەفا نیگـاری بـۆ دەکێـشان گێڕانـەوەی ململانێیـەکی گەورەبوو لە میانی: عەقڵ و خووەوە.

زانستەکان ئەوانەی کە (ئیخوان) پۆلینیان کردبوو سێ رەگـەز یـان سـێ هۆبـەی رەسەن لە خۆوە دەگرن:

١- زانسته بیرکارییەکان.

٢- زانسته شەرعییەکان.

٣- زانسته فەلسەفییەکان.

هەریەکێك لەم زانستانەدا بەم جۆرە دابەشکراون:

زانسته بیرکارییەکان: زێتر بۆ پەیدا کردنی بژێوو گـوزەران بـوو، کـە دەبێتـە نـۆ بەش.

زانسته شەرعییەکان: بۆ چارەسەری دەروون و رەزامەندی خوای گەورە دەبێتـە (٦)بەش

زانسته فەلسەفییەکان: زێتر بۆ دۆزینەوەی راستیەکان بوو کە دەبێتە (٤) چوار بەش

(بیرکاری – لوژیك – سروشتیەکان و خودایی).

هەر بەشێکیش لە بەشەکانی ئەو زانستانەدا دەتوانرێ داخوازییەکانی مرۆڤ بێنێتە دی.

بۆ نموونە: زانستەکان ئەندازەیی و ئەستێرە ناسی و مۆزیك هەریەکیان ئامانجی مانەویان (معنوی) هەبووە:

ئامانج لە فێرکردنی ئەندازە بۆ رێرەوی دەروونە واتە لە هەستەکانەوە بۆ عەقڵ و لە جەستەوەش بۆ روحانییەت فێربوونی ئەستێرە ناسی بۆ باڵە فڕکێی دەروونە لە جیهانی هەسارەکاندا، هەروەها نزیك بوونەوەشە لە فریشتەکان، ئامانجیش لە فێربوونی مۆزیکدا خۆشکردنی دەروونەو باش مردنیش هەڵکشانە بەرەو چەرخ.

ئادەمیزاد

ئیخوان ئەلسەفا راوبۆچوونیان سەبارەت بە مرۆڤەوە زۆر رۆشن و روون بوو، بەوەی مرۆڤ تەواوترین بوونەوەرە، ئەو لڤینەی (جوولانەوە) لەلایەن خوای گەورەوە دەستپێدەکات بەرەو خوار تا دەگاتە مرۆڤ و جوولانەوەیەکی تر بەرەو سەروو لەلایەن مرۆڤەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە سەرچاوەی یەکەمە.

بۆیە دەڵێین لەمانەی خوارەوە سەری هەڵداوە:

١- پێکهاتەی جەستەو گیانە (رۆح).

٢- دەروونییەکەی رۆحانییە، کە پایەتریانە.

٣- لە نێو جەستەکاندا، جوانترین وێنەکانی جەستە.

خوای گەورەش لەم بارەیەوە دەفەرمووێ:

(لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم)

٤- لەهەر بەشە پێکهاتەکانی مرۆڤدا، مەبەستێکی تایبەتییان هەیە.

٥- پایەترین پلەکانی مرۆڤ ماددی (ماویەتی)و جەستەییە (زاڵبوون بەسەر ئەوانەی دیکەوە).

٦- شەرەفمەندی پلەکانی مرۆڤ باریی دەروونییە بۆ قبووڵکرنی سرووش.

٧- پایەی رۆحانییەتی مرۆڤ باشترە لە پایەی جەستەیی.. تەوەری بنەڕەتی لە دیدی (ئیخوان) بۆ مرۆڤ ، لیکجیاکردنەوەی جەستەو رۆحە، هەر لەم سۆنگەوە زانینی خەسڵەتەکانی (مرۆڤ) بەکارێکی گرنگ و پێویست دەزانن.

خەسڵەتەکانی جەستە

جەستەی مرۆڤ وەکو جەستەکانی دیکەیە لەرووی رەنگ و بۆن و کێش و جوولانەوەدا، لە پێکهاتەی چوار شت ئاوێتەوتێکەڵاوە: خوێن، بەڵغەم، زەرداو، رەشێنە.

ئەمانەش پێکهاتەی ئەم چوارەن: ئاگر، با، ئاو، ئاخ (خۆڵ).

جەستەی مرۆڤیش ئەم چوار شتە لە خۆوە دەگرێ: گەرمایی، سەرمایی، شێداری، وشکی، جەستەی مرۆڤیش پاش مردن و لێکجیابوونەوەی لە رۆحدا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە.

خەسڵەتەکانی دەروون

دەروون پایەی روحیانەتە و زێدەگییە و بەهێزەو کاریگەرە و ورژێنەری جەستەیە و توانای فێربوونی هەیەو کۆتاییەکەشی گەڕانەوەیە بۆ خوای مەزن.

خۆشی مرۆڤ لەرووی ماددی دا: دارایی و سامان و کامەرانییە.

لەرووی مەعنەویشدا: خۆشی زانست و ئایینە.

(ئیخوان) دەڵێن: جەستە هۆکارێکی دەروونیە بۆ هەڵسان بە کارێك بۆیە دەروون بە شاگردێك دەشوبهێنن کە لە کارگەی خۆیدا لە تەك ئامرازەکانی کارەکەی دانیشتووە یان هەر ئەندامێکی جەستە وەکو ئەو ئامرازانە وایە کە کاری تایبەتی خۆیان دەکەن.

تجرد (داماڵین)ی دەروون

هەرە تایبەتمەندییەکانی دەروون لەلای ئیخوان ئەلسەفا دامالینی رۆحیانەتە، لەوانەیە بتوانین بەلگەکانی ئەو کۆمەلەیە لەسەر تەجەرودە(دامالین) ی دەروون بەم جۆرە باس بکەین:

١- ژیانمانەی پێغەمبەران و وەلیەکان (خواناس)ەکان و چازاکان.

٢- پێکهاتەی ئایینەکان، هەروەها سەردانی مەزاری پیاوچاکان و وەلیەکان.

٣- نەمانی هەست و جوولانەوە پاش مردن.

٤- توانای مرۆڤ بە ئەنجامدانی کارێك بەبێ گەرانەوە بۆ هەستەکان و جوولانەی ئەندامەکانی مرۆڤ وەکو بیرکردنەوە.

٥- خەون و روودانی جوولانەوە بۆ ماوەیەکی دوور.

٦- غەم و پەژارەو گریان لەسەر مردوو، بەوەی لەسەر جەستەدا نییە بەلکو لە پایەی دەروونەوەیە.

لێرەدا وەنەبێ مرۆڤ واز لە هەموو ئاکارەکانی غەریزە (مەگێزە) بێنێ، چونکە ئەمە نابێت، لەبەرئەوەی هەندێکیان بە پێویستی ژیان دادەنرێن لەبەر هەندێ دەلێن ئاکاری مرۆڤ کردەوەکانیەتی، کە ئەوانەن:

١- ئاکارە سروشتییەکان: خێرو شەڕ دەگرێتەوە.

٢- ئاکارە دەروونییەکان: باشی و خراپی دەگرێتەوە.

٣- ئاکارە عەقلییەکان: چازان و نەزان دەگرێتەوە.

٤- ئاکارە ئایینیەکان: پاداشت و سزادان دەگرێتەوە.

چاکەکاریی

ئەو کاتەی کە مرۆڤ باش بیرکردنەوە کارێك ئەنجام دەدات و کارەکە لەسەر رۆشنایی عەقلّ و ئایین بێت، ئەو کاتە کردەوەکە بە چاکسازی ناودەبەن ووەسپی دەکەن بۆیە لە چاککاری دا دوو توخمی بنەرەتی هەن:

١- سەربەستی هەڵبژاردن.

٢- بیرکردنەوە.

مرۆڤ سەربەستە لە هەڵسوکەوتەکانی، دەتوانێ ئەو کارانەی کە بیکات هەڵیبژێرێت هەرکەسێ کردەوەی باش بکات ئەوا بە چاکە ناودەبرێت ئەگەر کردەوەی خراپ بوو ئەوا بە شەڕانگێزی لە قەڵەم دەدرێت.و بەپێی ئەمانە پاداشت و سزای هەیە، ئیخوان بۆ گەواهی لە بۆچوونەکانیدا ئەم ئایەتە دێننەوە، کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ (وإن ليس للانسان الا ما سعى وإن سعية سوف يرى) هەندێ جار رایان لەگەڵ رای بیرمەندی گەورە (ئەرستۆ) کۆك و هاوشانە کە دەڵێ، چاکسازی کردەوەی سەربەستییە، چونکە مرۆڤ لێپرسراو نییە تا ئەو کاتەی کە سەربەست دەبێ.

چاکەسازی لەلای ئەرستۆ دوو جۆرە:

١- چاکەسازی عەقڵیی.

٢- چاکەسازی ئاکاریی.

کە هەردوو لایەنی هۆشمەندو ناژیری دەگرێتەوە، بەڵام ئیخوان ئەلسەفا ئەم چاکسازییەیان پەرە پێداوە و لەلای ئەوان چوار جۆرە:

١- چاکەسازی عەقڵیی.

٢- چاکەسازی ئاکاریی.

٣- چاکەسازی بیروباوەڕ.

٤- چاکەسازی پیشەیی یان کۆمەڵایەتی.

چاکەسازی عەقڵیی لە بۆچوونی (ئیخوان)دا لە ئاکامی دروستبونی زانستەوە پەیدا دەبێت ئەمە هەمان رای ئەرستۆشە یانی هەر بەو زانستەیەشە، کە لە خوای گەورە نزیك دەبنەو و شانازی لەسەر یەکدی دەکەن، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ (قل هل يستوى الذين يعلمون والذين لا يعلمون).

چێژو ئازار

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، یاساکانی ئاکار بە دەوری خۆشی مانـەوەو رق لێبوونەوەی نەمان دەسووڕێتەوە، مرۆڤیش هەمیشە کاردەکات بۆ ئـەوەی سـوود وەربگرێتو خراپەش لەخۆی دووربکاتەوە، ئـالێرەدا بەیستنەوەی چـێژ بەسـوود و ئـازاریش بـەوەی بەسـتراوەتەوە(کـە پـێشتر باسـی هەسـتەکانمان کـرد) و وتمـان چەندین پایەی هەیە بۆ چێژو ئازاریش هەمان جۆر پایەیان هەیە.

١- **ئارەزووەکـانی (شـهوە) سروشـتی**: ئـەو کاتـەی هەسـتی پێـدەکرێ کـە خواردەمەنی دەخورێ لە نان و ئاو هەر کە گەیشتە گـەدە هەست بـە حەسانەوە دەکرێ ئەو حەسانەوەیە پێی دەگوترێ: چێژ

٢- **بوونەوەری هەستیاری**: دوو جۆرە:

أ- لە کاتی سێکسدا.

ب- لەکاتی تۆڵەسەندنەوەدا.

١- مرۆڤایـەتی و بیرۆکـەیی: ئـەو کاتـەی دەروون چـێژ لـە شـتەکانی، زانیـاری و زانینی بە راستییەکان وەردەگرێ.

٢- رۆحانییەت: ئەو کاتەی دەروون چێژو حەسانەوە هەست پێ دەکات، کە رۆح لە جەستەدا جیادەبێتەوە.

لەگەڵ هەندێش (ئیخوان) هەستان بە دابەشکردنی چێژو ئازار لەرووی خودەوە:

* چێژی ماددی و چێژی مەعنەوی.

* ئازاری ماددی و ئازاری مەعنەوی.

چێژی ماددی ئـەو چـێژەیە بـە "هەسـتکردنی دەروون بـە حەسـانەوە لـە کـاتی نەمانی ئازارەکان"

أ- دەڵێن: ئەو کاتەی چێژ پەیدا دەبێ، ئازار نەما.

یان

ب- دەڵێن: ئەو کاتەی لە دایك دەبێ کە ئازار بەکۆتا هات.

ج_ چێژی ماددی کە مرۆڤ هەستی پێدەکات حەوت جۆرن:

١- هەستکردن بەڕێگای چاو: رەنگ، دیمەنی سروشتی، نیگار، تابلۆ.

٢- هەستکردن بە رێگای گوێ: دەنگەکان، ئاوازەکان، پیاهەڵدان.

٣- هەستکردن بە رێگای تام: خواردەمەنی لە حەزو ئارەزووەکان.

٤- لێکخشانی بەهێز لە جەستەدا.

٥- بۆنکراوەکانی گونجاو لە جەستەدا.

٦- چێژی سێکسی (ئۆرجازم).

٧- چێژی تۆڵەسەندنەوە.

ئازاری ماددی لای مرۆڤ لەو کاتەیە ئەگەر دیمەنێکی ناشیرین، کرێتونەشیاو ببینێ یان گوێبیستی دەنگێکی ناخۆش بێ، بێگومان لەم حاڵەتەدا ئازاری پێدەگەیەنێ، بۆ جۆرەکانی تریش هەمان شت.

چێژی مەعنەوی:

چێژی مەعنەوی دەبێتە پێنج جۆر:

١- ئەو کاتەی دەروون لە راستییەکان و بوونی سروشتی دەڕوانێ.

٢- ئەو کاتەی کە بیروباوەڕەکانی راستی هەست پێ دەکات.

٣- ئەو کاتەی کە داب و نەریتی جوان دەبینێ.

٤- ئەو کاتەی کە گوێبیستی کاروکردەوەی باش دەبێ.

یان

٥- ئەوکاتەی کە لە خەون دا هەست بە شادی دەکات.

ئەو چێژە مەعنەوییانەی کەباسمان کرد هاوبەشن لە مرۆڤ و فریشتەدا دژ - پێچەوانەکانی لە ئازاردا هاوبەشە لە نێوان مرۆڤ و شەیتاندا.

چاکەو خراپە (خێروشەڕ)

لەسەر چاکەو خراپە یان خێروشەڕ بیروڕایەکی یەکجار زۆرمان لاهەیە، لەوانە هەندێ دەڵێن: خوای گەورە تەنها سەرچاوەی خێرە هەندێکیش دەڵێن، دوو خوا هەیە: خوای خێرو خوای شەڕ (ئەوە رای زەردەشت و مانی هەندێ بیرمەندانە).

(ئیخوان) دەڵێن: چاکەو خراپە چوار جۆرن:

١- ئەوانەی بۆ خولگە یان بۆچەرخ دەگەڕێنەوە.

٢- ئەوانەی بۆ سروشت دەگەڕێنەوە.

٣- ئەوانەی بۆ بوونەوەرەکان دەگەڕێنەوە.

٤- ئەوانەی بۆ دەروونی مرۆڤ دەگەڕێنەوە لەرووی بەختیاری و خراپەکاری دونیاو قیامەت.

هەموو چاکەوخراپیەك بۆدەروونی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، ئەگەر چاك بوو ئەوا خێرە ئەگەر خرایش بوو ئەوە شەڕە.

ئەفلاتون لەو هزرڤانەیە کە رۆڵێکی هەرە گەورەی بینی لە پێناسەکردنی فەلسەفییانەی خێر لێرەدا چەندین رێچکە هەن بۆ وێناکردنی ئەو جۆرە خێرە وەك واقعێکی هەرەبالا یا سیستەم یا کۆمەڵێك چاکە و خێری بابەتیانەی مرۆڤایەتی یا (پێرفێکشن).

بەلای ئەفلاتونەوە خێر تەنیا کرۆك، گەوهەر نییە، ئەو زۆر پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی خێر زۆر ئەولاترە لەهەر گەوهەرێك خوێندنەوەی کتێبی (کۆمار) زۆر بەدیقەتەوە بیرۆکەیەکمان دەداتە دەست لەمەڕ گرنگی ئەو جۆرە دەستنیشانکردنە، نابێت بیرمان بۆلای کەسێك بچێت بە ئەنجامدانی خراپە شادومان بێ یەك زەرە خێری بابەتیانەی لابێت، یەکێك کارێکی خراپی کرد وەکو بلێ لەرکابەرێکی بردەبێتەوە یان چاکەی لەگەڵ هاورێکانی بکاو لێی پەشێمان ببێتەوە، بۆیە ناکرێت ئەو کەسە بەحەق بە مرۆڤێکی بەختەوەر لەقەڵەم بدرێت،

بۆیە لە خوارەوە بەچاکی دەزانم هەندێ خاڵ بێنمەوە کە (ئیخوان) پۆلینیان کردووە بۆ ئەو خێروشەڕە:

چاکەو خراپی دەکەینە (٥) بەش:

١- زانست و زانیارییەکان.

٢- ئاکارەکان.

٣- راو بیروباوەڕەکان.

٤- گۆتەو واتە وات (قسەو قسەلۆك).

٥- کارەکان و جوولانەوە.

بەختەوەریی

(ئیخوان) لەبارەی بەختەوەرییەوە هەندێ رایان هەیە، دەقاودەق لەگەڵ رای (ئەرستۆ) یەکدەگرنەوە هیچ جیاوازیان نیە کە دەڵێن هەموو شتێکی پێویست لەپێناو چاکە دایە و چاکەش کانیلەی بەختەوەرییە(ئەرستۆ)ش دەڵێ: چاکەسازی هۆیەکە بۆ مەبەستی بەختەوەری و ئامانجەکەی هەمیشە هەر لەپێناو بەختەوەرییەوەیە.

(ئیخوان) بەختەوەری دەکەنە دوو بەشەوە:

١- بەختەوەری گێتی (دونیا)یی.

٢- بەختەوەری دواڕۆژ (ئاخیرەت).

بەختەوەری دونیایی: هەموو بوونێك بە درێژایی و باشتری بمینێتەوە.

بەختەوەری دواڕۆژ: دەروون هەتا هەتایێ بەباشترین بار بمینێتەوە.

دابەشکردنێکی تر هەیە هەر بۆ بەختەوەری کە دوو بەشە:

١- ناوەکی.

٢- دەرەکی.

بەختەوەری ناوەکی: ئەویش دەبێتە دوو بەش:

یەکەم لە جەستەدا: وەك تەندروستی و جوانی.

دووەم لە دەروونندا: وەکو ژیریی و جوانی ئاکار.

بەختەوەری دەرەکیش دوو جۆرە:

یەکەم: هەبوونی وەکو پارەو پول و سامان.

دووەم: جووتبوون و خزمایەتی وەکو: هاوسەر، هاوڕێ، کوڕ، برا، مامۆستا، هاوەڵی هەمیشەیی، فەرمانڕەوا، ..تد.

بالێرەدا هەندێ راڤەی بەختەوەری بکەن بزانین بەختەوەری چییە و چۆن سەر هەڵدەدات.

نووسەر ((بەهزاد حەوێزی)) لە وتارێکدا لە گۆڤاری کاروان (ژ-٢٣٠) لەو بارەوە ئاماژە بە ئەرستۆوە دەکات‌ودەڵێ(گەڕان بە دوای بەختەوەری داینەمۆی روونی کاروکردەوەی مرۆییە، بۆیەش بەختەوەری رۆڵێکی بنەڕەتی لەفەلسەفەی کارکردندا دەگێڕێت) بەڵام ئایا بەختەوەری وەك دوا ئامانج و خودان بەهایەکی ئەخلاقی واتە ئەو بەختەوەرییەی هەر مرۆڤێك بەدوایدا دەگەڕێت تاکە سەرچاوەی ئەخلاقییەتە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو رای جیاوازمان هەن:

یەکەمیان دەڵێ: بەڵێ بەختەوەری تاکە سەرچاوەی ئەخلاقییەتە.

دووەمیان دەڵێ: نەخێر، بەڵکو پێویستە لەسەرمان وێرای ئامانجی بەختەوەریمان و رەنگدانەوەی دەبێت بە دەنگ خواستە ئەخلاقییەکانیشەوە بچین.

بەختەوەری لە فەلسەفەی ئادەمیزاددا پێگەی گرنگی خۆی هەبووەو هەیە، تەنانەت خەسڵەت یا رەگەزێکە تایبەت بەئەو، بە بەختەوەریی، ئەو خێرو چاکەیەی تایبەت بە مرۆڤ، تەنیاش ئاوها وێنا دەکرێ تەنیا لەسەر ئاستی ژیانی مرۆڤدا واتای هەیە، بەڵام ئەو بەختەوەرییە راستییەکی درێژخایەن یا رەهایە یا کاتییە و دەمدەمییە یا بە پێی کات و شوێن و هەلومەرجەکاندا دێتەکایەوە، ئەگەر مرۆڤ بەختەوەر بێت لە ژیانی خۆیدا چ مانەیەك دەگەیەنێ ئایا هێندە بەسە

هەست بەو بەختەوەرییە بکات، یان خۆی پێی وایە کە بەختەوەرەرە، بۆیە سیفەتی دیاری بەختەوەری هەستکردنە بەرەزامەندییەتی کەلە ئاست ژیانی گشتی هەستی پێدەکەن واتە بەدڵی خۆمان دەیگوزەرێنین، لامان پەسندەو ئاواشمان دەستنیشانکردووە هیواش دەخوازین هەر بەم جۆرە بەردەوام بێت، کەواتە بڕوامان بەو ستایلەی ژیانمان هەیە کە پێمان وایە بەختەوەری زێتر رەنگ پێدەداتەوە.

بێگومان هەرچی خۆزگەو خواستەکانی مرۆڤە بەرێکەوت نایەتە دی بەڵکو پڕە لە ململانێ و دژیەکەکان، جالێرەدا زۆرجار بایەکە بە پێچەوانەی ئەو دێت و هەڵدەکات و بەمەیش دووچاری نائومێدی دەکات و لە بەختەوەری دوور دەکەوێتەوە، ئەوەندە بەس نییە بۆئەوەی بەختەوەر بێت، بەڵکو ئەوەش گرینگە بەختەوەرییەکە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە بەختەوەریش پێوەری خۆی هەیە.

شاری چاککاری
((کۆمەڵگای هاوچەرخ))

پاش ئەوەی بە تێر و تەسەلی باسمان لە گشت بوارەکان کرد لە هاتنەکایەوەی ئەو کۆمەڵەیەدا، لێرەدا بە باشی دەزانین بپرسین ئایا مەبەستی هەرە سەرەکی دامەزرانی ئەو کۆمەڵەیە دەبێ چی بێ و ئایا ئامانجی خۆی پێکاوە یان نە؟. بۆ ئەم مەبەستە هەندێ بیروڕای جیاواز دەخەینە ڕوو، کە زۆربەی لێکۆڵەرەوان ئاماژەیان پێداون، لە وانەش دکتۆر فوئاد مەعسووم لە کتێبی (اخوان الصفاء) دا چەندین بیروڕای سەرنج ڕاکێشی خستۆتەڕوو، لەوانە:

دکتۆر تەها حوسێن، کە دەڵێ: ئامانجیان گۆڕینی دەسەڵات بووە لەرێگەی کودەتای عەقڵی لەسەر ژیانی موسلماندا.

دكتۆر (عومەر فەروخ)یش دەڵێ: مەبەستێکی نادیاریان هەبووە، بەڵام پێدەچێ ئامانجیان پتر لە چاکەکاری و چاکسازی بێت، ئەویش بە هۆی بنیادنان و دروستکردنی شارێکی هاوچەرخە بە کردار و رەفتاری باش و دوور لە خراپە و ستەمکاری.

ئەبوئەلحەیان تەوحیدی: باس لەوە دەکات کە ئیخوان مەبەستیان پاککردنەوەی ئایین بووە بە هۆی فەلسەفەوە، رۆژهەڵات ناسانیش: وای بۆ دەچن کە مەبەست تەنها دەروونێکی نەمری بێ.

لێرەدا بۆمان دەدەکەوێ، کە ئیخوان دەیانویست مرۆڤێك پەروەدە بکەن، کە خەسڵەتەکانی کەسی موسلمانی تیا بێت ئەویش بەکردنەوەی شارێکی چاککاری و کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ، بیرۆکەی ئەم شارەش وا پێدەچێ لە کۆماری ئەفلاتونەوە وەرگیرابێ یان لە رایەکانی بیرمەندی عەرەبی ئەلفارابی هاتبنە کایەوە کە دەڵێن: شارێك دوور لە دەرەبەگایەتی، پسپۆر لە بواری جەنگ پرچەك و تەقەمەنی و سیستەمێکی پەروەدەیی بە پرۆگرام و میتۆد و بەرنامەیەکی دارێژراوەوە بە دوا داچوون و چاودێری کردن، هەروەها رەچاوی ئایین و فەلسەفەش بکرێن.

ئەفلاتون دەیگووت: ئەو شارەی کە من مەبەستمە زۆر زەحمەتە لەسەر ئەرز بنیاد بنرێت، بەڵکو تەنها بێژەیە و بەس.

ئیخوانیش دەڵێن: شارێکمان دەوێ لە سەر زەوی بنیاد نەنرابێت، یان لەسەر رووی ئاو ناشبێ لەسەر هەوا بێت، ئەویش لەبەر شەپۆل و تەم و مژو دووکەڵ و هەور و ستەمی خەڵك و دەوروبەری شارەکان.

دەبێ شارێك بێت ئەوها هەڵکەوتبێت لەسەرووی هەموو شارەکان بێت و بڕوانێتە هەموان و بنج وبناغەی لەسەر خودا پەرستیی هەڵکەندرا بێت و بەننا و پاڵەکانی لەسەر راستگۆیی ویژدانەوە بێت و بنچینەکانی لەسەر وەفا و دەستپاکی بێت.

واتە: مەبەستی ئیخوان لەم شارە بە خۆشەویستی کردنی ئایین و ئاسمان بووە، هەر بۆیەش ئیخوان جەستەی مرۆڤ بۆ چوار توخم دەگەڕێنێتەوە:

١- ئاو

٢- هەوا

٣- ئاگر

٤- ئاخ (خۆل)

ئەم راو دەربڕینانەی ئیخوان تەنها بۆ ئەوەیە کە جەستە دووربێت لە زاڵ بوونی ئەم توخمانە واتە شارێك دوور لە:

زەوی ⟵ ئاخ، خۆل

هەوا ⟵ هەوا

رووی ئاو ⟵ ئاو

دووکەڵ ⟵ ئاگر

وا پێ دەچێ وەفا و دەست پاکی دیارترین خەسڵەتەکانی ئەو شارە بێ بۆ ئارامی و سەقامگیری کۆمەڵگایەکە.

بێگومان هەر کۆمەڵگاییەك لە نەتەوە و میللەت و گەل پێویستی بە رابەرێك، سەرۆکێك، خەلیفە، ئیمامێك هەیە، کە بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی ئایینی و یەکگرتووی دانیشتوان بە هەند وەرگرێ، سیستەمەکە بپارێزێ، ئەمەیش تەنها خودی پێغەمبەرەکانە کە ئەم مەرجانەیان لێ بەدی دەکرێن. هەروەها ئەم شارە دەبێ ئەنجوومەنێك یان دەستەیەکی جڤاتی هەبێ، ئەوانەش فەیلەسوفە گەیشتووەکانن کە لە پلەی چوارەم و دوماهی دێت لە پایەکانی ئیخواندا کە پێشتر باسمان لێوە کرد بوو، یانی ئەو ئەنجوومەنە دەبێ سیاسی و کارگێڕی بن، کە ئایین و فەلسەفە وئاکارەکان دەگرێتە خۆوە و گەورەترین دەسەڵاتە. پاش ئەو ئەنجوومەنەیان ئەو پایەیە، پایەی لێپرسراوانی گەورە لە سەرکردەو بەر پرسەکان دێن، کە راپەڕاندن و جێ بەجێکردنی بریارەکانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی

دەگرنە ئەستۆ ئەم پایەش پای سێیەمە لە لای ئیخوان و پاشانیش تەکنیکار و ئیدارییەکان دێن و دوایین پایەش بن کردایەتییە واتە جەماوەر بەگشتی لە وەزیرو پاڵەو و کرێکار و خاوەن پیشەکان،.. تد، ئەم پایەش لەلای ئیخوان بە پایەی چوارەم لە قەڵەم دەدرێت.

هێڵکارییەکی گشتی

چەند خاڵی لێکچوون هەیە لە نێوان کۆماری ئەفلاتون و شارەکەی لەوانەش:

١- چاکسازی زانستی هۆکارێکە بۆ بەرەو پێشبردنی خودی مرۆڤ.

٢- دەوڵەت دەزگایەکی فێرکردنە.

٣- بەر پرسیارییەتی دەکەوێتە ئەستۆی رۆشنبیر و هزرڤانان.

٤- رۆڵی پەروەردە لە سەقامگیربوون و بنیادنانی شار.

٥- هەڵمەتێك بوون دژی رژێمی ئەوسا.

٦- پایە وەرگرەکان لە دەوڵەت دا دەبێ پسپۆر بن لە بوارەکانیاندا.

٧- پیاوی شیاو بۆ شوێنی شیاو (پسپۆریی، بڕوانامە، ئەکادیمست).

٨- هەر چەندە ئەم لێکچوونانە هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیەکی بەرچاو لە نێاوانیاندا هەیە، بۆ ئەم مەبەستە جیاوازییەکان بە گوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

کۆماری ئەفلاتۆن	شاری ئیخوان سەفا
١- میلیتاریە	**سۆفیگەرییە**
٢- دژی دەرەبەگایەتیە	**رێنمایی رۆحە**
٣- دژی مرۆڤی بێ توانایە	**مرۆڤ وەکو بیرۆکەیە**
٤- مندالّ بۆ دەولەتە	**مندالّ بۆ خاو خێزانە**

٥- پیاو ئافرەت (نێر و مێ) لە هەموو ڕوویەکەوە یەکسانن	**ئافرەت بۆ سەردارەکەی ماڵەو و خێزانەو ملکەچی ئافرەت هاوسەرەکەی.**
٦-لە سنووردارکردنی تەمەن و ژنهێنان و وەچە دەکۆڵێتەوە.	**بۆ شەریعەتی ئیسلامی دەگەڕێنێتەوە**
٧- مرۆڤایەتی بەلاوەناوە (میللەتی یۆنانی لەسەرووی هەموو میللەتێکە)	**پێوەر ئاکارو رەفتاری باشە گوینەدان (بە رەگەز ، زمان ، ڕەنگ)**

لە رووی تیۆری زانستییەوە

زانست

قوتابخانە فەلسەفییەکان لەیۆنانی، جوو، فەلەو ئیسلامدا دەڵێن: ڕاستییەکان لە خوددا هەبوونی خۆی هەیە، هەمان بۆچوونی هەردوو بیرمەندی بە توانا (سوکرات و ئەفلاتون)ە.

(ئیخوان) لەسەر زانینی شتەکان سێ ڕێیان داناوە:

(هەست..عەقڵ.. سەلماندن)

مەبەست لەهەست، پێنج هەستەکەیە، ئەو زانینەیە هەر لە منداڵییەوە دەست پێ دەکات و مرۆڤ و ئاژەڵان تیایدا هاوبەشن وەکو (چاو، گوێ، زوبان، لووت، دەست).

ڕێگای دووەم: (عەقڵە) کەلەکاتی کاملبووندابێ (پێرفێکشن).

ڕێگای سێیەم: سەلماندن: تایبەتە بە گروپ و تیمی زاناکان ئەویش بەهۆی لێکۆڵینەوەو پشکنین دەبێ.

هەستەکان گرنگی خۆی هەیە چ وەکو هێز یان چ وەکو کاریگەری لەسەر جەستەدا بۆگۆڕینی میزاجی مرۆڤ ، ئەوان وای بۆ دەچن هەر هەستێك نەما واتە لەکارکەوت ئەوا مانای وایە بەو شێوەیە تارادەیەك زانست لە دەست دەدا.

هەردوو هێزی جەستەو ڕۆح وا لە مرۆڤ دەکەن کەهەمیشە هەستیار بێت یانی ئەم دوو هێزە لەلای مرۆڤدا هەماهەنگی بەتینیان هەیە بۆ کاریگەری لەسەر دەروون، دەتوانین ئەم هەماهەنگیە بەم جۆرە شرۆڤە بکەین:

هەستەکان (ئامرازە بەهێزەکانی جەستە لە دەروون دا) هەر بە هەستکردن هەستیارێك، هەست دروست دەبێ و میزاجی دەگۆڕدرێ.. دەزانیێ، کە وێنەی هەستیارەکەیە ئەویش بەهۆی ئەو دەمارانەیە کە لە بەشی پێشەوەی مێشك دەست پێدەکات تا دەگاتە هەستەوە ئەمیش هەڵدەستێ بە گواستنەوەی وێنە هەستێنەرەکە بۆ هێزێکی ئەندێشاوی کە لە پێشەوەی مێشکی مرۆڤدایە ئەویش دەیگوازێتەوە بۆ هێزێکی هزری و ئەوکاتەی کە هێزی هزر وێنەکانی هەستێنەر وەردەگرێت لە هێزی ئەندێشەدا هەڵدەستێ بە توێژینەوەی لەسەر ڕاستی و دروستی و سوودمەندی و ژیانیدا، پاشان هەڵیدەگرێ بۆ کاتی پێویستو بەکاری دەهێنێ.

هەمدیس (ئیخوان) گومانیان لە توانای عەقڵ دا نییە بۆزانینی شتەکان ئەگەر بیروڕای جیاوازیش هەبێت لەسەر شتێکی دیار ئەوا هۆیەکەی بۆ هەڵەی عەقڵ دەگەڕێنتەوە هەربۆیەش گرنگی بە زانستی لۆژیك دەدەن دەڵێن "پێوەر باشترین هۆکارە بۆ دووربوون لە هەڵەکردن بەتایبەتی لە بیروباوەڕدا " گەیشتن بە ڕاستییەکان لە ڕێگای دەروونەوە وەك: خۆلادان لە کاری ناڕەواو ئاکاری خراپ و بیروڕای بۆگەن هەمووی بۆ دەروون دەگەڕێننەوە ئەگەر نا ئەوە وەکو ئاوێنەیەکی ژەنگاوی لێدێت کاردانەوەی وێنەیەکی ئاوەژۆیە و نادروستی لێ بەدی دەکرێ.

مرۆڤی کامیل ئەو مرۆڤەیە دەتوانێ خۆی لەخوای گەورە و میهرەبان نزیك بکاتەوە دەتوانێ بەکردەوەکانی ببێتە فریشتەی نزیك لە یەزدانی مەزن هەر بە نەمری بمینێتەوە.

(ئیخوان) دەڵێن: دەتوانرێت خوای گەورە بەچاو بەدی بکەی، بەڵام مەرجیان بۆئەم مەسەلەیە داناوە ئەویش: بەداب و نەریتی ئەدەبی شەرعی و دەروونپاکی بەرێگەی فەلسەفییانە، بەڵگەشیان فەرموودەی قورئانی پیرۆزە کە دەفەرمووێ "کلا إنهم عن ربهم لمحجوبون "یان دەفەرمووێ" فلما تجلی ربه للجبل "دەڵێن مرۆڤ توانای بەرەو پێشەوە چوونی هەیە گەر کامیل بێ و بەم جۆرەش دەتوانی خوای گەورە ببینێ و بگاتە مەنزڵگای بە خەلیفە بوونی: کە دەفەرمووی "إنی جاعل في الارض خلیفة" هەروەکو پێشتر باسمان کرد کە مرۆڤ دەتوانێ گوێبیستی فەرموودە پیرۆزەکانی خوای پەروەردگار بێت و پێشوازی لە سروشی یەزدان بکات.

پەروەردەو فێرکردن

(ئیخوان) گرنگییەکی بەرفراوانیان بە رۆڵی پەروەردەو فێرکردن داوە، ئامانجیشیان پەروەردەکردن و فێرکردنێکی تۆکمە ئامێز بووە یان بە مانا گشتییەکەی واتە ئەو کۆمەڵەیە خۆیان بە میراتگرانی پێغەمبەران دەزانی و کاریشیان بۆ چارەسەرکردنە دەروونییەکەی بووە یانی پەروەردەو فێرکردن بەهەردووکیانەوە ئامانج و مەبەستیان زیاتر پەروەردە بووە بۆ ئەو مێتودەی کە بەخۆیان لەسەر ئەو بیروباوەڕەی، کە دایانڕشتووە وەك پرۆگرامێکی فەلسەفی بۆ فێرخوازەکان گەرچی زۆر لە ناوەڕۆکی پەروەردەکە پەیوەندی راستەوخۆی بە پەروەردەوە بەبووبێ بەڵکو تەنها بۆ فێرکردن بێ وەك: مۆزیك و ئەندازە جێی ئاماژە پێکردنە (ئیخوان) پتر بایەخیان بە زمان دەدا بەتایبەتی رێزمان و وێژە (ئەدەب) فەلسەفەش رۆڵ و کاریگەری خۆی لەسەر ئەولایەنە زۆربوو لەهەمان

کاتیشدا چەندین پێوەریان بۆ فێرخواز و مامۆستایان دانابوو بۆئەوەی بخرێنە نێو ئەو گەورە (ئەڵقەیە).

خەسڵەتەکانی مامۆستا: دەتوانین خەسڵەتەکان بەم شێوەیە بخەینەڕوو:

١- ژیریی.

٢- نەرم و نیانیی.

٣- رەوشت بەرزیی.

٤- هزرفراوانیی.

٥- باش و بەتوانابێ.

٦- بەزانستی راستی و دەوروبەرو شتەکان زانابێ.

٧- بروای بە رۆژی قیامەت هەبێ.

٨- زانستی خۆش بوێت.

٩- بە دوای مافدا بگەڕێت.

١٠ - دەمارگیریی بە لای هیچ ئاینزایەك نەبێ.

١١- رژدی بە فێرکردنی زانستدا نەبێ.

١٢- منەت لەسەر کەس نەکات.

١٣- داوای پاداشت نەکات.

١٤- ئەو خێرخوازانە دەرس بدات کەشایانی زانستن.

١٥- خۆشەویستی قوتابیان بێت.

خەسڵەتەکانی فێرخوازان (قوتابی)

ئەو حەوت مەرجانەی بۆ فێرخوازان دانابوون، ئەوانەی تامەزرۆی زانستن:

١- پرسیارکردن و بێدەنگی.

٢- گوێکرتن.

٣- رامان و بیرکردنەوە.

٤- ئەوی فێربووە کاری پێبکات.

٥- دووربوون له خۆ بەزل زانین.

٦- راستگۆیی.

٧- ڕێزگرتن و قەدرزانینی مامۆستاکەی.

سوکرات گوتویەتی: خۆت بناسە، بنچینەی زانست و کۆی ناوەڕۆکی دانایی ئەوەیە مرۆڤ خۆی بناسێ لەبەرئەوە سوکرات بە درێژی ژیانی خۆی فێرکرد لەهەمان کاتدا، خەڵکیشی فێردەکرد، هەروەها گووتویەتی من دەزانم کە نازانم ئەمە بۆچوونێکی سەیرنییە، کە بیرمەندێکی وەکو سوکرات ئا بەم جۆرە بەردەوام وردبێتەوەو رامینێ و کردەی هزری ئەنجام بدات بەم شێوەیە:

بیربکاتەوە، ئەفلاتون بەم شێوەیە بە دۆگمایی دەستی پێکرد و لەکۆتاییدا زۆر دڵخۆش دەبوو بە مشتومڕە هزرییەکان، هەمیشە ئەفلاتون شتە دژیەکەکانی قبووڵ دەکرد، ئەو بیرمەندە ئەوکاتەی فەرمانی لەسێدارەدانی بۆدەرکرا، بەو فەرمانە قایل بوو هەر لە بەندیش دا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، ئیخوان زۆربەی رایەکانی ئەو بیرمەندیان لە لاقبووڵە لە زۆر شوێندا ئاماژەی پێدەکەن.

فەلسەفە

ئیخوان ئەلسەفا هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێدا دەڵێن: فەلسەفە میتۆدی عەقڵە بۆ چەمکی ئایین و دان پیانانە بەبەهای راستیەکانی زانست لە رێگەی سروشدا.

هەر فەیلەسوفەکانن کە بیریان لە هاتنە کایەوە (بوون) کردبێتەوە، زۆر پێش (داروین)و (لامارك) ئەمەیش بە داهێنان و دۆزینەوەی مەعریفی و زانستی بووە.

وتویانە: یەکەم پایەی گیانلەبەران بەستراوەتەوە بەدواین پایەی رووەك، دواین پایەی گیانلەبەران بەستراوە بەیەکەم پایەی مرۆڤ، هەروەها یەکەم پایەی بەستراوەتەوە بە دواین پایەی کانزاکان، یەکەم پایەی کانزاکان بەستراوەتەوە بە خۆڵ و ئاو.

(طيباوي) دەڵێ: ئەگەر بڵێم زۆربەی زۆری بیروبۆچوونەکانی نێو فەلسەفەکانی (الاسماعیلیه) هەرهەموویان سەرچاوەکەیان بۆ پەیامەکەکانی ئیخوان ئەلسەفا دەگەڕێتەوە لەوانەیە راستم گووتبێت، بەڵام هەندێکیان ئەو کۆمەڵەیە بۆ(قەرامیتەکان) دەگەڕێننەوەو دەڵێن: لە بنەچەدا هەرئەوانن واتە (قەرامیتەن).

عەبدولحەمید ئەلکاتب: بیروبۆچوونەکانی ئەو کۆمەڵەیە بۆ بیروڕایەکانی سابیەکان دەگەڕێنتەوە، چونکە لەسەرهەڵدانەوەی فەلسەفە لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکان هەر هەبووە، بەتایبەت لەلایەن زاناو ئەدەبیاتی ئەوکات وەك: سابت بن قورە، ئەبو ئیسحاق سابەتی، هەروەکو لە پەیامەکاندا رەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانی تیا بەدی دەکرێن.

پێناسەی فەلسەفە

ئەو کۆمەڵەیە(ئیخوان ئەلسەفا) زۆر پێناسەیان بۆ فەلسەفە داناوە لەوانە:

١- فەلسەفە حیکمەتە، خۆشییە بۆ دەروون.

ئەم پێناسەیەش واپێدەچێ لە پەیڤە یۆنانییەکان وەرگیرابێ کە لە (٢) وشە پێکهاتووە: فیلا، خۆشی، ئەوینی، سۆفیا بەواتای حیکمەت دێت، یانی ئەگەر پەیڤەکە شیبکەینەوە و لە یۆنانییەوە بەمانای حەکیم (چازان) دێت.

٢- لێکچوونی بەشێکی خودایی بەگوێرەی توانای مرۆڤ دەکەن یانی دەبێ مرۆڤ خۆی لە درۆو دەلەسە رزگاربکات، خۆشی بەدوور راگرێ لەهەر بڕوایەکی ناهەق یان هەر هەڵەیەکی زانیاری، خۆپاراستن لە رەفتاری نابەجێ و کردەی شەرانگێزانە، یا لە کەم و کوڕی لە کارەکانیدا لە پەیامی هەشتەمینی ئیخوان ئەلسەفا هاتووە: کە خوای میهرەبان، باشترین چازانە و زاناترین زانایەو میهرەبانترینە لەهەموو شتێکدا، هەر کەسیش خۆی خزاندە نێو ئەم بازنەیە ئەوا پلەو پایەی بەرز دەبێت لە خوای مەزن و میهرەبانیش نزیك دەبێتەوە.

١- زانینی راستییه له شته‌کان.

٢- فه‌لسه‌فه به‌مانا گشتییه‌که شی ده‌کرێته‌وه بۆ سێ به‌ش.

ئه‌لفارابی به‌م جۆره‌ی خواره‌وه پێناسه‌ی فه‌لسه‌فه ده‌کات.

ده‌ڵێ: وه‌کو میتۆدو راهێنانه، یانی کارکردن بۆ گه‌یشتن به ئامانج.

فه‌لسه‌فه له ولاتی یۆنان سه‌ری هه‌ڵداوه به‌ر له پێنج چه‌رخ پێش زایین (له دایکبوونی حه‌زره‌تی عیسا ((د.خ)) که بزووتنه‌وه‌یه‌کی هزری ناوبراوه له سه‌رکرده‌کانی بروتاجوراس، جورجیاس، برورێکۆس، ئه‌وانه‌ی له‌سه‌ر فه‌لسه‌فه و فه‌لسه‌فه‌کاری نووسیویانه له‌وانه:

برتراند رسل (مێژووی فه‌لسه‌فه‌ی رۆژئاوا).

یوسف که‌ره‌م (مێژووی فه‌لسه‌فه‌ی یۆنان).

محمه‌د غه‌لاب (فه‌لسه‌فه‌ی ئه‌غریقی).

عه‌بدلره‌زاق شێخ مسته‌فا (مێژووی فه‌لسه‌فه‌ی ئیسلامی).

هه‌ندێك له زانایانی زانستی ئاخاوتن خۆیان به فه‌لسه‌فه به‌ستۆته‌وه، به‌تایبه‌تی به (لۆژیك) هه‌ندێکیش له زانایانی ئایینی و فه‌قیهه‌کان دژی (زانست و ئاخاوتن) راوه‌ستاون و به (بدعه) یان له‌قه‌ڵه‌م دا، له سه‌رووی هه‌موویانه‌وه (ئه‌بو حه‌نیفه ئه‌لنه‌عمان) که له ساڵی ١٥٠ ی کۆچی کۆچی دوایی کردووه و و گوڵستانی پیرۆزیش له‌شاری به‌غدایه، سفیان ئه‌لسه‌وری له‌ساڵی (٦١) کۆچی کردووه‌و گوڵستانی پیرۆزی له‌شاری (مه‌دینه‌ی منه‌وه‌ره)یه.

ده‌یبوور له‌کتێبی (فه‌لسه‌فه‌ی ئیسلام) دا ئاماژه‌ی پێکردوه به‌مانا بیانییه‌که‌ی (ogy-Deolecaltheol) دێت له مه‌سیحییه‌تیش به مانای (زانستی لاهوت) (theology) دێت.

له‌ناو ئیسلامدا دوو زانای به‌ناوبانگ (ئبین که‌ندی) و (ئه‌لفارابی) جموجوولێکی ئه‌وتۆیان خسته‌وه تا خه‌ڵك به‌تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی خوێنده‌وار و

ڕۆشنفکرن پتر بچنە نێودونیای فەلسەفە بەمانا جوانیەکەی لێی نزیک ببنەوەو بەباشی تێبگەن و هەرسی بکەن هەربۆیەش ناونران (سۆفستایی).

(ئەلرەواقیەکان) ئەو فەیلەسوفانە بوون کە زیاتر گرنگی و بایەخیان بە هەستیارەکانی مرۆڤ دەدا، کە هەر بەم ئەندامە درکی پێوە دەکرێت بۆ نموونە: دەڵێن مەلیك (بەتلیمۆس) بانگی یەك لە قوتابییە هەرەباشەکانی(زینون) کرد کەنێوی (سەفیروس) بوو مەلیك سێوێکی شەمعەداری لەسەر خوان هەڵگرت و دایە دەست (سەفیروس) فەیلەسوفەکەش وەریگرت و بۆ دەمی برد کە بیخوا، مەلیك دایە قاقای پێکەنین بەتەوسەوە بە بیرمەندە(فەیلەسوف)ەکەی گوت: ئەمە سێو نییە بەڵکو لە شەمێ دروستکراوە، فەیلەسوفەکەش گووتی: قوربان جەنابی خاوەن شکۆ من درکم بەوە نەکرد، کە ئەم سێوە سێوێکی راستی نییە دەزانی بۆ جەنابی پاشا؟

پاشاگوتی:بۆ؟

فەیلەسوفەکە گووتی: چونکە من بە دووری دەزانم شتێك لەسەر خوانی مەلیك بێت و بۆ خواردنی مرۆڤ نەشێت.

هەندێك تێبینی لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی فەلسەفە

دکتۆر فوئاد مەعسووم ئاماژە بەوە دەدات، کە هەندێ تێبینییان هەیە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی فەلسەفە لەلایەن (ئیخوان ئەلسەفا)وە:

١- لەکاتی دابەشبوونی زانستەکانی لۆژیك، لەسەر بنچینەیەکی زانستیدا نەبووە، هەروەکو فارابی وای کردبوو ، ئەوان بەم جۆرە ریزبەندی دەکەن: داتاکان، دەستەواژە، شیکردنەوە بە پێوەر، سەلماندن، مشتومڕیی، وتاربێژیی، شیعر، هەروەها رەچاوی کاتیان نەکردووە، کە ئەرستۆ لە لۆژیك دا دابەشی کردووە.

٢- (ئیخوان) پێی وایە، کە دەبێ لە بێژەوواژەکانی (خرخیوس) کەبە کۆیەکانی پێنج دەناسرێت بێژەکی دی زیاد بکەن ئەویش (کەسە) کە دەبێتە (بێژەری شەشەم).

٣- ئەو زانستانەی لەسەردەمی (ئیخوان) دا هەبوون، هەر خۆیان دابەشی سەر سێ کۆمەڵەیان کردبوون، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدابوون، هەستان بەدانانی پیشەو پێشەسازی و شۆڤ وەچە جۆرێك لەجۆرەکانی زانستی وێژەیی.

هەربۆیەش پێویستە باسی دوو خاڵ بکەین بۆ تێبینیەکانی خۆمان هەروەکو دکتۆر فوئاد مەعسووم دەڵێ:

یەکەمیان: پەیوەندی بە لۆژیکەوە هەیە، ئایا ئەوەیان فەلسەفەیە یان لەدەرەوەی فەلسەفەیە.

دووەمیان: پەیوەندی بە خوا پەرستیەوە هەیە.

بۆ خاڵی یەکەم، لێرەدا جیاوازی بەدی دەکرێ هەروەکو ئەلخوارزمی باسی لێوەدەکات، فەلسەفە دابەشدەکرێتە سەر دووبەش:

یەکەمیان: بەشی نەزەری (سەرنجدان).

دووەمیان: بەشی کرداری.

شێخ مستەفا عەبدولرەزاق باس لە بیروڕای فەیلەسوفەکانی ئیسلام دەکات لە نێویاندا باس لە (ئیخوان ئەلسەفا)ش دەکات کە دەڵێ: جیاوازی هەیە لەرایەکانیان بەوەی لۆژیکەکان بە زانستی فەلسەفە دادەنێن کەچی لەلایەکی تردا هەرئەوان دەڵێن لۆژیك ئامرازێکە بۆ فەیلەسوفەکان، هەروەها دەڵێ: فارابی و ئیبن سینا بۆ ئەم مەبەستە ڕای راشکاویان نییە.

سەرچاوەی ئەم جیاوازیانەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە (ئەرستۆ) ئەویش رایەکی راشکاوی راستەوخۆی نییە هەروەکو دکتۆر محەمەد عەلی سامی ئەلنەشار لە کتێبی (مناهج البحث عند مفکري المسلمین) باسی لێوەکردووە.

ئەو دیدگایە بووە بەدەردانەوەیەك لەسەر نووسینەکانی (ئەرستۆ) بۆ لۆژیکی، کە پێی دەگوترێ ئۆرجانون (ORGANON) یانی: ئامرازوهۆ.

بەشی کرداریش ئەمەشیان کردۆتە سێ بەش:
١- زانستی ئاکار – چۆنیەتی ژیانی تاك.
٢- زانستی چارەسەری ماڵ – چۆنیەتی بەڕێوەبردنی خێزان.
٣- زانستی رامیاری – چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات.
(هەروەکو محەمەد غەلاب لە کتێبی فەلسەفەی ئەغریقی) ئاماژەی پێداوە: هیچ فەیلەسوفێك فەرمانی لەسەر ناکرێ، بەڵکو ئەو فەرمان دەردەکات و یاسا دادەنێت.

زمان و ئەدەب

هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، هەر لەگەڵ کوژرانی خەلیفە (متەوەکل) لەساڵی ٢٤٧ کۆچیدا بەرامبەر ساڵی ٨٦٩ زایینی دەوڵەتی عەباسی بەرەو بێهێزی و شکستی دەڕۆیشت ئەویش بەهاتنی تورکەکان بوو بۆ نێوسوپاو دام و دەزگای میری، بۆیە لێرەدا دەمەوێ باس لەوەبکەین، کە خەلیفەکان حەزیان دەکرد منداڵەکانی خۆیان فێری هەموو هونەرێك بکەن و هەگبەکانیان تژی زانست و هونەری رەسەن بکەن.

دەگێڕنەوە دەڵێن: ئەو خەلیفە (متەوەکل) دەیویست مامۆستای تایبەتی بۆ کوڕەکەی خۆی دانێ، بەوەی هەموو زانستێك فێرببێ هەربۆیەش ئەوانەی لە دەربار بوون بۆئەم مەبەستە زانای بەناوبانگی ئەوکات (یەعقوب بن سەکیت) کوری خەلیفە بگرێتە ئەستۆ.

رۆژێك کوری خەلیفە واتا (موعتەز) بەناوەخت گەڕاوەو (متەوەکل) ی باوکی لەچاوەڕوانی دابوو ، کە موعتەز گەڕاوەو رووبەڕووی باوکی بۆوە باوکی لێی پرسی:

ئادەی کوڕی خۆم، بابزانم بۆئەوها بەناوەخت گەڕایتەوە، خۆ ئۆقرەم لێبڕابوو؟.

کوڕەکەی لە وەڵامدا گووتی: بابەگیان جەنابی (ئەمیر ئەلموئمنین) مامۆستام فێری (زلەلسان) ی کردم واتە (هەڵەی زوبان) و شیعرێکی فێرکردم کە ئەگەر هاتوو زوبان هەڵەی کرد سەر لەناو دەچێ، بەڵام ئەگەر هەڵخلیسکای لەوانەیە تەنها هەندێ ئازار بچێژی، بۆیە داوای لێکردم کە ئەم شیعرە ئەزبەر بکەم و لە کۆڕو کۆبەندو دانیشتنەکان زوبانم بە هەڵە نەڕواو ئاگاداری خۆم بم.

بۆ بەیانیەکەی پاش ئەوەی خەلیفە (متەوەکل) لەکۆشك دانیشت و دارودەستەکەی لێی کۆبوونەوە، خەلیفە گووتی بڕۆن بانگی (ئیبن سکیت)م بۆ بکەن.

(ئیبن سکیت) هاتە دەربارو بەخزمەت خەلیفە گەیشت.

خەلیفە گووتی: ئیبن سکیت پرسیارێکت لێدەکەم دەبێ بەبێ پێچ وپەنا وەڵامم بدەیتەوە.

ئیبن سکیت گووتی: فەرمو قوربان جەنابی ئەمیر ئەلموئمنین.

خەلیفە گووتی: من ئەو دووکوڕەم باشترو پیاو ماقووڵترن یان ئیمامی عەلی و حەسەن و حسێن؟.

ئیبن سکیت گووتی: قوربان قەمبەر کە نۆکەری ئیمامی عەلی یە (ر.خ) کەوشەکەی ئەو لەسەری تۆو کوڕەکانت باشترو پیاوترە.

خەلیفە گووتی: باوەڕبکە، مەبەستی من تەنها تاقیکردنەوەی تۆبوو، تابزانم تاچەند بە دەرسەکانی خۆت پابەندی، چونکە هەردوێنێ بوو کوڕەکەمت فێرە شیعرێك کرد کەزوبانی هەڵنەزەلی و هەڵەنەکات، کەچی تۆ خۆت پابەندنەبووی وەکو ئەوکەسانەی (الذین یقولون ما لا یفعلون) هەرئێستا زوبانی ببڕنەوەو بیخەنەبەندەوە، ئابەم جۆرە (ئیبن سکیت) کە زانایەکی زمانەوانی و کە مدوبوو، هەروەها چەندین کتێب و نووسراوی هەیە، پاشانیش هەر بەهەڵەی زوبانەوە کەوتە بەندیخانەو هەر لەوێش مرد.

به پێویستی دەزانم هەندێ لایەنی ئەدەبی لەم نووسینەم دا بیخەمە بەرچاوی خوێنەر، ئەوانەی کە تامەزرۆی ئەم جۆرە باسانەن، کە (ئیخوان) چۆن زمانێکی پاراووشیرین گوفتارو بە شێوازێکی وێژەیی هاتوونەتە دووان و چەندین نامیلکەو نووسراوو کتێبی بەسوود پڕ مفایان هێناوەتە بەرهەم، کە زۆربەیان بەرچەقەکراون، بەتایبەتیش ئەوکتێبانەی کەباس لە ژیان و خودی ئاژەڵان دەکەن، وەکو چیرۆك و بەسەرهات و سەربوردەو پەندو ئامۆژگاری ئاراستەی عەقڵی تاکی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی بەشێوازێکی نوێ و هاوچەرخ دەکەن و بە رێگای بەرنامەیەکی داڕێژراو تا ئامانجی خۆی بپێکی، ئەو نووسەر و هزرڤانە خۆیان بەخەڵك بناسێنن و جێ پەنجەی خۆیان لەگۆڕەپانی ئەدەبی و ئیسلامی بکەنەوە.

هەروەکو لەنووسینی ئەم کەڵە نوسەرانە روونە، زۆربەی نووسینەکان لەئەدەبی (هیندی و فارسی) وەرگیراون و ئەو کتێبە کۆنانە کە مرۆڤ لەئاستیاندا دۆش دادەمینێ ئەو نووسەرانەی کە لە سەر ئاژەڵانیان نووسیوە زۆرن، بەڵام ئێمە بۆئەوەی زیاتر سودبەخشیی و نووسەرانی ئێمەش سوودمەندبن وەکو نموونە ناوی چەند کتێبێك دێنین، لەوانە:

١- شێخ کەمالەدین ئەلدمیری (حیاة الحیوان الکبری).

٢- ئیبن مقەفەع (کلیلەو دمنە).

٣- ئەلجاحز (الحیوان).

٤- ئەبشیهی (المستطرف فی فن المستظرف)و چەندانی دیکە.

لە کتێبەکاندا ئامارە بەناو و رەگەزوخاسیەتەکانی ئەو ئاژەڵانە دەکەن، هەروەها چۆنیەتی ئاگاداربوونیان و پاراستنیان وەبەرهێنانیان و زیادکردنی بەرهەمیان و چۆنیەتی سوود لێوەرگرتنیان، لەگەڵ هەر نووسینێك سەبارەت بە هەر ئاژەڵێك بەسەرهاتێکی بەجۆش وخرۆش دەگێڕنەوە، بەتایبەیش ئەوانەی عەقڵ دەفرۆشنە مرۆڤ، بۆئەوەی مرۆڤ لە کرێتی ئاکاردا دووربخاتەوە و

هۆشمەندی بکات هەرچەندە ئاژەڵ ئاژەڵەو هزری نییە بۆئەوەی بیربکاتەوە رای خۆی دەربرِێ و بێتە دووان، لێ هەڵسوکەوتو گێرِانەوەی بەسەرهاتەکان خۆی لەخۆیدا وانەیەکی نموونەیین پێشکەش بە مرۆڤ دەکرێن، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە پاشان چەند نموونەیەک دێنینەوە وەکو چیرۆکو بەسەرهات، کە عەقڵی مرۆڤی پێ جۆش دەدەن.

بەشی پێنجەم

بۆ زاخاوی مێشك
(بڕیارێکی سەرپێیی)

لەتەوەری زمان و ئەدەب لەلای (ئیخوان ئەلسەفا) دا ئاماژەم بە هەندێ کتێبدا، کە لەگەڵ هەر نووسینێك و لەپاڵ هەر ئاژەڵێك بەسەرهاتێکی بەجۆش و خرۆش دەگێڕنەوە بۆئەوەی مرۆڤ لەهەندێ بڕیاروکردەوەدا ئاگاداربکاتەوە، کە زیان بەخشە بۆ خودی مرۆڤ، گێڕانەوەی ئەو بەسەرهات و چیرۆکانە خۆی لە خۆیدا وانەیەکی نموونەییە پێشکەش بە ئێمەمانان دەکرێ.

ئێمەش هەر بۆ نموونە هەندێ لەو چیرۆك و پەندانە دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی ئامانجی خۆیان بپێکن .

دەگێڕنەوە دەڵێن: کابرایەکی ڕێبوار بەتەنها لەرێگادا دەڕۆیشت لە شوێنەکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەچوو، کە بڕێ دوور بوو لەگوندەکەیان، بەرێگەوە کەوتووبووە نێو ئەندێشەیەکی قووڵەوەو خۆی خزاندبووە نێو خەڵوەتگەی کپی و بەهێمن و ئارامی هەنگاوی دەنا، هەر بۆیە بیری دەهێناو بیری دەبرد چۆن ڕووبەڕووی کێشەکان ببێتەوە.

لەناکاو گوێبیستی نەڕەیەك بوو، دەنگەکەی زۆر لە لا نامۆبوو، چونکە بەدەنگی ئادەمیزادان نەدەچوو، پاش دۆش دامانێك بەرەو دەنگەکە چوو تا گەیشتە شوێنی دەنگەکەو بینی شێرێك کەوتۆتە نێو تۆڕێکی ئاسنینەوە.. بۆیە هەر کە شێرەکە چاوی بە کابرای ڕێبوار کەوت ئەم دەمەتەقێیە لەنێوانیاندا دەستی پێ کرد:

شێر: کاکی برا، تۆ خاوەنی ئەم تۆڕەی؟.

ڕێبوار: نەخێر من ڕێبوارم بەکاری خۆمەوە دەچمە شوێنێك.

شێر: مادامەکینیێ تۆ خاوەنی ئەم تۆڕە نی ڕزگارم بکە.

ڕێبوار: من خاوەنی نیمە و لەوانەیە من ڕزگارت بکەم، کابرای تۆڕچی (نێچیروان) لێم زوێربێ و دوژمنایەتیم بکات.

شێر: نەگۆشتی من دەخورێ نە ئێسقانم بەکەلك دێت.. هیچ سوودێکم نییە بۆئێوەی مرۆڤ، تەنهاوتەنها کەوڵەکەمە بەسوودە.

ڕێبوار: لەوە دەترسێم، کە ڕزگارت بکەم بمخۆی!.

شێر: بەڵێن دەدەم چاکەت بدەمەوە و مەترسە ناتخۆم.

ڕێبوار: (بێ ئەوەی بزانێ ئاکامەکەی بەچی دەگات) دەروازەی تۆڕەکەی بۆشێرەکە ئاوەڵاکردو شێرەکە لەناو تۆڕەکە هاتەدەرەوە.

شێر: هەی گەلحۆ، من ئەوا چەند ڕۆژێکە لەنێو ئەم قەفەسەدا بەندم، زۆرم برسییە بۆیە دەتخۆم.

ڕێبوار: باشە ئەی چاکەکەی من کوا..ئەی بەڵێنی جەنابتان؟!.

شێر: ئێوەی مرۆڤ هەمیشە حەزتان لە چەوسانەوەیە و خۆتان زۆر بەزل دەزانن.. بۆیە هەر دەتخۆم.

ڕێبوار: من کابرایەکی ڕێبوارم کاری خۆم دواخست.. تا چاکەتان لەگەڵدا بکەم، کەچی جەنابیشتان سوورن لەسەر ئەوەی کە بمخۆن، کوا بەڵێنەکەتان، جەنابتان نەخواسە پاشای دارستان و ئاژەڵانن ئەمە لە شەوکەت و مەقامی جەنابتان ناوەشێتەوە.

شێر: ڕاست دەکەی، چارەوحەلێکی دیکەم هەیە.

ڕێبوار: فەرموون قوربان.

شێر: سێ شت دەکەینە دادوەر، بۆیە ئەم هەلەت بۆ دەرەخسێنم.

شێر: ئەگەر هەرسێکیان بڕیاریاندا بتخۆم، ئەوا دەتخۆم و ئەگەر بڕیاری خواردنی تۆشیان نەدا ئەوە ناتخۆمو ئازادت دەکەم.

ڕێبوار: قوربان، پاشای ئاژەڵان، من چاکەیەکی گەورەم لەگەڵ جەنابتان کردووە، تکا دەکەم لێم گەڕێن با بۆ کاری خۆم بڕۆم و ئازارم مەدە.

شێر: تازە بەڵێنم بەتۆداوەو پاشگەزنابمەوە لەبڕیارەکەی خۆم، جا هەرچی زووە بابڕۆین

ڕێبوار: قوربان دوام مەخە بابڕۆم.

شێر: ئەوەی تۆ دەیبێژی لەفەرهەنگی مندا نییە، جا هەرچی زووە بابڕۆین.

(کابرای ڕێبوار زۆر لەپاشای ئاژەڵان پاڕایەوەو تکاونزای کرد هەرسوودی نەبوو، بۆیە لەگەڵ شێرەکە کەوتنەڕێ بۆ چارەنووسێکی نادیار).

پاش چەند هەنگاوێك ڕووبەڕووی پیرەدارێك بوونەوە، پیرەدار سەیری کرد، ئەوا پاشای دارستان و مرۆڤێك بەرەو لای ئەو دێن، هەر لە دووڕا بەخێرهاتنێکی گەرمی شێرەکەی کردو زۆر بە حورمەتەوە وتی:

بەخێربێی ئەی پاشای دارستان، ئەی سەروەری هەموو ئاژەڵان، لق و پۆپ و گەڵاکان هەر هەمووی کەوتنە جووڵەو سەماکردن.

شێر: زۆر سوپاس ئەی درەختی بەوەفا.

پیرەدار: بە تەشریف هێنانی بەڕێزتان.. ئێرە رووناك بۆوە.. من و نەونەمامەکانم دەمێکە ئارەزووی دیداری بەڕێزتان بووین و خۆش هاتن سەرچاو.

شێر: زۆر سوپاس بۆ ئەو ستایشە.

پیرەدار: قوربان جارێ بفەرموون نەختێ لەژێر ئەم سێبەرە بحەوێنەوە.

(کابرای رێبوار دەیویست بێتە دووان، پیرەدارەکە لێی خوڕیەوەو پێی گووت: کابرا هەتا پاشا راوەستابێ تۆ مافی قسەکردنت نییە).

پیرەدار: پاشای من فەرموو ببێژە.

شێر: مەسەلەکەی لە ئەوەلین جارەوە چۆن کەوتبوە ناو تۆڕ و چۆن چۆنیش کابرای رێبوار رزگاری کردووە، ئەمانەی هەموو بۆ دارەپیرەکە خستەڕوو.

پیرەدار: جا قوربان ئەوە هەر کێشە نییە و پێویستی بە دادوەریی-ش نییە، من هەر لە ئێستاوە بڕیاری خواردنی ئەو مرۆڤە دەدەم.

شێر: یانی رەزامەندی لەسەر دەدەی.

رێبوار: کاکی پیرەدار، خۆتو خواتان کەی ئەمە دادە، ئاخر من چاکەم لەگەڵ ئەو شێرە کردووە، بۆ بمخوا کەی ئەمە رەوای حەقە؟.

پیرەدار: دەزانی بۆ؟.

رێبوار: بۆ؟.

پیرەدار: با بۆت باس بکەم خەفەتی دڵی خۆمت بۆ هەڵڕێژم، پاشای من، حەزدەکەم جەنابیشتان گوێم لێبگرن.

شێر: فەرموو، فەرموو.

پیرەدار: ئێمە هێشتا نەونەمامین، ئەو مرۆڤانە لە ڕەگەوە راکێشمان دەکەن لە ئاخێکی تر دەمانچێننەوە، دوور لەسۆزی دایك و محەبەتی دایك، کەپەلمان هاویشت و گەورەبووین، بەروبوومماں پەیداکرد ئەوا هەر زوو بەزوو دەیڕنن و لێی دەکەنەوە و بۆخۆیانی دەبەنو دەیخۆن و ئێمەش تروسکەی چاومان دێ.

شێر: ئەهای لەمرۆڤی بێ سیفەت.

پیرەدار: پاشای گەورە، گوێم لێ راگرە، با داخان هەڵڕێژم ئەوجا دەزانی ئەو مرۆڤانە چ دڕندەو ستەمکارێکن.

شێر: بەراستی ستەمە.

پیرەدار: قوربان، کە مرۆڤەکان زانیان ئێمە ئیتر هیچی تر بەرناگرینو بەرەو پیری دەڕۆین.. ئەوا بە تەور دەکەونە گیانوسەرو گێلاکمانو لەرەگەوە دەمانبڕنەوە.

شێر: سەد حەیف و مخابن، ئائەمەیان بۆ؟.

پیرەدار: بۆ سوودو بەرژەوەندی خۆیان.

شێر: باشە لەناوبردنی ئێوە چ سودێکی بۆ مرۆڤ هەیە؟.

پیرەدار: بەقەدو بالأمان خانوو دروست دەکەن.. بەقەدەکانمان کورسی و قەنەفەو سەندووق و دۆڵاب دروست دەکەنو دەرگاو پەنجەرەو گەلێ شتی تر، زۆربەی کەلوپەلەکانی ناوماڵیان لە ئێمەمانە.

شێر: بەراستی ستەمێکی مەزنە، هیچ یاسایەك قەبوولی نییە.

پیرەدار: قوربان، خۆزگە دەخوازم بە چاوی پڕ لە سۆزتانەوە سەیرتان بکردبایە.. چۆن ئاگرمان تێبەر دەدەن و دەمانسوتێنن.

شێر: ئەمە کارێکی ناڕەوایەو حوکمێکی میلیتارییە.

پیرەدار: قوربان جەنابی پاشا، دەزانی بۆ دەمانسووتێنن؟.

شێر: نەخێر، ئەمە کارێکی قێزەونە.

پیرەدار: ئەو مرۆڤانە زۆر لەخۆبایی و بێ ئەمەکن، تەنها بەرژەوەندی خۆیان گەرەکە.

شێر: بەڵێ.. وایە.

پیرەدار: سووتانی ئێمە لەلای ئەو مرۆڤانە بۆ ئەم شتانەیە:

چێشتلێنان

ئاوگەرمکردن

چاخواردنەوەی

کۆلکردن

خۆشووشتن

پاککردنەوەی ناوماڵ

قاپ و قاچاغ پاککردن

شێر: ئای لەو ستەمە گەورەیە، لە حەژمەتان تک تک ئارەقە بەلەشمدا دادەچۆڕێ.

پیرەدار: بۆیە دەڵێم بیخۆ نۆشی گیانت بێ.

شێر: زۆرسوپاس بۆئێوەی پیرەدار، بەراستی دادی خۆت دا.. دەمتان خۆش و هەربژین.. خوداحافیز.

(شێرەکە رووی دەمی لە کابرای رێبوار کردو، گووتی: ئێوە چەند بێ سیفەت و بێ ئەمەکن، خۆ خۆت گوێت لە زوڵمەکانی خۆتان بوو، کەی ئەمە رەوای هەقە، ئەوە حوکمی یەکەم و بابرۆین بزانین ئەوانی دی چ بڕیارێ دەدەن).

شێرو کابرای رێبوار پێکەوە بەرێ کەوتن، لە پرشێکا چاویان بە چێلێك (مانگا) کەوت.

رێبوار: قوربان ئەمەیان نێچیرێکی باشەو بەشی چەند رۆژت دەکا، هەتا زووە بیخۆ، با لە برسان رزگارت بێت و منێکی بێ گۆشت و تەنها ئێسقان چ سوودێکی بۆ بەرێزتان هەیە؟.

(شێرەکە لە رێبوارەکە هاتە وەڵام) گووتی:

ئەمە دادوەرە، من بەڵێنم داوە دەبێ سێ شت دادی خۆیان بدەن، هەر کە چێلەکە چاوی بەشێر کەوت لە چنگ گیانی خۆی ئۆقرەی نەماو بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە بەرپێی شێرەکە.

چێڵ: بەخێربێن، ئەی پاشای ئاژەڵان، ئەی سەرداری من.. گیانم لەرێی پێتانە.

شێر: زۆرسوپاس پیرە چێڵ.

چێڵ: ئوغربن، قوربان؟.

شێر: سەربووردەکەی لەئەوەلین جارەوە تاگەیشتنیان بە ئێرە بۆ پیرە چێڵ گێڕایەوە.

چێڵ: قوربان، جەنابی پاشا جا ئەمە بڕیاری بۆچییە؟.

شێر: ئاخر من بەڵێنم داوە، دەبێ گوێبیستی ئێوەبین.

چێڵ: قوربان بیخۆ نۆشی گیانت بێ.

شێر: بۆ؟ روونی بکەوە بۆم.

چێڵ: قوربان دەزانی بۆ؟.

شێر: بفەرموو بۆ؟.

چێڵ: قوربان عەرزی جەنابی بەڕێزتان بکەم، کابرا تۆش باش گوێم لێڕاگرە.

شێر: بفەرموو.

چێڵ: قوربان ئێمە کە لە دایکی خۆمان دەزێین.. گوانی دایکمان شیر دێنێ بۆئەوەی ئێمەی پێ شیر بدات، تا گەش و نما بکەین، کەچی ئەو مرۆڤانە بەبێ هیچ سۆزوشەرمێك گوانی دایکمان دەدۆشن‌و بۆخۆیانی دەبەن.

شێر: شیری چێڵیان بۆچییە؟.

چێڵ: قوربان شیرەکە دەخۆن و دەیکەنە:

ماست

نڤیشك

لۆر

پەنیر

رۆن

فەرو

سەرتوو، ..تد.

شێر: ئای لەو ستەمە، شیری بێچوەکە بخۆن، کەی ئەمە رەوای هەقە.

چێڵ: دەماندۆشن‌و ئالیکمان نادەن.

شێر: بۆ ئالیکتان نادەن.. ئەی ئێوە چۆن دەژین.

چێڵ: قوربان، پاشماوەی خوانی مرۆڤ خواردنی ئێمەیە جارجاریش خۆمان ڕەدەستی دەهێنین.

شێر: زۆر ستەمە.

چێڵ: قوربان، ئەو مرۆڤانە هێندە بێ بەزەیین.

جووتمان پێدەکەن

خاکمان پێ دەکێڵن

بارمان دەکەن

شێر: قبووڵم نییە ئەمە زۆر ستەمە.

چێڵ: قوربان، ئەو مرۆڤانە، کە زانیان ئیتر بەرەو پیری دەڕۆین و چیتر نازێین، ئەوا دەخەنە ئەستۆمان و سەرمان دەبڕن.

شێر: ئەوە تۆ دەڵێی چی؟.

چێڵ: قوربان گۆشتەکەمان دەخۆن!.

شێر: ئای لەو ستەمە ئەمە تەوهین و لاقرتێیە.

چێڵ: قوربان گوێم لێڕاگرە..با ناخی دڵی خۆمت بۆ هەڵبڕێژم.

شێر: ئای لەو مرۆڤانە، کەی ئەوە مرۆڤایەتییە ئەمانە لامەسەون.

چێڵ: قوربان مرۆڤایەتی چی و حاڵی چی.. تەنها و تەنها بەرژەوەندی خۆیان دەوێ و ئارەزووی هەموو شتێ دەکەن و وا دەزانن جیهان بەس بۆ ئەوان خولقاوە.. باوەڕ بکە جەنابی پاشا پێستەکەشمان ڕزگاربوونی نییە!.

شێر: پێستی ئێوە بێخودەو سوودی چییە؟.

چێڵ: قوربان دەیکەن بە:

هەمانە

پێڵاو

کەوش

قایش

جانتا

کەلوپەلی رازاندنەوەی ماڵ و زۆر شتی دیکەی لێ دروست دەکەن، بۆیە دەڵێم: بیخۆ نۆشی گیانت بێ، ئەو مرۆڤانە ناجورن.

(رێبوارەکە هەر کە گوێی لەو هەموو ئاخافتنە بوو، ئۆقرەی نەماو پێ و قەدەمی شکاو کۆماو کەوتە سەر زەوی).

شێر: ئافەرین پیرەچێڵ، بەراستی حوکمی خۆت داو زۆرسوپاس بۆ ئێوە، ئیدی ئێوە دەتوانن بۆ خۆتان برۆن و خواحافیزتان بێت.

(چێڵەکە هەر کە گوێی لە شێرەکە بوو رێی پێدا بۆ رۆیشتن لەخۆشیا پای زەوی نەدەگرت و بەپەلەپروزێ تێی تەقاند و وەیرانەس نەما).

دیسان شێرەکە بە رێبوارەکەی گووت: وەڵگەرد، هەڵسە سەرپێیان، با برۆین، یەکێکی دیکە ماوە، چونکە بەڵێنی من سێیە، رێبوارەکە چەندی کرد نەیدەتوانی هەڵسێتەوە سەر پێ، بۆیە شێرەکە کە دەستێکی بۆبرد و بەرزی کردەوە.

رێبوار: قوربان، جەنابتان سەروەری ئاژەڵانن، گۆشتی ئەوان بۆ ئێوە حەڵاڵە، بەڵام گۆشتی مرۆڤێکی وەکو من بۆئێوە ناساغە.

شێر: دە هەڵسە سەرقاچانو درێژەی پێمەدە، با برۆین.

ڕێبوار: دەفەرمووو پاشای موعەزەم ئەو شلی لۆغانەی ناویٚ، وەرە نۆشم کە با گیانم دەرچیٚ تەوحت لە گۆشتی منە، چونکە دەزانم ئەوەی سێیەم هەروەکو ئەوەی یەکەم و دووەمە و بڕیاری خواردنی من دەدات هەرچەندە من برسێتی جەنابتان ناشکێنم تەنها مردنی منەو بەس.

شێر: ئێوەی مرۆڤ زۆر لەخۆبایین و بە فیزەوە دەڕواننە خوار خۆتان و وا دەزانن دنیا دنیای ئێوەیەو پێتان وایە خوای دلۆڤان هەموو شتێکی بۆئێوەخولقاندووەو بۆئێوەی رەخساندووەو خۆتان لە راست چیاو دەشت و کێوو شێوو رووبارو ئاژەڵ و ئاسمان و زەوی و خۆر بەزل دەزانن.

بەسە بیرێك لەخۆتان بکەنەوە، خوای گەورە ئێوەی خولقاندووە تا بیر لە میهرەبانی و بەخشندەیی زاتی ئەو بکەنەوە، سۆزتان بۆ بەرامبەر هەبیٚ، نەك ستەم بکەن و بەرژەوەندی خۆتان بوێتو خۆتان بەزل و زەبەلاح بزانن‌و بە فیزەوە بڕواننە دەوروپشت.

(شێرو کابرای ڕێبوار یاپشە یاپشە لەم دەمەتەقێیە دابوون)

ڕێویەك لە دوورەوەڕا چاوی پێکەوتن و لەدڵی خۆیدا گووتی: شێرو مرۆڤ کوجامەرحەبا، هەبیٚ ونەبیٚ شتیٚ قەوماوە، بۆیە بەپەلە خۆی گەیاندە لایان‌و گووتی:

بەخێربێی ئەی پاشای گەورەو مەزن و سالاری ئێمە، بەراستی تەشریف هێنانی بەڕێزتان بۆ ئەم دەڤەرە خۆی لەخۆیدا مژدە بەخشە بۆهەموومان، یاخوا بەخێربێن سەرچاوان.

شێر: زۆرسوپاس مام ڕێوی.

مام ڕێوی: ئۆغربن؟.

(ڕێبوارەکە دەیویست بێتە دوان، مام ڕێوی لێی خوڕییەوە).

مام ڕێوی: هەی گەوجە ، تا جەنابی پاشا هەبێ ئێوە حەددتان نییە قسەبکەن، پاشا فەرموو

(شێرەکە مەسەلەکەی بۆ مام ڕێوی دەگێڕایەوەو لە گێڕانەوەی قسەکانیدابوو، مام ڕێوی چاوێکی لە کابرای ڕێبوار نوقاند.. بۆیە ڕێبوارەکە فەرامۆشێکی هاتەوە بەر).

مام ڕێوی: قوربان، جەنابی خاوەن شکۆ، خۆتان دەزانن داری عەدالەت دارێکی قورسە و هەردوولای بە ئاگرە، پێش ئەوەی خەڵکی بسوتێنم، دەبێ خۆم بسوتێنم.

ڕێبوار: مام ڕێوی.

مام ڕێوی: تۆ بەهیچ جۆرێ مافی قسەکردنت نییە.

شێر: باشە چارەی چییە؟.

مام ڕێوی: قوربان، ئەگەر بڵێم مەیخۆ، لەوانەیە خوای گەورە لەڕۆژی قیامەت بڵێ مام ڕێوی.

ئەوە چ حوکمێك بوو کردت، ئەو پاشایە کە پاشای ئێوەیە هێندە برسی بوو لێی نەگەڕای مرۆڤەکە بخوا، بێ دادیت نواند، ئەگەر بڵێم بیخۆ، دەترسم خوای گەورە پێم بڵێ ، مام ڕێوی ئەو مرۆڤە چاکەی لەگەڵ پاشا کردبوو، حەق نەبوو بیخوا، چونکە لە بری چاکە هەر چاکەیە.

شێر: باشە بڕیارتان چییە؟.

مام ڕێوی: قوربان، ئەگەر بە زەحمەتی نەزانن حەزدەکەم شوێن و جێگای تۆڕەکە ببینم، تا هێڵکاری و نەخشە سازی بۆبکەم، ئەوجا بڕیارەکەی خۆم دەدەم.

شێر: نەخێر زەحمەت نییە، با بڕۆین.

(ڕێویەکە، خەریکی شێرەکە بوو، قسەی بۆدەکردو مێشکی مژول دەکرد بۆئەوەی لەناکاو چنگێك لە ڕێبوارەکە گیرنەکات و بیکوژێت و جارناجارێکیش چاوی لە کابرای ڕێبوارەکە دەنووقاند.. ئاماژەیەك بوو بۆ دڵنەوایی کابرای ڕێبوار، هێندەی نەبرد گەیشتنە شوێنی تۆڕەکەو شێرەکە نیشانی مام ڕێوی دا).

مام ڕێوی: لە دەوروبەری تۆڕەکە دەسووڕایەوەو بە شێرەکەی گووت:

قوربان ئەوە تۆڕەکەیە؟.

شێر: بەڵێ خۆیەتی.

مام ڕێوی: کاورا، خۆچاك دەزانم پاشا ڕاست دەبێژی، ئایا ئەمە ئەو تۆڕەیە کە جەنابی پاشای ناسك و نازدار تێیدا بەندبوو؟.

ڕێبوار: بەڵی مام ڕێوی، خۆیەتی.

مام ڕێوی: ئای لەستەمی مرۆڤ، ئای لەکارە نابەجێیەکانی، توخوا چۆن دڵتان هات سەردارو سالاری ئێمە لەناو ئەو تۆڕەدا بەندبکەن، باوەگیان کەی ئەمە ڕەوای هەقە.

ڕووی لەدەمی شێرەکە کردو گووتی:

قوربان گەر بەزەحمەتی نازانن دەتوانن بچنە ناو تۆڕەکە، بۆ ئەوەی بەبەڵگەوە بتوانم حوکمەکە بدەمو بڕیاری کۆتایشی لەسەر بدەم.

شێر: نا، زەحمەت نییە، ئینجا شێر خۆی خزاندە نێو تۆڕەکە.

مام ڕێوی: قوربان، جەنابتان لەکوێی تۆڕەکە پاڵکەوتبوون.

شێر: ئا لەم سووچەدا (چوو لێی پاڵکەوت).

مام ڕێوی: کوڕە کاورا، خۆدەزانم پاشامان ڕاست دەفەرموێ، بەڵام کە تۆهاتی سەیرت کرد ، ئایا پاشا لەوێ پاڵکەوتبوو؟.

ڕێبوار: بەڵێ مام ڕێوی.

مام ڕێوی: دایە قاقای پێکەنین.

شێر: (لەجێی خۆیەوە) مام ڕێوی بۆ دەخەنی؟.

مام ڕێوی: قوربان، چۆن پێنەکەنم، دەروازەی تۆڕەکە ئاوەڵایەو تۆ دەتوانی لەناو تۆڕەکە بێیتە

دەرەوە، ئیدی پێویستت بە یارمەتی ئەو مرۆڤە هەرنەدەبوو.

شێر: نەخێر، دەروازەکە داخرابوو، هەربۆیەش داوای یارمەتیم لێکرد، تا لێرە ڕزگارم ببێ.

مام ڕێوی: بەهێمنی بەرەو تۆڕەکە چووو دەروازەکەی داخست و شێرەکە لەناو تۆڕەکە مایەوەو مام ڕێوی بە شێرەکەی گووت: هەی گەلحۆی دڕندە، ئەو مرۆڤە چاکەی لەگەڵتدا کردو لە مردن ڕزگاری کردی، تۆش بەهەموو بێ ئەقڵێتەوە لەجیاتی ئەوەی چاکەکەی بدەیتەوەو پاداشتی بکەی، کەچی مرت لێ خۆش کردبوو بیخۆی، ئەمە چاکەی چاکەیە؟!.

(هل جزاءُ الاحسان إلا الاحسان)

هەی دڕندەی بێ بەزەیی و بێ ئابڕوو، بەکاوراشی گووت:

کاکی برا، خوای گەورە ئەقڵی بە مرۆڤ بەخشیوە تا هەر کارێك بکات دوچاری کێشە نەبێت، ئەدی خوای گەورە لەقورئانی پیرۆز نافەرموێ (یا أولی الالباب) یا دەفەرمووێ (یا أولی النهی).

بە فەرموودەی (ولقد كرّمنا بنی آدم) یانی بەئەقڵ و بیژتن لەهەموو شتێك جیاکردوەتەوە

لەمەودوا، برایەکەم هیچ بڕیارێك نەدەی، کە ئەنجامەکەی نەزانی، بۆیە ئاگاتان لەخۆتان بێت.

ڕێبوارەکە: زۆر سوپاس مام ڕێوی بەراستی فێڵێکی باشت دۆزییەوەو منت لە چنگ ئەو شێرە ڕزگارکرد.

ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە لەم کتێبەدا ئاماژەیان پێدراوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

١- نَّحنُ نَقُصُّ عَليكَ نَبأهُم بِالحَقّ إنَّهُم فِتيَـةٌ ءَامَنُـوا بِـربِهِم وَزِدنهُـم هُـدًى(١٣)
(سورة الكهف).

٢- قَالُوا سَمعنَا فَتىً يَذكُرُهم يُقَالُ لَهُ إبراهيمُ (٦٠) (سورة الانبياء).

٣- و إذ قَالَ مُوسَى لِفَتَاهُ لَآ أبرَحُ حَتَّـى أبلُـغَ مَجمَـعَ البَحـرَين أو أمـضِيَ حُقُبـاً
(٦٠) (سورة الكهف).

٤- يَأيُّها النَّاسُ إنَّا خَلَقنكُم مِن ذكرٍ وأُنثَى وَجَعَلنَكُم شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَـارَفُوا إنَّ
أكرَمَكُم عِندَ اللهِ أتقَكُم إنَّ اللهَ عَليمٌ خَبيرٌ (١٣) (سورة الحجرات).

٥- وَالنَّجمُ وَالشَّجَرُ يَسجُدَانِ (٦) (سورة الرحمن).

٦- هَو الأولُ والأخرُ والظّهِرُ والبَاطِنُ وَهُوَ بكُلِ شَىءٍ عَلِيّم (٣) (سورة الحديد).

٧- وَقَالَ الّذينَ أُوتُوا العلمَ والإيمنَ لَقد لَبِثتُم فِى كِتَبِ اللهِ الَـى يَـومِ البَعـثِ فَهَـذَا
يومُ البَعثِ وَلَكنّكُم كُنتُم لاَ تَعلَمُون (٥٦) (سورة الروم).

٨- وَكَذَلِكَ جَعَلنَا لِكُلّ نَبِى عَدُواً شَيَطِينَ الإنسِ وَالجِنِ يُـوحِى بَعـضُهُم إلى بَعـضٍ
زُخرُفَ القَولِ غُروراً وَ لَو شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعلُوهُ فَذَرهُم وَمَا يَفتَرُون (١١٢)
(سورة الانعام).

٩- وإذَا مَرُّوا بِهِم يَتَغَامَزُونَ (٣٠) (سورة المطففين).

١٠- إنَّ شَرَّ الدَّوَابّ عِندَ اللهِ الصُّمُّ البُكمُ الّذِينَ لاَ يَعقِلُونَ (٢٢) (سورة الانفال).

١١- لَقد خَلَقنَا الإنسانَ فِي أحسَنِ تَقويمٍ (٤) (سورة التين) .

١٢- وَنَادَى نُوحٌ رَّبَّهُ فَقَالَ رَبِ إنَّ ابنِـى مِـن أهلِـى وإنَّ وَعـدَكَ الحَـقُّ وأنـتَ احكَـمُ
الحَاكمينَ * قَالَ يَنُوحُ إنَّهُ لَيسَ مِن أهلِكَ إنَّهُ عَمَلٌ غَير صَلِحٍ فَلاَ تَسئَلنِ مَـا لَـيسَ لَـكَ
بِهِ عِلمٌ إنّى أعِظُكَ أن تَكُونَ مِنَ الجَهلِينَ * (٤٥،٤٦) (سورة هود).

١٣- فَإِذَا نُفِخَ فِى الصُّورِ فَلاَ أَنسابَ بَيـنَهُم يَومَئِـذٍ وَلاَ يَتَـساءَلُونَ (١٠١) (سـورة المؤمنون).

١٤- وَجَهِدُوا فِى الله حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجتَبكُم وَمَا جَعَلَ عَلَيكُم فِى الدِّينِ مِـن حَـرَجٍ مِلَّةَ أَبِيكُم إِبرَاهِيمَ هُوَ سَمَّكُمُ المُسلِمِينَ مِن قَبلُ وَفِى هَذاَ لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيداً عَلَيكُم وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَوةَ وَءَاتُوا الزَكَوةَ وَاعتَصِمُواْ بِاللهِ هُوَ مَـولَكُم فَنِعمَ المَولَى وَنِعمَ النَّصِيرِ (٧٨) (سورة الحج) .

١٥- وَأَن لَّيسَ لِلإِنَسنِ إِلاَّ مَا سَعَىَ وَأَنَ سَعيَهُ سَوفَ يُرَى (٣٩،٤٠) (سورة النجم)

١٦- أَمَّن هُوَ قَنِتٌ ءَانَاءَ الَّيلِ سَاجِداً وَقَاءِيماً يَحذَرُ الأَخِرَةَ وَيَرجُوا رَحمَةَ رَبِـهِ قُـل هَل يَستَوِى الَّذِينَ يَعلَمُونَ وَالَّذِينَ لاَ يَعلَمُونَ إِنَمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الأَلبَبِ (٩) (سورة الرمز) .

١٧- كَلاَّ إِنَّهُم عَن رَبِهِم يَومَئِذٍ لَّمَحجُوبُونَ (١٥) (سورة المطففين).

١٨- وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَب لَن تَرَنِى وَلَكِـنِ انظُـر إِلى الجَبَـلِ فَإِنِ استَقَرَّ مَكَانُه فَسَوفَ تَرَنِى فَلَمَا تَجَلَّى رَبُهُ لِلجَبَلِ جَعَلَه دَكًّا وَخَـرَّ مُوسَـى صَـعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبحَنَكَ تُبتُ إِلَيكَ وَأَنَاْ أَوَّلُ المُؤمِنِين (٤٣) (سورة الاعراف).

١٩- وَإِذا قَالَ رَبُّكَ لِلمَلَئِكَةِ إِنِى جَاعِلٌ فِـى الأَرضِ خَلِيفَـةً قَـالُوا أَتَجعَـلُ فِيهَـا مَـن يُفسِدُ فِيهَا وَيَسفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحنُ نُسَبِحُ بِحَمدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِى أَعلَمُ مَا لاَ تَعلَمُـون (٣٠) (سورة البقرة) .

٢٠- سُبحَنَ الَّذى أَسرَى بِعَبدِهِ لَيلاً مِّنَ المَسجِدِ الحَرَامِ إِلى المَسجِدِ الأَقـصَا الَّـذِي بَركنَا حَولَه لِنُرِيَهُ مِن ءَايَتِنَا إِنَهُ هُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ (١) (سورة الاسراء).

٢١- تَعرُجُ المَلئِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيهِ فِي يَومٍ كَانَ مِقدَارُهُ خَمسِينَ أَلفَ سَنَةِ (٤) (سورة المعارج).

٢٢- وَلَكُم فِي القِصَاصِ حَيَوةٌ يَأُوْلِى الأَلبَبِ لَعَلَكُم تَتَّقُونَ (١٧٩) (سورة البقرة).

٢٣- الحَجُ أَشْهُرٌ مَّعلُومَتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِى الحَجّ وَمَا تَفعَلُوا مِن خَيرٍ يَعلَمهُ اللهُ وَتَزَوَدُوا فَإِنَّ خَيرَ الزَّادِ التَّقوَى واتَّقُونِ يَأُوْلِى الألبِ (١٩٧) (سورة البقرة) .

٢٤- قُل لاَّ يَستَوِى الخَبِيثُ وَالطَّيبُ وَلَوا أَعجَبَكَ كَثرَةُ الخبِيثِ فَاتَّقُوا الله يَأُولِى الألبِ لَعَلَّكُم تُفلِحُونَ(١٠٠) (سورة المائدة).

٢٥- كُلُواْ وَارْعَواْ أنعمَكُم إنَّ فِي ذَلكَ لأيتٍ لِّأُولِى النُّهَى (٥٤) (سورة طه).

٢٦- أفلَم يَهدِ لَهُم كَم أهلَكنا قَبلَهُم مِن القُرُونِ يَمشُونَ فِى مَسَكِنِهِم إنَّ فِى ذَلكَ لأيَتٍ لأُولِى النُّهَى (١٣٨) (سورة طه).

٢٧- وَلَقد كَرَّمنَا بَنِى ءَادَمَ وَحَمَلنَهُم فِي البَرِ وَالبَحرِ وَرَزَقنَهُم مِن الطَّيِبتِ وَفَضَّلنَهُم عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنَ خَلَقنَا تَفضِيلاً (٧٠) (سورة الاسراء) .

٢٨- إنَّ فِي خَلقِ السَّموَاتِ و الأرضِ وَآختِلَفِ الَّيلِ وَالنَّهارِ لأيَتِ لأُوْلِي الألَبِ(١٩٠) (سورة ال عمران).

ئەو فەرمایشتە پیرۆزانەی پێغەمبەر(د.خ)کە ئامازەیان پێدراوە:

١- انا ارسطوطاليس هذه الأمة.

٢- لو عاش ارسطوطاليس لامن بى.

٣- من كنت مولاه فعلي مولاه الهم وال من والاه وعاد من عاداه.

٤- اناوانت يا علي ابوا هذه الامة.

٥- عليك يا ابا هريرة بطريق اقوام اذا فزع الناس لم يفزعوا واذا طلب الناس الامان لم يخافوا قال من هم يارسول الله؟ عدهم لي وصفهم حتى اعرفهم قال : قوم من امتى في اخر الزمان يحشرون محشر الانبياء.

٦- انا مدينة العلم وعلي بابها.

٧- المؤمن اخو المؤمن من ابيهِ وامهِ.

٨- العلماءُ ورثة الانبياء.

ئەو کەسایەتی و هزرمەندو نووسەرانەی، کە ناویان لەم کتێبەدا هاتووە:

١- **عائیشە:** کچی ئیمامی ئەبو بەکری سدیقە، خێزانی پێغەمبەرمان (د.خ) لە خێزانەکانی هەر ئەو کچ بوو، لەسالّی ٦١١ زاینی لە مەککەی موکەرەمە لەدایك بووە لەسالّی ٦٧٧ زاینی لە مەدینەی منەوەرە کۆچی دوایی کردووە، پێغەمبەر (د.خ) زۆر خۆشی ویستووە بە نێوی (الحمیراء) بانگی کردووە زۆربەی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) لەم زاتە بەرزە وەرگیراوە، بە دایکی باوەڕداران (أم المؤمنین) ناسراوە(رەزای خوای لەسەر بێت).

٢- **ئەبوهورەیرە:** عەبدالرەحمن بن سەخەر لەسالآنی ٥٩٧/- ٦٧٥ زاینی لە مەدینەی منەوەرە لەدایك بووە هەرلەوێش کۆچی دوایی کردووە، یەکێك بووە لە یاوەرە بەرێزەکانی پێغەمبەر (د. خ) زۆربەی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) لەوزاتە بەرزە وەرگیراوە بە (سەحیح) دادەنرێت، تەرکی دونیای کردووە لەدەرەوەی شاری مەدینەی مەنەوەرە لە چۆلانی مردووە (ر.خ).

٣- **ئەبو حەنیفە:** نوعمان بن ثابت، دامەزرێنەری مەزهەبی (حەنەفی) یەو قوتابی ئیمامی جەعفەری سادقە لەسالّی ٧٦٧ لەبەغدا کۆچی دوایی کردووە کە دەکاتە ٣/٢٧/ ٧٣٩ ز، گولّستانی پیرۆزی لە (ئەعزەمیەی بەغدایە)

٤- **مالیك بن ئەنەس:** لەسالآنی ٩٣ کۆچی لە مەدینەی منەوەرە لە دایك بووە هەرلەوێش لەسالّی ١٧٩ کۆچی مردووە، بە دامەزرێنەری مەزهەبی (مالیکی) دادەنرێت و کتێبی (الموطأ) بۆ فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) داناوە بە (سەمیح) لەقەلّەم دەدرێت.

٥- **موسای کازم:** لە سالآنی ٧٤٥ – ٧٩٩ زاینی لە بەغدا ژیاوە هەرلەوێش لە بەندیخانە وەفاتی کردووە بەحەوتەمین (دوازدە مەزهەبی) دادەنرێت ئارامگای لە کازمیەی بەغدایە، شیعە مەزهەبەکان تەقدیسی دەکەن.

٦- **سوفیان ئه لثوری:** له سالآنی ٧١٥ - ٧٧٧ زاینی له کوفه له دایك بووه هەر لەوێش وەفاتی کردوە، لەگەورە زانایانی رەوانبێژی و گێڕانـەوەی فەرمایشتە پیرۆزەکانی بووە، دوو کتێبی بۆئـەم مەبەستە دانـاوە (الجامع الکبیر ، الجامع الصغیر).

٧- **حەسەن ئەلبەسەری:** لەساڵی ٦٤٢ له بەسرە لـەدایك بـووە لەسـاڵی ٧٢٨ زاینی له مەدینـەی منـەوەرە وەفـاتی کـردوە لـە زانـا بەناوبانگـەکانی گێڕانـەوەی فەرمایشتە پیرۆزەکانی پێغەمبەرە (د.خ)

٨- **ئیبن تیمیه** : تەقیەدین ئەحمەد لەسالآنی ١٢٦٣ - ١٣٢٧ زاینی لەسوریا (شام) ژیاوە هەرلەوێش مردووە بەرەگەز کوردە له کتێبـە دیارەکـانی (الـسیاسات الشرعیة فی اصلاح الراعی والرعیة).

٩- **ئەلغـەزالی:** ئەبوحامـد محەمـەد، لەسـاڵی ١٠٥٨ زاینـی لـە تـوس (شـام) لەدایك بووە لەساڵی (١١١١)زاینی لە بەغدا کۆچی دوایـی کـردووە ڕووی لـەخوای گەورە کردووە بە سۆفیەکی خواپەرست ناوبانگی دەرکـردووە چـەندین کتێبـی بـە پێزی لەسەر سۆفیەت و سۆفیگەری و ئیسلام نووسیوە لەوانە(احیاء علـوم الـدین، تهافت الفلسفة، المنقذ فی الضلال).

١٠- **ئەلدار ئەلقوتنی** : ئەبوحەسەن لەسـالآنی ٩١٨---٩٩٥ لەبەغـدا لـەدایك بووە هەرلەوێش مردووە ، بەگێڕانەوەی فەرمانشێتە پیرۆزەکـانی پێغەمبـەر (د.خ) ناوی دەرکردووە فەرموودەکانی کۆکردۆتەوە لەنێو کتێبێکدا بەناوی(السنن).

١١- ئـیبن خەلـەکان: ئەحمـەد ئـەلرەکلی، لەخەلـەکان لەکوردسـتانی خۆمـان (باشوور) (عیراق) لەساڵی ١٢١١زاینی لەدایك بووە لە دیمەشق سوریا لـە سـاڵی ١٢٨٢زاینی مردووە، لە کتێبە بەرچاوەکانی (وفیات الاعیان وانباء انباء الزمان).

١٢- **ئیبن ئەلنەدیم:** محەمەد بن ئیسحاق، لەبەغدا ژیـاوە هـەر لـەوێش لەسـاڵی ٩٩٥زاینی مردووە لەکتێبەکانی (الفهرست).

١٣- **ئیبن ئەلموعتەز:** لەساڵانی ٨٦١ - ٩٠٨ زاینی لەبەغدا ژیاوە و خەلیفەی عەباسیەکان بووە و شاعیرو ئەدەبێکی لێهاتووبووە، لەپیلانێکدا بەشەو خنکاندوویانو لەبەغدا نێژراوە دوو کتێبی بەناوەکانی (کتاب البدیع - طبقات الشعراء) هەیە.

١٤- **ئەلموقەفەع:** عەبدوڵڵا ، ئەدەبێکی مەزن بووە کتێبی (کلیله و دمنە)ی گۆڕیوەتە سەر زمانی عەرەبی کە (بەزمانی ئاژەڵان دەدوێن) ئاراستەیە بۆئەقڵیەتی مرۆڤ.. لەساڵی ٧٥٩زاینی کوژراوە، لەکتێبە دیارەکانی(الادب الکبیر - الادب الصغیر).

١٥- **ئیبن مەسکەوەی:** هزرمەندو فەیلەسوفێکی بەتوانابووە، لە ساڵی (١٠٣٠)زاینی مردووە لەکتێبە دیارەکانی(تجارب الامم).

١٦- **ئەلئەشعەری،** ئەبوحەسن عەلی: لە موعتەزیلەکان بووە و پاشان گەڕاوەتەوە سەر (سونە) هەوڵی داوە گەشە بەو ئاینزایە بدات لەساڵانی (٨٧٣- ٩٣٥) زاینی ژیاوە لە کتێبەکانی (مقالات الاسلامیین).

١٧- **ئیبن عەرەبی:** محیەدین ئەندەلوسی لە ساڵی (١١٦٥)لەئەندەلوسی ئیسپانیا لە دایك بووە لە ساڵی (١١٦٥) زاینی لە دیمەشقی سوریا مردووە و سۆفی بووە، بەڵام بە زەندیق (دوور دوور لە ئیسلامەتی) تاوانبارکراوە، لە کتێبەکانی (الفتوحات الملکیة).

١٨- **ئیبن جەنی،** عوسمان: لەساڵی (٩٤٢)زاینی لەمووسڵ لەدایك بووە و لەساڵی (١٠٠٢) لەبەغدا مردووە لەرێزمانی عەرەبی دەستێکی باڵای هەبووەو هاورێیەکی نزیکی ئەلموتەنەبی شاعیر بووە، لەکتێبەکانی (سر صناعة الاعراب).

١٩- **ئیبن ئەلتەباتەبائی:** ئەبوحەسەن محەمەد، لە ئەسفەهانی ئیران لەساڵی (٩٢٤) زاینی لەدایك بووە، شاعیرو وێژەوانێکی زانابووە.

٢٠- **ئیبن روشد:** ئەبو ئەلوەلید محەمەد بن ئەحمەد، لەساڵی (١١٢٦)زاینی لە قورتبەی ئیسپانیا لەدایك بووەو لەساڵی (١١٩٨)زاینی لە مەغریب مردووە زاناو فەیلەسوفێکی بەناوبانگ بووە.

٢١- **ئیبن سەکیت:** یەعقوب بن یوسف، لەساڵی(٨٠٣) زاینی لەبەغدا لەدایك بووە و لەساڵی (٨٥٩) زاینی لەبەندیخانەدا مردووە بەلێدان کوشتویتیان لەبەرئەوەی بەهۆی (هەڵەی زوبان) وە قسەی بەخەلیفە گووتوە.

٢٢- **ئەلئەسفەهانی:** ئەبوفەرەج ، لەساڵی (٨٩٧)زاینی لە ئەسفەهانی ئێران لەدایك بووە، لە ساڵی (٩٦٦) زاینی لەبەغدا مردووە لەکتێبەکانی(الاغانی).

٢٣- **ئەلهەمەدانی:** بەدیع زەمان، لەساڵانی (٩٦٨ - ١٠٠٧) زاینی ژیاوە وێژەون و شاعیرێکی بەتوانابووە لەکتێبەکانی(المقامات).

٢٤- **ئەلشەهرەزووری:** شەمسەدین محەمەد بن مەحموود ئەلئەشراقی بەرەگەز کوردە و لەشارەزووری کوردستانی خۆمان (عیراق) لەدایك بووەو بیرمەندو فەیلەسوف و سۆفیگەریەکی دیاربووەو لەساڵی (٦٩٠) زاینی کۆچی دوایی کردووە، لە کتێبەکانی (نزهة الارواح).

٢٥- **ئەلفارابی:** لە تورکمانستان لەدایك بووە، بەمامۆستای دووەم پاش مامۆستای یەکەم (ئەرستۆ) ناوبانگی دەرکردووەو زۆر زانا بووە لەبیرکاری و مۆسیکدا لە بەغدا و حەلەب دەرسی وتووتەوە، لەساڵی (٩٥٠) زاینی مردووە، لە کتێبەکانی (رسالة نصوص الحكم والسياسة) المدينة واراء اهل المدينة الفاضلة و(الموسيقى الكبير).

٢٦- **ئەلسەعالبی:** ئەبو مەنسور ئەلنیسابوری ، لەساڵانی (٩٦١ - ١٠٨٣) زاینی ژیاوە هەر لە نیسایووریش مردووە، زمانزان و وێژەوان و مێژونووسێکی دیاربووە، لە کتێبەکانی (الطائف المعارف - فقة اللغة).

٢٧- **ئەلسجستانی:** ئـەبو سـلێمان ئەلمـەنتقی، لەسـاڵی (٩٨٥)زاینـی مـردووە، مامۆسـتای ئەبوحـەیان ئەلتەوحیـدی بـووە، بیرمەنـدێکی زانـابووە، لەکتێبـەکانی (صوان الحکمة).

٢٨- ئەلفەراهیدی: ئەحمەد خەلیل، لەساڵانی (٧١٨ - ٧٨٦) زاینـی لەبەسـرە ژیاوەو لەوێش مـردووە، زانایـەکی بـە توانـای زمـانی عـەرەبی بـووە و مامۆسـتای سێبەوی بووە، لە کتێبەکانی (کتاب المروج، کتاب اللعین فی اللغة).

٢٩- **ئەلخوارەزمی:** ئەبوعەبدوڵڵا محەمەد بن محەمـەد ، لەسـاڵی (٩٩٧) زاینـی مردووە، زانایەکی شەرع بووە، لەکتێبەکانی (مفاتیح العلوم).

٣٠- **ئـیبن ئەسـیر:** عـزەددین ئـەبو ئەلحەسـەن عـەلی، لەسـاڵی (١١٦٠) زاینـی لەجەزیرەی ئیبن عومەر لەدایك بووە و بەرەگـەز کـوردە، لـە سـاڵی (١٢٣٤)زاینـی لەموسل کۆچی دوایی کردووە، مێژوونووسێکی بەتوانابووە، لە کتێبەکانی(الکامل فی التاریخ ، تحفة العجائب وطرفة الغرائب).

٣١- **ئەلـسابی:** ئـیبن هـلال ، لەسـاڵانی (٩٢٥ - ٩٩٤) کۆچـی ژیـاوە، خـۆی سابیئی بووەو پاشان بووەتە موسلمان، لە کتێبەکانی (الهفوات النادرة).

٣٢- **ئەبوعـەلی ئەلفارسـی:** لەسـاڵی (٩٨٧) زاینـی لـە بەغـدا مـردووە، خـۆی خەڵکی وڵاتی فارسە، لەزانا بەناوبانگەکانی رێزمانی عەرەبی بووە.

٣٣- **ئەلمتنەبی:** ئەبوتەیب ، لەساڵی (٩١٥) زاینی لەکوفە لەدایك بووەلەساڵی (٩٦٥) لەنزیك شاری بەغدا لەشـەڕێکدا کـوژراوە، لەشـاعیرە هەرەبەناوبانگـەکانی عەرەبی و ئیسلامی بووە.

٣٤- **ئەلمەعەری:** ئەبو ئەلعەلا، لە ساڵی (٩٧٣) زاینی لەسوریا لـەدایك بـووە، لـە سـاڵی (١٠٥٧) زاینـی هەرلـەوێش مـردووە، بەگـەورەترین هزرمەنـدو شـاعیری عەرەبی لەقەڵەم دەدرێت، نابینابووەو لەتەمەنی چوارساڵیدا کوێربووە.

٣٥- **ئەلموعتەز:** لەساڵی (٨٦١) زاینی بووەتە خەلیفەو شوێنی باوکی گرتۆتەوە، شاعیرو وێژەوانێکی زیرەك بووە، دەڵێن: لەوانەیە خەلیفایەتیەکەی ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك بووبێت، کتێبێکی دیوانی شیعری هەیە بەناوی (البدیع).

٣٦- **ئەلکندی:** ئەبو یوسف یەعقوب، بەفەیلەسوفی عەرەب و ئیسلام ناوبانگی دەرکردووە لەبەغدا لەساڵی (٨٧٠) زاینی مردووە.

٣٧- **ئەلقفتی:** جەمالەددین ئەبوحەسەن عەلی، لەساڵانی (١١٦٧-١٢٤٨) زاینی لەمیسر (قفت) لەدایك بووە، هەر لەوێش مردووە، زاناو مێژوونووسێکی بەتوانابووە، لە کتێبەکانی (تاريخ اليمن، تاريخ المغرب).

٣٨- **ئەلزجاج:** ئەبوئیسحاق ئیبراهیم، زانایەکی زمانەوانی عەرەبی بووە، لەساڵی (٩٢٢) زاینی مردووە، لەکتێبەکانی (معانی القران، شرح ابيات كتاب سيبوية).

٣٩- **ئەلحەلاج:** حوسەین بن مەنسور، لەساڵی (٨٥٨) زاینی لەشیراز لەدایك بووە و سۆفی بووە، تۆمەتی زەندیقیان داوەتە پاڵی، دەست وقاچیان بڕیوە، پاشان بەزیندوویەتی سووتاندوویانە، لاشە خۆڵەمێشیەکەی لەبەغدا ساڵی ٩٢٢زاینی فڕێداوەتە ناوزێی دجلەوە، لە کتێبەکانی (الطواسين).

٤٠- **ئەلجاحز:** ئەبو عوسمان بەحر، لە ساڵانی (٧٧٥) لەبەسرە لەدایك بووەو لەساڵی (٨٦٨) زاینی هەرلەوێش مردووە، بەبانگی زانیاری لەسەر زۆربەی زانستەکان ناودەبرێت، لە کتێبەکانی (الحيوان،البخلاء، البيان والتبين).

٤١- **ئیبن ئەلحەجەر:** شەهابەددین ئەبی فەزل ئەلکنانی ئەلعەسقەلانی، لەساڵی (٧٧٣)ی کۆچی لەشام ژیاوە، هەرلەوێش مردووە، زانایەکی ئایینی بەناوبانگ بووە، لە کتێبە ناودارەکانی (الاصابة فی تميز الصحابة).

٤٢- **ئەسکەندەر:** بەنێوی (دووقۆچ) واتە (ذی القرنين) بەناوبانگە لە مەقدۆنیا لەساڵی (٣٥٦) پێش زاین لەدایك بووە لەشاری بابل لەساڵی (٤٣٣) پێش زاین کۆچی دوایی کردووە.

((دەڵێن لەنزیك شاری هەولێر كوردستانی عیراق لەساڵی (٣٣٣) پێش زاین لەشەڕێكی خوێناویدا بەسەر ئەمپرۆتۆریەتی فارسەكان زاڵ بووە سەركەوتنی بەدەستهێناوە و داریۆسی پاشای فارسەكان خاوخێزانەكەی بەدیل گرتووە داریوشی كوشتووە)).

٤٣- **مەئموون:** كوری خەلیفە هارون رەشیدە، دایكی فارسە لەساڵی (٧٨٥)ی زاینی لەدایك بووەو لەساڵی (٨٣٣) ی زاینی لەتەرتوس سوریا مردووە، لەپاش كوژرانی ئەمینی برای بووەتە خەلیفە لەسەردەمی ئەم خەلیفەیە بزووتنەوەیەكی ئەدەبی بەرفراوان هاتەكایەوە بەتایبەتیش بەرچەڤەكردن، گەورەترین پەرتوكخانەی دامەزراندووە بەنێوی (بیت الحكمة).

٤٤- **متەوەكل:** لەساڵی (٨٢٦ – ٨٦١) ی زاینی لەبەغدا لەدایك بووە هەرلەوێش مردووە، خەلیفەی دەیەمی دەوڵەتی عەباسییە، پاش مردنی كوڕەكەی (ئەلمعتەز) شوێنی گرتەوە.

٤٥- **سیبەوەی:** ئەبوبشرعەمر بن عوسمان، لە شیرازی ئێران لەدایك بووە و هەر لەوێش لە ساڵی (٧٩٦) زاینی مردووە، قوتابی ئەلخەلیل بووە، زانایەكی بەتوانای رێزمانی عەرەبی بووە، لەكتێبەكانی (الكتاب)ە.

٤٦- **واسل بن عەتا:** لەساڵی (٦٩٩) زاینی لە مەدینەی منەوەرە لەدایك بووە، لە ساڵی (٧٤٨) زاینی لەبەسرە مردووە، یەكێك بووە لەزانا بەناوبانگەكانی كۆمەڵەی (موعتەزیلە).

٤٧- **كاشف ئەلغەتا:** محەمەد ئەلحوسین: لەساڵانی (١٨٧٧ز) تا (١٩٥٣) لەنەجەف لەدایك بووە، هەرلەوێش مردووە، زانایەكی بەناوبانگی شیعەكان بووە، لە كتێبەكانی (اصل الشيعة واصولها).

٤٨- **خدر محەمەد:** لەمیسر لەدایك بووە و لەساڵی (١٩٢٧) زاینی لە قاهیرە مردووە، مامۆستای شەریعەتی ئیسلامی بووە، بانگەوازی بۆ نوێخوازی دەكرد. لەكتێبەكانی (تاريخ الامم الاسلامية).

٤٩- **ئەحمەدئەمین:** لەساڵانی (١٨٨٦)زاینی تاساڵی(١٩٥٤) زاینی لە میسر لەدایك بووە، هەرلەوێش بووەو هەرلەوێش لە قاهیرەی پایتەخت مردووە، یەكێك بووە لە ئەندامانی كۆڕی زانیاری عەرەبی، لە كتێبە بەناوبانگەكانی (فجر الاسلام، من الاسلام، ظهر الاسلام).

٥٠- **تەها حوسێن:** هزرڤانێكی گەورەی عەرەبی بوو، لە میسر لەساڵی (١٨٩٩) لەدایك بووە لەساڵی (١٩٧٣) زاینی لەقاهیرە مردووە، هەردووچاوی كوێربووە، بەعەمیدی ئەدەبی عەرەبی دادەنرێت.

٥١- **مستەفا عەبدولرەزاق:** لەساڵانی (١٨٨٥ ز - ١٩٤٦ ز) لەمیسر لەدایك بووە و هەر لەوێش مردووە، لەكتێبەكانی (تمهید لتاریخ الفلسفة الاسلامیة).

٥٢- **ئەرستۆ:** لەنێوان (٣٨٤ - ٣٢٢) پێش زاین لە یۆنان لەدایك بووە، هەر لەوێش مردووە، بەمامۆستای یەكەم (لە فەلسەفە) ناودەبرێت، بە دانەری (مەزهەبی ئەلمەشائین) دادەنرێت.

٥٣- **ئەفلاتون:** لەسالانی (٤٢٧ - ٣٤٧) پێش زایین لەیۆنان لەدایك بووە، هەر لەوێش مردووە، بەگەورەترین فەیلەسوفی یۆنانی ناودەبرێت، قوتابی (ئەرستۆ) بووە، لە كتێبەكانی (الجمهوریة).

٥٤- **ئەفلوتین:** لەساڵانی (٢٠٤ - ٢٧٠ پ.ز) لەمیسر لەدایك بووە، هەر لەوێش مردووە، بە دامەزرێنەری قوتابخانەی (ئەفلاتونی نوێ) لەقەڵەم دەدرێت، لە كتێبەكانی (التاسوعات)

٥٥- **دیبۆر:** رۆژهەلاتناسێكی زانابووە و مامۆستای فەلسەفەبووە، لەهۆڵەندا لەساڵی (١٩٤٢) مردووە.

٥٦- **ئوغستین:** قەشەیەكی لاهووت بووە، لەساڵی (٣٥٤ - ٤٩٠ پ. ز) ژیاوە، لەكتێبەكانی (الاعترافات).

٥٧- **سوكرات:** لەساڵی (٤٧٠پ.ن) لە ئەسینای یۆنانی لەدایك بووە و لەبەندیخانە لەساڵی (٣٩٩ پ.ن) خۆی ژەهر خواردووکردووەو مردووە، یەکێکە لە قوتابییە هەرەزیرەکەکانی ئەفلاتون.

٥٨- **جۆن لۆك:** لەسالآنی (١٦٣٢ – ١٧٠٤) لە ئینگلستان ژیاوە هەرلەوێش مردووە فەیلەسوفێکی بەتواناو نوێخوازبووە و هەرئەو ووتیەتی : تاقیکردنە سەرچاوەی گشت زانیارییەکانە لە کتێبەکانی (محاولة فی الفهم البشری).

٥٩- **جولد تسیهر:** لەسالآنی (١٨٥٠ – ١٩٢١) لە مەجەر لەدایك بووە، هەر لەوێش مردووە، لە قوتابخانەی (ئەلئەزهەر)ی میسری خوێندوویەتی، لەکتێبەکانی (العقیدة والشریعة فی الاسلام ومذاهب المفسرین).

٦٠- **کانت:** ئەمانوێل لەساڵانی (١٧٢٤ –١٨٠٤ ز) لە ئەلمانیا لەدایك بووە، هەر لەوێش مردووە، فەیلەسوفێکی زانابووە، لەکتێبەکانی(نقد العقل النظری – نقدا العقل العملی).

٦١- **فیساغۆرس:** فەیلەسوفێکی یۆنانییە، لە ساڵی (٦٠٠ پ.ن) ژیاوە بە دۆنادۆن واتە (تناسخ الارواح) ناسراوە.

٦٢- **متز** ، ئادەم متز: مامۆستای زمانەکانی رۆژهەڵات بوو، لەزانکۆی بازل لەسویسرا لەساڵی (١٩١٧) زاینی مردووە.

٦٣- **فیلون:** ئەلئەسکەندەر لەسالآنی ٢٠ تا ٥٤ ی زاینی لەئەسکەندەریەی میسر ژیاوە هەرلەوێش مردووە فەیلەسوفێکی جوولەکەبوو، هەوڵی دەدا راڤەی ئاین بەدەربرینەکانی فەلسەفەی یۆنانیەوە ببەستێتەوە هەربۆیەش هێمای بەکاردەهێنا.

٦٤- **مەعسووم** : دکتۆر فوئاد مەعسووم، سیاسەتوانێکی کوردە، دکتۆرای لەفەلسەفە وەرگرتووە، لە (٣٨/ ٣/ ١٩٣٨) شاری کۆیەی هەولێر لەدایك بووە، یەکەم سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان (کوردستانی باشوور) بووە، ئێستا

ئەندامی پەرلەمانی عیراقە، لە کتێبە بەناوبانگەکانی، کە سەرچاوەی سەرەکی و سوودم لێوەرگرتووە:(اخوان الصفاء، فلسفتهم، وغایاتهم).

٦٥- **حەوێزی**، بەهزاد ئەرشەد، لە کۆیەی شاری هەولێر لەساڵی (١٩٦٠) لەدایك بووە، رۆژنامەنووس‌ووەرگێڕە، دیپلۆمی لە راگەیاندن‌وبەکالۆریۆسی لە سیاسەت هەیە، لەکتێبەکانی (لە درزی هزروە، پەیامێك لە ئایندەوە، لەرووی وەرگێڕانەوە: مۆدێرنیزم، پۆست مۆدێرنیزم‌وئەقڵ‌وئایین، فەلسەفەی ئەخلاقی).

٦٦- **هەورامی**، محەمەد کەریم، مامۆستای خانەنشینە چەندین کتێبی کوردی بەپێزی نووسیون لەدەوروبەری سلێمانی لە گوندی گۆلپ ساڵی (١٩٣٥) لەدایك بووە ئێستا لەهەولێر جێنیشە مامۆستابووە لەخانەی مامۆستایان لەزۆربەی زۆری رۆژنامەکان ووتاری بەسوودی هەنە. لە کتێبە دیارەکانی (بەرمیلی قۆپاو، مێژووی خوێندن لە حوجرەو قەتابخانەکانی کوردستان).

٦٧- **حەبیب**، بەدران ئەحمەد، شاعیرو نووسەرێکی شاری هەولێرە کۆلیژی ئەندازەی تەواوکردووە، لەساڵی (١٩٦١) لەگوندی دووشێوانی سەر بە شاری هەولێر لەدایك بووە، چەندین کتێب و وتاری بەپێزی هەنە، خاوەن فەرهەنگی زاراوەیە کە بە کوردی و عەرەبییە، ئێستا بەڕێوەبەری ئاکانیوزو دەزگای ئاراسە بۆچاپ و پەخش کردن، لە کتێبە دیارەکانی (بەهەشتی رازاوە لە کەلاوە، هەڵبژاردنەکانی کوردستان).

٦٨- **جاف**: خوسرەو جاف، ئەندازیارێکی کوردە، لەزۆر وڵات بەهۆی دانانی جوانکاری باڵاخانەکان ناوبانگی دەرکردووە، لەتیرەی جافە، زۆر لەهەندەران ژیاوە و ئێستا لەشاری هەولێر نیشتەجێیە، لەکارە نایەبەکانی رۆمانی (دەربار)ە کە بە شاکارێکی ئەدەبی لە قەڵەم دەدرێ.

له رووی هەندێ زاراوەودەستەواژەدا سوودم لەو فەرهەنگانە وەرگرتووە

١	فەرهەنگی زاراوە	عەرەبی – کوردی	بەدران ئەحمەد حەبیب
٢	فەرهەنگی کشت و کاڵ	عەرەبی – کوردی	مەعروف قەرەداغ مەردۆخی
٣	فەرهەنگی شیرین	عەرەبی – کوردی	فازیڵ نیزامەددین
٤	ئەستێرە گەشە	عەرەبی – کوردی	فازیڵ نیزامەددین
٥	زاراوەی کارگێری	عەرەبی – کوردی	کۆڕی زانیاری کورد
٦	پەروەردەو زانست	عەرەبی – کوردی	فەرهەنگی زاراوەی قوتابخانە
٧	مختار الصحاح	عەرەبی – کوردی	محمد بن ابی بکر الرازی
٨	ئاسۆی پەروەردە	عەرەبی – کوردی	محەمەد کەریم هەورامی
٩	رۆمانی دەربار	فەرهەنگی رۆمان	خسرەو جاف

فەرهەنگۆك

وشە	ماناکەی	وشە	ماناکە
مطلق	رەها	كمال	پێرفێکشن کامیلبوون
حکیم	چازان	حلقه	ئەلقە– گەو – فەلەك
مذهب	رێباوەر—ئایینزا	اخلاق	مۆرال – ئاکار
منطق	لۆژیك	اصل	بنەچە
صوفیه	سۆفیگەری	فضیلة	چاکەکاری
نظام (ضبط)	دیسپلین	مقلوب	ئاوەژوو
جسم	تەن	ئیدیوم	زاراوە
ئۆستان	پارێزگا	حارس	زێرەڤان
الحرث	شۆڤ	عدم	نەبوون
الكلی	هەمەکی	وجود	بوون
الجزئی	ئەندەکی	استحواذیة	پاوانکردن
سمك	بارست	عقیدە	بیروباوەر
ارادی	ویست	القهریه	خورتی
لاارادی	نەویست	هزل	لاقرتێ
انعکاس	بەردانەوە	غریزە	مەگێز
اضطراب	شپرزەیی	قشرە	توێژاڵ
مخاطب	بشنەو	بێخود	بێسوود
متکلم	بگۆ	رویداررویدا	یابشە یابشە
مادی	مانەوی – مەعنەوی	احمق	گەوجە
التوتر	گرژی	غیرمقبول	ناجور
ناموس	نهێنی گر – نهێنی پۆش	اهانە	تەوهین

سەرچاوەكان

١- قورئانى پيرۆز	
٢- فەرمايشتە پيرۆزەكانى پێغەمبەر	
٣- اخوان الصفاء ... فلسفتهم... وغاياتهم	د. فؤاد معصوم.
٤- ئەدەب و فەلسەفە ... ريچارد هنز	ترجمة عبدالعزيز الدورى
٥- دراسات فى العصور العباسية	د. عبدالعزيز الدورى
٦- تاريخ الاسلام	د. حسين ابراهيم
٧- ظهر الاسلام	احمد امين
٨ - الكامل فى التاريخ	ابن الاثير
٩- دراسات فى تاريخ الفلسفة	ابراهيم مدكور
١- حقيقة اخوان الصفاء	عارف تامر
٢- نزهة الارواح	شمس الدين محمد الشهرزورى
٣- تاريخ الحكماء الشهزورى (غزالى نامة)	جلال العمانى
٤- نهاية اسطورة	محمود اسماعيل
٥- أخوان الصفاء	محمد عذاب
٦- الامتاع والمؤانسة	ابوحيان التوحيدى
٧- ئيخوان ئەلسەفا (لێكۆڵينەوە)	ئەبوبەكر شوان
	گۆڤارى كاروان ٢٣٠
٨- مقدمة الرسائل	طه حسين
٩- مقدمة لطبقة الرسائل	احمد زكي
١٠- ئيخوان ئەلسەفا	جلال عوسمان
	رۆژنامەی هاوڵاتی–ژ/٤٢٤
١١- تاريخ الفلسفة الاسلامية	حنا فاخورى / خليل الجر
١٢- اذاعة القران الكريم	فلسطين / نابلس

١٣- الرسالة الالهية — د. عثمان يوسف
١٤- مقدمة التحقيق لمناهج الادلة لابن رشد — د. محمود قاسم
١٥- تاريخ الفلسفة اليونانية — يوسف كرم
١٦- فلسفة العصور الوسطى — د. عبدالرحمن البدوى
١٧- بين الدين والفلسفة فى راى ابن رشد — محمد يوسف موسى
١٨- الرسائل — الكندى
١٩- نصوص الحكم — الفارابى
٢٠- اراء اهل المدينة الفاضلة — الفارابى
٢١- تاريخ الفلسفة فى الاسلام — ديبور
٢٢- العقيدة والشريعة فى الاسلام — غولد تسيهر
٢٣- دروس فى الفلسفة — جميل صليبا
٢٤- المذاهب الاخلاقية — عادل عوا
٢٥- تاريخ الفلسفة الغربية — براند رسل
٢٦- السعادة عند ارسطو — بهزاد حويزى/ مجلة كاروان ٢٣٠
٢٧- علم الاخلاق — ارسطو
٢٨- مقدمة التساعية الرابعة عند افلوطين — فؤاد زكريا
٢٩- اخوان الصفاء — مجلة قسم العلوم التربوى- العدد /٤ الفارسية
٣٠- فتاوى (بغية المرتاد) — ابن تيمية الكوردى
٣١- اخيار العلماء — القفطى
٣٢- اسئلة حقيقية ورهانات الفكر — على حرب
٣٣- نظر متفكران اسلامى دربارة طبيعت — نصير سيدحسن- باللغة الفارسية
٣٤- اسس الفلسفة — توفيق الطويل
٣٥- المنطق الصورى والرياضى — عبدالرحمن بدوى

٣٦- مفاتيح العلوم	الخوارزمى
٣٧- تمهيد لتاريخ الفلسفة الاسلامية	شيخ مصطفى عبدالرزاق
٣٨- مناهج البحث عند مفكرى المسلمين	د. محمدسامى النشار
٣٩- الفلسفة الاغريقية	محمد غلاب
٤٠- حياة الحيوان الكبرى	شيخ كمال الدين الدميرى
٤١- كليلة ودمنة	ابن المقفع
٤٢- الحيوان	الجاحظ
٤٣- اخوان الصفاء و الاسماعيلية	مجلة النور/العدد ١٣٥/٢٠٠٠م
٤٤- اخوان الصفاء فى مجالات علم الجيوليجيا	د. محمد يوسف
٤٥- اصل الشيعة	محمد الحسين كاشف الغطاء
٤٦- الملل والنحل	للشهرستانى
٤٧- الصلة بين التشيع والتصوف	د. كمال الشبيبى
٤٨- العالم الاسلامى في العصر الاسلامى	حسن احمد محمود
٤٩- عجايب المخلوقات والحيوانات	زكريا بن محمد بن محمود القرونى
٥٠- تتمة صيوان الحكمة	ظهرالدين البيهقي
٥١- كتاب اللمع	ابونصر السراج الطوسى
٥٢- الروح النقدية لدى اخوان الصفاء	الموسوعة العربية/٤/٥
٥٣- مێژووى سياسى و ئاينى	گۆڤارى سۆسيولۆژى/٥
	د. كيوان ئازاد
٥٤- دراسات فى تاريخ الفلسفة	ابراهيم مدكورب
٥٥- الرسالة الجامعة	احمد بن عبدالله جعفر الصادق
	تحقيق مصطفى غالب
٥٦- مقدمة لرسائل اخوان الصفاء	ثناء الدرويش
٥٧- اخوان الصفاء عمق التاريخ	موقع انكيدوankido–uslnlmo

٥٨- اخوان اصفاء – هل كانت غاياتهم السعادة القصوى المنتدى الثقافي

٥٩- سلسة علمية نادر البزرى

٦٠- مێژوونامه علی کەندی

٦١- الاجابة في تميز الصحابة ابن حجر العسقلانى

٦٢- اخوان الصفاء (تداعى الحيوان على الانسان) ترجمة بلاتس plats

٦٣- الرسائل للاسماعيلية زكى باشا مقدمة الرسائل القاهرة ١٩٢٨.

٦٤- الروح النقدي لدى اخوان الصفاء عادل العوا–الموسوعة العربية جلد٥/٤.

٦٥- اخوان الصفاء فى تاريخ الفلسفة الاسلامية عمر فروخ تحقيق م.م. شريف

٦٦- الاسماعيليون فى العصر الوسيط فرهاد دفترى ١٩٩٦

٦٧- اخوان الصفاء ورسائلهم عبداللطيف الطيباوى– مجلة الاسلامية

68- The ikhavon al sata and their racial tamiryl – a qealite des /ikhwan alssafa hallanal wafa.

69- f- Shone 0 lo ell du court (Paris – 1950) Ivanovo the alleged founders of islamailism a guide to Ismailia liter a true (London).

70-K0s Guthrie – Pythagoras source book and library Mohammed - toque danishpazhuh (khan – I safe) tibiae the idea of ouidunce.

پێڕست

بەشی یەکەم

لەبەراییدا.........................٩

دەروازە...........................١١

سیستەمی کۆمەڵەکە...............١٦

بەشی دووەم

ئیخوان ئەلسەفا چییە؟.................٢١

پەیامەکان...........................٢٦

دەربارەی کرۆکی پەیامەکان...........٣٣

بەشی سێیەم

ئیخوان ئەلسەفاو ئایین...............٤٥

بەشی چوارەم

ئایینزاوفەلسەفەی ئیخوان ئەلسەفا........٥٧

ئاکاروڕەوشت........................٦١

ئادەمیزاد...........................٦٥

شاری چاکەکاری.....................٧٤

لە ڕووی تیۆری زانستییەوە..............٧٨

فەلسەفە...........................٨٢

بەشی پێنجەم

بۆ زاخاوی مێشك......................٩١

سەرچاوەکان........................١٢٧

دوماهی...

گەڕان بەدوای ڕاستییەکان وەنەبێ هێندە هاسان بێت و هەر زوو بە زوو بگەیتە مەبەست، بەڵکو ماندووبوون و شەونخونییەکی یەکجار زۆری گەرەکە، تا لەلێواریدا خۆت بسوێ و بخزێیتە ناو ناواخنی و لە شتە بچووک و گەورەکاندا بکۆڵیتەوە، بۆ ئەوەی چەمکەکان بە شێوەیەکی سارا مانای خۆیان ببێکن، بەهرەوەمەندای تایبەتیان لێوەربگیرێ تا بە ترۆپکی ئامانج بگەی.

ئەوەی بەردەست ئاکامی ئەو تەوحەیە، کە هەمیشە چاوەڕێی بووم بێتە بەرهەم و بکەوێتە بەر دیدی خوێنەری کورد..

نووسەر

چاپخانەی ڕۆشنبیری

٣٠٠٠ دینار